## منداڵ ئەوشتە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەك دەیبینێت.

# من دەتوانم...

# من دەزانم...

لەم قۆناخەدا قوتابییەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز و هەست بە شتەکانی دەوروبەریان دەکەن، ئەگەر پێت وایە ئەوان ناتوانن، یان نازانن، ئەوا بێگومان بۆچوونەکەت ڕاست نییە. واتە ئەوان لە کۆتاییدا تەنها پێویستیان بە چاودێری و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی تۆ هەیە. هەروەها ئەگەر نەشتوانن ئەوا هەوڵدەدەن، ئەگەر نەشزانن، ئەوا هەر هەوڵ بۆ زانینی دەدەن و کۆڵ نادەن، چونکە لێرەوە قۆناخی سەرکێشیکردنی قوتابییەکان دەست پێ دەکات.

هەتا ئەم قۆناخەش منداڵ بۆ گوزارشتکردن پشت بە هزرو بیری دەبەستێت و ئەگەر شتە ڕاستەقینەکەشی لەبەرچاوبێت، ئەوا بێگومان هانا بۆ هزرو خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆی دەبات و شتە ڕاستەقینەکە فەرامۆش دەکات (ئەو شتە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەك دەیبینێت).

**سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد**
**سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز**
**خالد سليم محمود**
**تایپکردن : شڤان سایر عولا**
**نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز**
**نەخشەسازی ناوەرۆك: شڤان سایر عولا**

چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (٨١٩)، ٢٠١٨، تیراژ: ٢٠٠٠دانە، نرخ: ٢٣٠٠دینار
لە چاپخانەی فەرەج لە هەولێر چاپکراوە

# پەروەردەی هونەر

## بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەت

## ڕێبەری مامۆستا


ئامادەکردنی

م. خەلیل عەلی عەبدولڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس

پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن

د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچوونەوەی زانستی

د. قادر حسێن ساڵح

| ناوەرۆك | |
|---|---|
| بابەت | لاپەڕە |
| پێشەكی | ٦ |
| پێشكار | ٧ |
| ئامانجەكان | ٧ |
| مرۆڤ و زانیاری | ٨ |
| پەیوەندی نێوان سروشتی زانیاری بە پەروەردەی هونەرەوە | ١٤ |
| سەرچاوەكانی زانیاری | ١٦ |
| پەروەردە و زانیاری | ٢٢ |
| قوتابی چۆن زانیاری وەردەگرێت و فێردەبێت؟ | ٢٥ |
| گەشەی هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا (٧ بۆ ٩) ساڵ | ٢٧ |
| قۆناخەكانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای ( ڤیكتۆر لۆنفیلد) | ٢٧ |
| هەستكردن بە شێوەكان، منداڵی تەمەن (٧ بۆ ٩) ساڵ | ٢٨ |
| ئەركی مامۆستای هونەر لەم قۆناخەی تەمەنی منداڵدا، (٧ بۆ ٩) ساڵ | ٣٠ |
| خشتەی پلانی مامۆستا | |
| خشتەی پێشنیاركراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٣٣ |
| تەوەری یەكەم | |
| دەربڕینی هونەری بە نیگاركێشان | |
| وانەی یەكەم | |
| پەیوەندی نێوان هێڵ و شێوە | ٣٨ |
| پلانی فێركاری | ٤٠ |
| وانەی دووەم | |
| پەیوەندی نێوان ڕەنگەكان | ٤٧ |
| پلانی فێركاری | ٤٨ |
| وانەی سێیەم | |
| پەیوەندی نێوان ڕەنگەكان | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| پلانی فێرکاری | ٦٠ |
| چالاکی | ٦٢ |
| هەڵسەنگاندن | ٦٥ |
| **تەوەری دووەم** | |
| **نەخشەسازی** | |
| **وانەی یەکەم** | |
| پێکهاتەکانی نەخشەسازی | ٦٩ |
| **وانەی دووەم** | |
| رازاندنەوە | ٧٧ |
| **وانەی سێیەم** | |
| ڕەنگ و پلە ڕەنگییەکان (تۆنی ڕەنگ) | ٨٤ |
| **وانەی چوارەم** | |
| فروتاج | ٨٩ |
| **تەوەری سێیەم** | |
| **کاردەستی** | |
| **وانەی یەکەم** | |
| لکاندن | ٩٩ |
| **وانەی دووەم** | |
| خوری، دەزوو، داوکاری | ١٠٦ |
| **وانەی سێیەم** | |
| بەکارهێنانی کەرەستەی خاو لە کاری هونەریدا | ١١٠ |
| **تەوەری چوارەم** | |
| **ڕەنگکاری** | |
| ڕەنگکاری بە کەرەستەو شمەکی جیاواز | ١١٦ |
| ئەرکی ماڵەوە | ١٢٤ |
| فەرهەنگۆك | ١٢٥ |
| سەرچاوەکان | ١٤٣ |

## پێشەكی

مامۆستای بەڕێز، ئەم پرۆگرامە لەم قۆناخەی تەمەنی منداڵدا وردەكاری زۆرتری تێدا كراوەو باشتر ڕۆچۆتە ناو باسەكانەوەو كەمێكیش ئاستی باڵاترە لە پرۆگرامی پۆلی دووەم، چونكە منداڵەكان لە ڕووی جەستەیی و ئەقڵییەوە گەشەیان كردووەو توانای تێبینی كردن و سەرنجدانیان باشتر بووە لە ڕابردوو. بۆیە تۆش دەبێت سەرەتا لە بەشی (پێشكار)ەوە باسەكە بخوێنیتەوە، تا بزانیت ئەو منداڵەی مامەڵەی لەگەڵدا دەكەیت چۆن بیردەكاتەوە؟ چۆن مامەڵە دەكات؟ حەز بە چی دەكات؟ ئەگەر نا لەكاتی جێبەجێكردندا تووشی سەرئێشەی زۆر دەبیت و بە ئاستەم دەتوانیت بەسەر كێشەكاندا زاڵبیت.

واتە مامۆستای ئازیز، پێویستە پێش هەر تەوەرێك، یان هەر وانەیەك بابەتەكەت بە وردی خوێندبێتەوە، دواتر بچیتە بواری جێبەجێكردن، چونكە هەموو ڕێكارە پەروەردەیی و هونەری و زانستیی و ئەكادیمییەكانت بۆ ڕوون كراوەتەوەو هەنگاو بە هەنگاو شیكراوەتەوە، لەسەر تۆش پێویستە جێبەجێیان بكەیت و دەشتوانی بیرۆكەو خەیاڵكردنی خۆشت تێكەڵی كارو چالاكییەكان بكەیت بەو مەرجەی كارنەكاتە سەر سیستەمی پرۆگرامەكەو نا هاوسەنگی نەكات. كەواتە بیرت نەچێت هەموو چالاكییەكان لەئاستی توانستی ئەقڵی و جەستەیی قوتابییەكاندایەو نابێت تۆش زیادەڕەوی تێدا بكەیت، چونكە ئێمە نامانەوێت ئەم منداڵانە بكەینە ‹‹هونەرمەند››، بەڵكو تەنها دەمانەوێت ئاستی جوانناسی و دنیابینیان بۆ دەوروبەریان پێشبخەین، تا پشت بەخۆیان ببەستن و بزانن چی لەدەوروبەریان دەگوزەرێت؟ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەمانەوێت ئاستی زانیاری و خەیاڵكردن و هزری منداڵەكان بەرەو كرانەوەو باشترین بەرین، بەڵام بە هێواشی و هەنگاو بە هەنگاو كارمان لەسەر كردووەو نامانەوێت لە ‹‹پڕێك بیانكەینە كوڕێك››. هەربۆیە، پێویستە پرۆسەكە بە هێواشی بەرەو پێشەوە بەریت و هەڵەشەیی نەكەیت لە جێبەجێكردندا و پلان دابنێ بۆ هەموو چالاكی و تەوەرەكان و ئێمەش خشتەی ئامادەمان بۆ هەر دوو پلانەكە ئامادەكردووە.

لە كۆتایی هەر وانەیەكیشدا خشتەی هەڵسەنگاندنت بۆ ئامادەكراوە، لەبەر ئەوە خشتەكە بخوێنەوەو تێبینی و سەرنجەكانت لە كاتی چالاكییەكاندا پێكبگرەو دواتر پڕی بكەوە، بۆ ئەوەی لەسەر هەموو قوتابییەكان پراكتیزە بكرێ، ئنجا وانەكە بە گشتی سەرنجی نوێت بۆ دروست دەكات و پاشان پلانی نوێی لەسەر دابڕێژەوە، چونكە بیرت نەچێت، تا هۆكاری كێشەكان نەدۆزیتەوە، نابێت چارەسەریان بكەیت. بۆیە دڵنیام تۆی دڵسوزو ماندوو، ئەوە بۆ قوتابییەكانت دەسەلمێنیت و لە كۆتاییشدا مامۆستایەكی خۆشەویست و ڕەزا سووك دەبیت لەبەردەمیانداو وەك یادگارییەكی خۆش لە بیرەوەریەكانییاندا دەمێنیتەوە.

م. خەلیل عەلی

## پێشکار:

قوتابی لە قۆناخی سێیەمی بنەڕەتی، هەنگاوێکی تر دەهاوێت و تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەڕوات. کەواتە مامۆستای پەروەردەی هونەر پێویستە ئاگاداری ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم منداڵانە بێت و شێوازی گفتوگۆو مامەڵەکردنییان بگۆڕێت و بەهەمان شێوازی پۆلی دووەم ڕەفتار نەکات. کەواتە پێویستە مامۆستا لەم قۆناخەدا باش لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ تێبگات و بۆ ئەم تێگەیشتنەش مامۆستا پێویستی بە زانینی زانیاری بنەڕەتی دەبێت، کە پێویستن وەك بنەماییەکی سەرەکی بۆ گەیاندن و بنیاتنانی پرۆگرامێکی پەروەردەیی، تا بیرو هزرو ئاگایی خۆی لەسەر هەڵچنێ.

بۆ گەیشتن بەم کارەش، پێویستمان بە نەخشەڕێگایەکی بنەڕەتی و سەرەکی دەبێت، تا مامۆستا لە (ئاگاییدا) بهێڵێتەوەو هۆشیارو چاوکراوە بێت لە بەرانبەر:

یەکەم: بە پرۆگرامەکە.

دووەم: بە قوتابییەکان.

سێیەم: بەو ئامانجانەی بۆی تێدەکۆشێت.

## ئامانجەکان

**دوای ئەوەی مامۆستا سەرتاپا پرۆگرامە هونەرییەکە دەخوێنێتەوە، تێدەگات، کە پێویستە تێبکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە:**

١- پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر شارەزای بنەما زانیارییەکانی وانەکەی بێت.

٢- پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر شیکاری زانیارییەکان بکات و پاشان کار بکات لە پێناو ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردنی پێکهاتەکانی وانەکە.

٣- پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر زانیارییە پێویستەکان هەڵبژێرێت بە پێی سروشتی کارەکە.

٤- دەبێت مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەوە لەبەرچاوبگرێت و بزانێت، کە ڕێکخستن و گونجاندنی وانەی پەروەردەی هونەر لەگەڵ باری دەروونی قوتابییەکاندا کارێکی لەپێشینەو گرنگە.

٥- مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر، وانەکەی دەگونجێنێت لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی منداڵەکاندا.

٦- پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر بە وردی سیستەمی کاراکردنی زانیارییەکان شیبکاتەوەو پێکیان بگرێت و پاشان جیاوازییان بکات لەنێوان پێکهاتە بەردەستییە هونەرییەکانی تردا.

٧- پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر بە وردی بابەتە فێرکارییەکان هەڵبژێرێت لە جیاتی ئامانجە پەروەردەییەکان.

## ناوەڕۆك

بۆ ئەوەی مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر بتوانێت ئامانجەکانی بەدەستبێنێت، پێویستە بابەت و تەوەرەکان بەوردی بخوێنێتەوە، کە پێوەستن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، وەك:

- چەمکی زانیاری و مرۆڤ.
- سروشتی زانیاری و پەروەردە.
- سەرچاوەکانی زانیاری.
- سیستەمی زانیاری و شێوازی فێربوونی پێکهاتە جیاوازەکان.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێت چاومان بخەینە سەر بنەما زانیارییەکانی پرۆگرامی هونەرو سروشتی زانیارییەکانی شیبکەینەوەو پاشان پێگەی کاری بۆ دیاری بکەین و ئەو پەیوەندییە دەستنیشان بکەین، کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەکان، ئنجا بە گشتی پرۆسە کردارییەکە لە بەرچاو بگرین و پاشان و بە تایبەتی چاومان لەسەر وانەو پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بێت.

## مرۆڤ و زانیاری

ئەگەر تێبینی بکەین (زانیار)[1] ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، هەروەها یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریدەهێنێت. کەواتە زانیار، یەکێکە لە

---

١ (زانیار) لە بەرانبەر وشەی عەرەبی (المعرفة) دانراوە. هەروەك مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبی زاراوەسازی پێوانە، لاپەڕە ١٨ و ٢٢دا دەڵێت: وشەی ‹‹زانیار›› بەسەر، ‹‹زانین››، ‹‹زانست›› دا هەڵاوێردرا بە هۆی ئەوەوە کە لە ڕیژەی زانیار، بڕیار، پرسیار، کردار، گوتار... دا لایەنی ‹‹تجرید›› بەهێزترە تا ‹‹زانین›› هەرچی ‹‹زانست››ە بۆ Science دەڕوات کەچی ‹‹کوڕ›› بۆ زمان و ئەدەب و زانست و مێژوو و هەموو لکەکانی هەموو ڕۆشنبیری پەل دەهاوێت. ‹‹زانیار›› خزمی ‹‹معرفە›› یەو پتر لەگەڵ ‹‹مصدر میمی›› دا ڕێك دەکەوێت کە بڵێین ‹‹کوشتار››، واتای ‹‹مقتلە›› مان بە بیردا دێت نەك ‹‹قتل››. هەندێك وەها دەزانێ ‹‹زانیار›› ناوی کارا ‹‹اسم فاعل›› بێت ئیتر کە

پێداویستییەکانی مرۆڤ و مافی ئەوەشی هەیە، کە بزانێت و زانیاریش کۆبکاتەوەو پێشی بگات، پاشان هەموو ئەم زانیارییانە کاریگەری لەسەر لایەنە ویژدانی و ڕۆحی و ئەقڵی و لەشی و داهێنانەکی خود دروست دەکەن. ئیدی لێرەوە توانا خۆییەکانی مرۆڤ گەشە پێدەدات و بە زانیاری دەتوانرێت گەشە بە کەلتوری مرۆڤایەتی بدرێت و دواتر ئەم زانیارییە دەبێتە بنەمایەك بۆ ((شارستانییەتەکەی، ئامرازی گەیاندنی پەیامەکەی))، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە گەورەیی مرۆڤ.

زانیاری بە یەکێك لە بنەماکانی گەشەی زیرەکی مرۆڤ دادەنرێت، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەکی باش بۆ هەڵچنینی شارستانییەت و گەشەپێدان و پێشخستنی ژیان لەسەر ڕووی زەمین. هەر لەبەر ئەوەشە زانیار یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی پەرەپێدان و پەروەردەکردنی مرۆڤ. لەبەر ئەوە زانیار پێگەی یەکەمی داگیر کردووە لە هەر فەلسەفەیەکی پەروەردەیی و سیستەمێکی پەروەردەییدا، تا زانیار ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لە پرۆسەی پەروەردەدا بگێڕێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان خزمەت بە مرۆڤ بگەیەنێت و ئەویش خزمەتی پێ بکات لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

بەڵام هەندێك ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، وەك بنەمایەك، یان وەك کارێکی ڕاستەقینە، کە لە ڕاستیدا زانیار هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییەو وای دەبینن، ئەگەر ئامانجی پەروەردە بریتیبێت لەوەی کە مرۆڤەکان کوێرانە وەدووکەون، بێئەوەی شێوازێکی دیاریکراو هەڵبژێرن لە ڕەفتارکردن، بۆیە ئەگەر بەم شێوەیەبێت، ئەوا ئەم شێوازی کارکردنە دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدارو لە دواییشدا هیچ بەهایەکی نامێنێت. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە، کە وا گرنگی زانیار لای مرۆڤ وا دەکات ئامانجەکانی پەروەردە بە پێشکەوتویی بهێڵێتەوەو لە بەرانبەر بۆچوونە کۆنەپەرستەکان و هەڵەکاندا چۆك دانەدات، بەڵکو ڕووبەڕوویان بێتەوە.

---

گوترا ((زانیاری)) گۆیا دەبێتە ناوی مەعنا کەچی ((زانیار)) خۆی ناوی مەعنایە بە لێ زیاد کردنی ((ی)) دەبێتەی ڕێژەی نسیبەت. وشەی ((دزیار)) دەبێتە ((دزیاری)) ئنجا لەکاردێت چونکە ناشیێ بڵێین: ئەو ماڵە دزیارە. زۆر کەس لە خوێندەواران وەها دەزانن بەختیار، هۆشیار، جوتیار، زانیار، نووسیار، هەموویان صیفەتن کەچی بەختیار، هۆشیار، جوتیار، لە ((بەخت + یار)) ، ((جوت + یار))، ((هۆش + یار))، بونەتە ((صفە)). هەرچی ((زانیار، بڕیار، نووسیار، پرسیار)) ە ڕەفیقی ((کردار، ڕەفتار، گوتار)) ە لێ زیاد کردنی ((ار)) ی ناوی مەعنا.

http://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/ZarawesaziyPeewane.pdf

– هەروەها (پ.ی.د. عەتا ڕشید حسێن) پێی وایە، کە ((زانیار)) بۆ ((کەس)) دەبێت، بەڵام ((زانیاری)) بۆ بابەتەکە دەبێت، بۆیە ئەو پێی وایە ((زانیاری)) بۆ ((معرفة)) گونجاوترە. بۆ نموونە: ((جوتیار)) بۆ ((کەس)) ەکەیە. وەکو: من ((جوتیارم))، بەڵام ((جوتیاری)) بۆ جۆری کارەکەیە. واتە ((فەلاحەت)).

پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ئەوە بزانێت، کە هەندێك لە مرۆڤەکان هەر لە بنەچەدا شەڕخوازن و ئەو زانیاریانەی بەدەستی دەهێنن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، دواتر بە شێوەیەکی خراپ و دوور لەداب ونەریت دژی کەسانی تر بەکاریدەهێننەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم جۆرە مرۆڤانە هەمیشە بە نەزان و پاشخانێکی وێرانبوو دەمێننەوە. هەندێکی تریش پێیان وایە، نابێت زانیار پێگەی یەکەم داگیر بکات لە سیستەمی پەروەردەدا، بەتایبەت کاتێك ئامانجەکانی لەسەر بنەمای سۆزداری دادەڕێژرێت، بۆیە ئەوکاتە پێویستە لە پێگەی دووەمدا بێت، نەك یەکەم. ئەگەر پێمانوابێت زانیار هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ئامانجە گەشەی ئەقڵی و مەنتیقی، زیاتر لە ئامانجە گەشەی سۆزداری، ئەوا زانیار بە زیندوێتی دەمێنێتەوە لە ڕوانگەی هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا پەیوەست دەبێت بە ژیانی مرۆڤەوە. هەر لەبەر ئەوەشە زانیار، وەك بنەمایەکی پەروەردەیی پێویست تەماشا دەکرێت، بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، یان ژێرخستن و شکست پێهێنانی ئەم پرۆسەیە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، کە پێویستە پەی بە زانیار بەرین و لە بارەی زانیارەوە بزانین کە:

- ئایا سروشتی ئەو زانیارە چییە؟
- سەرچاوەکەی لە کوێیە، یان لەکوێ سەرچاوەی گرتووە؟
- چۆن و بەچ ڕێگایەك بەدەستی بهێنین؟
- پاشان چۆن لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بیخەینە ناو پرۆسەی پەروەردەوە؟ تا ببێتە کەرەستەیەکی بەردەستی قوتابی و پاشان زانیارەکە بەکاربهێنێتەوە لەکاری باش و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری و مرۆڤایەتیدا.

## یەکەم: سروشتی زانیارو پەروەردە:

مەبەست لە سروشتی زانیار چییە؟ پەیوەندی سروشتی زانیار بە پەروەردەو هونەرەوە چییە؟ لێرەدا نامانەوێت سروشتی زانیارو پەروەردەو هونەر لێکجیابکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێت مامۆستای وانەکە ئەوە بزانێت، کە پەیوەندی هەرسێکیان بەیەکەوە، پەیوەندییەکی ڕاست و دروستەو لێك ئاڵاون و ناتوانین لێکیانجیابکەینەوە، چونکە مامۆستای بێسەوادو کەم زانیار، هەمیشە وانەکەی پڕکێشەو گرفتە، چونکە ناتوانێت بە زانیاری کەم وانەیەکی پڕبایەخ و پێچ و پەنای وەك وانەی پەروەردەی هونەر بڵێتەوەو چالاکییەکان بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدات. کەواتە پێویستە ئەوە بزانیت، کە سروشتی زانیار وەستانە لەسەر شێوازی بەکارهێنانی ئەو زانستەی

لەبەردەستتدایە. واتە چۆن دەتوانی وەك مامۆستایەك هاوسەنگی دروست بکەیت لەنێوان پێدەرو وەرگردا، تا زانیارییەکانی لێ تێکەڵ و پێکەڵ نەبێت و سەرلێشێوان لای قوتابییەکان دروست نەکات و سنورێکیش بۆ وەرگر دابنێت، تا نەیخاتە دۆخی پەشۆکانی دەروونی و ماندووبونی لەشەکی و ئەقڵییەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە زۆرێك لە بیرمەندان و توێژەران لەسەر ئەو باوەڕە بۆچوونی جیاوازییان لا دروست بووە لە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی سروشتی زانیار، کە ئەمانەن:

١. ئاڕاستەیەك پێی وایە سروشتی زانیار پوختەیەکی بابەتییە.

٢. ئاڕاستەیەکی تر پێی وایە سروشتی زانیار خۆییە.

٣. ئاڕاستەیەکی تر پێی وایە سروشتی زانیار پێکهاتەیەکی جیاوازە لە نێوان خۆیی و بابەتدا.

٤. بەڵام ئاڕاستەیەکی تر پێی وایە سروشتی زانیار پێکهاتەیەکی جیاواز نییە لە نێوان بابەتی و خۆییدا.

کەواتە بۆچوونەکان جیاوازن لەسەر پرۆسەکە، بەڵام مامۆستای پڕ زانیارو خاوەن ئەزموون و ئارەزوو، دەتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەو گرفتانەی دێنە ڕێگەی لەناو پۆلدا. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانیت، کە قوتابییەکان تەمەنیان گەیشتۆتە (٩ساڵ). کەواتە ئاستی زانیارییان هەڵکشاوەو منداڵەکەی پۆلی یەك، یان دوو نین. بۆیە لەسەر مامۆستای کارزان و زانا پێویستە بە وریایی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا بکات و بەهەڵە هیچ زانیارییەکی لەدەمەوە نەیەتەدەر، چونکە ڕوودانی هەر هەڵەیەك پەرێشانی و شڵەژانی زانیاری لای قوتابی دروست دەکات و قوتابییەکانیش دەخاتە گومانەوە، بەمەش سەرتاپای پرۆسەکە ئیفلیج دەکات و بۆی هەیە پرۆگرام و زانیارییەکان لە هۆش و بیری قوتابییەکاندا لێکهەڵوەشێنێ.

## ١. سروشتی زانیاری پوختەیەکی خۆییە:

خاوەندارانی ئەم چەمکە پێیان وایە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری هەوڵەکان کەوتوونەتە سەر کەسەکە، ئایا تا چەند هەوڵ دەدات بۆ بەدەست هێنانی زانیاری؟ کەواتە بۆ بواری هونەریش هەمان بۆچوون ڕاستە. واتە، تا چەند قوتابییەکان ئارەزووی بەدەستهێنانی زانیاری لە بواری هونەر دەکەن و حەز دەکەن ببنە بەشێك لەو زانیارییەو پاشا لە بواری کرداریدا بەکاری بهێننەوە. لەڕاستیدا پرۆسە گرنگەکە ئەوەیە، تا چەند قوتابییەکان دەتوانن زانیاری بەدەستهاتوو لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی هونەری ڕووتدا بخەنەوە گەڕو لە ئاستێکی جوانناسیدا کارەکە پیشان بدەنەوە. ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر مامۆستای داناو کارزان، بەو واتایەی مامۆستا ئاڕاستەکەری زانیارییەکانەو قوتابییش

جێبەجێکەرو لەهەمانکاتیشدا زانیارییە خۆییەکانی تێکەڵ بە کارەکە دەکات و بیر لە پیرۆکەو خەیاڵکردنی خۆیی دەکاتەوە. بەم شێوە کارکردنەی قوتابییەکە، ئەوا هزری فرە دەبێت و ئاستی جوانناسیشی باڵا دەکات.

## ٢. سروشتی زانیاری پوختەیە:

خاوەندارانی ئەم چەمکەش پێیان وایە زانیاری بابەتییە، چونکە پیرۆکەی شتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی هەستپێکراو، نەك بگەڕێتەوە بۆ خودی هەستپێکەر. واتە زانینی زانیاری لای قوتابییەکە هیچ کاریگەرییەکی نییە، چونکە قوتابییەکە زانیارییەکان لەو کەرەستەو شمەکانە وەردەگرێت، کە لەدەوروبەریدا هەن. بەپێی ئەو کەرەستەو شمەکانەی لە بەردەستیدان قوتابییەکەش وردە وردە هەوڵدەدات لێیان تێبگات و دەستیان لێبدات و پاشان بەکاریان بهێنێت، هەروەك کەرەستەو شمەکە هونەرییەکان. بە واتایەکی تر، ئەگەر مامۆستا باسی (پالێت)ی بۆ بکات، ئەوا باسکردنەکە هیچ بەهایەکی نییە، بەقەد ئەوەی قوتابییەکە خۆی پالێتەکە بەدەستەوە بگرێت و دواتر بۆ هەتا هەتایە ناوو شێوەو تەکنیکی بەکارهێنانی پالێتی بیر ناچێتەوەو لە خەیاڵیدا دەچەسپێ. ئەوە سروشتی بەدەستهێنانی زانیارییە لای منداڵ لەم قۆناخەی تەمەنیدا. لە کۆتاییشدا پاش بەدەستهێنانی کەرەستەکان، قوتابییەکان هەوڵدەدەن هەموو شمەکەکان لە خزمەتی کارە هونەرییەکەی خۆیان بەکاربهێنن و بابەتی کارە هونەرییەکەی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن.

## ٣. سروشتی زانیاری، پێکهاتەیەکی جیاوازی نێوان خۆیی و بابەتییە:

لایەنگرانی ئەم چەمکە، دەڵێن زانیاری خۆیی جیاوازی هەیە لەگەڵ خودی بابەتەکە، واتە هەردووکیان دوو کارو فرمانیان هەیەو لە واتاشدا جیاوازن. بەو مانایەی سروشتی زانیاری لە کەسەکەدا هەیەو لە هەمانکاتیشدا پەیوەستە بە بابەتەکەوە. لەهەمانکاتیشدا دەتوانین هەردووکیان لێکجیابکەینەوەو ئەرك و فرمانی هەریەکەیان بەجیا دەربخەین. بۆنموونە: ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە ‹ئەم درەختە بچووکە، سەوزو جوانە› ئەم زانیارییە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی درەختە سەوزو بچووکەکە، چونکە تایبەتمەندی درەختێکی بچووك و جوان پیشاندەدات و ناسراوەو بینراوە. لە هەمانکاتیشدا داڕشتنی ڕستەکە بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك و کارزانانە بۆخۆی وەستاییەکی باش و لێزانی دەوێت، تا بە شێوەیەکی جوان واتاکە ڕوون بکاتەوە. ئەم هەستپێکردنە دەگەڕێتەوە بۆ لێزانی و ژیری کەسی بینەر، نەك درەختەکە. چونکە بەرزی درەختەکە و جۆری ڕەنگەکەی، بەشێکن لە پێکهاتەیەکی بابەتی و خۆیی. ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستای

پەروەردەی هونەر گرنگە ئەوەیە، کە پێویستە ئەوە بزانێت، کە ئەوە ئەقڵە هەست بە شتەکان دەکات لەڕێگەی هەر پێنج هەستەوەرەکانەوە، هەر ئەقڵیشە ئەو جیاوازییە دروست دەکات. کەواتە لەسەر مامۆستای کارزان ئەوەیە، کە بوار بداتە قوتابییەکان، تا بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە دەربڕین لەو شتانە بکەن، کە لەڕێگەی هەستەکانیانەوە هەستی پێدەکەن و پاشان دەربڕینی لێبکەن، لەڕێگەی کاری هونەرییەوە. بەم جۆرە تواناو ئاستی جوانناسی قوتابییەکان و لایەنی جیاکاری و جیاوازی کردنیان بۆ شتەکانی دەوروبەریان پێشدەکەوێت.

## ٤. سروشتی زانیاری ڕێژەییە:

خاوەندارانانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە سروشتی زانیاری لە ڕێگەی پێکهاتەی کەسی و بابەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و ناتوانین لێکیانجیابکەینەوە، چونکە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی ترە بۆ دروستکردنی زانیاری، هەر لەبەر ئەوەشە سروشتی زانیاری ڕێژەییەو پەیوەستە بە هەستپێکردنی خودی مرۆڤ و بابەتەکەوە. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: ‹ ئەم درەختە بچووکە سەوزو جوانە› ئەوا ئێمە چەمکی شت و زاراوەسازی لێکدەدەین، تا بە دەربڕینەکەمان بەشێوەیەکی زارەکی گوزارشت لە بابەتەکە بکات. ڕاستە ئەوە کارێکی خۆیی تەواو نییە، بەڵام پەیوەندییەکی باش هەیە لە نێوان شتەکان و پاشان بیرۆکەو زمان یەکدەگرن و دەستەواژەیەك دروست دەکەن، یان پێکەوە خۆیان دەسازێنن. هەر لەبەر ئەوەشە، کە بچووکی درەختەکە شێوەیەکی هەستپێکراوی خەیاڵی نییە، بەڵکو هەر بەڕاستی درەختەکە خۆی لە قەبارەدا بچووکە. کەواتە تایبەتمەندییەکانی درەختەکە بچووکەو سەوزە.

ئەوەی لەم باسەدا بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە، کە زانیارییەکان و هەستپێکردنی زانیارییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێن، چونکە هەموو کەسەکان وەکو یەك هەست بە دەوروبەریان ناکەن، ئاستی بینین و جیاکارییەکا ن لە قوتابییەکەوە بۆ قوتابییەکی دی جیاوازەو هەمووان وەکو یەك شتەکان نابینن. کەواتە بۆ زانینی زانیاریش هەمان پێوەر ڕاستەو ئاستی تێگەیشتن و هەستپێکردنیش لە قوتابییەکەوە بۆ قوتابییەکی دی جیاوازەو پێویستە مامۆستای کارزان هەست بەوە بکات. بۆیە کاتێك لە وانەی کرداریدا قوتابییەك لە قوتابییەکی تر باشترو خێراتر هەست بە شتەکان دەکات و زووتر کارەکەی ئەنجام دەدات، ئەوا کارێکی زۆر ئاساییە، چونکە هەندێك لە قوتابییەکان باشترو خێراتر لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا تێکەڵ دەبن و زووتر ئاشنایەتی پەیدا دەکەن. بۆیە لەکۆتاییدا پێکگرتن و هاوسەنگی دروست دەبێت لە نێوان هەستپێکردن و زانیارییە

ژێرییەکاندا، یان لەگەڵ هەستەکاندا، هەموو ئەوانەش لەڕێگەی تاقیکردنەوەو ڕاهێزانەوە لە باشترەوە بۆ باشترین دەچن.

## پەیوەندی نێوان سروشتی زانیاری بە پەروەردەی هونەرەوە:

دوای ئەوەی هەستمان بە واتای زانیاری کرد و لە سروشتەکەی تێگەیشتین، ئەوا لێرەدا دەتوانین سوودەکانی ((زانیاری)) بە گشتی بخەینە خزمەتی پرۆسەی پەروەردەوە، ئنجا پەروەردەی هونەر بە تایبەتی. چونکە کۆمەڵێك واتاو ئاماژەو بابەت لەخۆدەگرێت، کە ڕاستەوخۆ سوود بە پرۆسەکە دەگەیەنێت و قوتابی دەتوانێ لەڕێگەی ئەم چەمك و دەستەواژە هونەرییانەوە باشترو چاکتر لە بابەتی هونەر تێبگات. دەبێت ئەوەمان بیربێت، کە قوتابی وردە وردە زانیاری کۆدەکاتەوە، جا پێویستە ئەم زانیارییانە لە خزمەتی وانە هونەرییەکەدابێت و لە وانە پراکتیکییەکەدا ڕاڤەبکرێت و گفتوگۆی پێ بکرێت، تا قوتابییەکان شتەکانی پێ بناسنەوە. جا ئەم شتانە بەرجەستە بن، یان بەرجەستە نەبن (مەتریاڵ، یان ئایدیاڵ). لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەدا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدەین لەسەر ئەم باسە، بەتایبەت پەیوەندی نێوان سروشتی زانیاری بە پەروەردەی هونەرەوە:

---

**١- ئەگەر وا تێگەیشتووی، کە سروشتی زانیاری لە نێوان (خۆیی و بابەت) دا، بابەتییەکی تەواوە، ئەوا:**

أ- پێویستە ئەو کەرەستەو شمەکانەی لە جیهانی دەرەوەدا هەیە، بەسترابنەوە بە پرۆگرام و توانا خۆییەکانی مامۆستا، پاشان قوتابییەکانەوە. چونکە بۆ هەردوولا هەستەکان، ئنجا شتە بینراوەکان گرنگن.

ب- پێویستە مامۆستا ڕاهێنان، پاشان ڕاهێزان بە ئەقڵی قوتابییەکان بکات لەسەر شمەکە دەرەکییەکان، دواتر ((پرۆسە ئەقڵییەکان)) بخاتە ژێر چاودێرییەوە، تا بزانێت قوتابییەکان چەند فێربوون؟ و چەند دەزانن؟

ت- پێویستە چاوی مامۆستا لەسەر ئاستی فێربوونی قوتابییەکان بێت، بۆ ئەوەی بزانێت قوتابییەکانی، تا چەند دەتوانن سەرنج و تێبینی بکەن بۆ شمەکەکانی دەوروبەریان، بۆ ئەوەی قوتابییەکان هاوسەنگی دروست بکەن لە نێوان شمەکە هەستپێکراوەکان و ئەو زانیارییانەی هەیانە، کە لەڕێگەی ڕاهێنان و ڕاهێزانەوە بەدەستیان هێناوە.

**٢- ئەگەر واتێگەیشتووی سروشتی زانیاری خۆییەکی تەواوە:**

أ- ئەوا گەشەی زانیاری لە ناوەوەی بیر و ویژدانی قوتابییەکاندا ڕوودەدات و پاشان دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاسا خۆییەکانەوە. بەو واتایەی ناکەوێتە ژێرکاریگەری دەرەکییەوە.

ب- پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر چاوی لەسەر گەشەی ئەقڵی و بیرو وێناکردن و خەیاڵکردنی قوتابییەکان بێت، وا لە قوتابییەکان بکات لە وانەکەدا ئەقڵیان بخەنەکارو هەست بە دەوروبەریان بکەن.

ت-زۆر گرنگە مامۆستا گەشە بە ئەزموونی خۆیی و توانا کەسییەکانی قوتابییەکان بدات و ئەو توانا شاراوانە فەرامۆش نەکات و بواریان بۆ بڕەخسێنێت، تا قوتابییەکان بتوانن گوزارشت لەخۆیان بکەن، چونکە ئەوە بزانە قوتابی لەو تەمەنەدا هەستە شاراوەکانی زۆرترن، وەك لە هەستە ئاشکراکانی.

٣- ئەگەر واتێگەیشتوی، کە سروشتی زانیار لە دوو پێکهاتەی خۆیی و بابەتی جیاواز پێکهاتووە، یان پێکەوە گرێدراون، ئەوا پێویستە پەروەردەی هونەر بەم شێوەیە ئاڕاستە بکرێت:

أ- پێویستە مامۆستا پرۆگرامەکە ببەستێتەوە بە بابەتی جیهانی دەرەوە، واتە (لێکبەستن و پێکگرتن)، دواتر گەشە بە هێزو توانا ناوخۆییەکانی قوتابییەکان بدات، بۆ نموونە: ((پاڵنەرو گرنگیدان، هەست وسۆزو زیرەکی، وێناکردن و هەستپێکردن)) بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروستببێت لە نێوان قوتابی و جیهانی دەرەوەدا.

ب- پێویستە مامۆستا وانەی پەروەردەی هونەر بخاتە خزمەتی گەشەپێدانی تواناو ئەزموون و لێهاتوویە تاکییەکانی قوتابی، پاشان ئەم گەشەپێدانە ببەستێتەوە بە گەشەپێدانە دەرەکییەکەوە. بۆ ئەوەی قوتابییەکان هێزو توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی جیهانی دەرەوە بەمەبەستی زۆرکردنی زانیاری نوێ.

ت- پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر شێوازو ڕێگای باش و ئاسان هەڵبژێرێت، تا بە شێوەیەکی سادە زانیارییەکان بە قوتابییەکان ئاشنا بکات و نابێت

کارەکەیان لێ ئاڵۆزو سەخت بکات، چونکە بیرت بێت توانای ژیری و ئەقڵی و لەشەکی قوتابییەکان لەم تەمەنەدا سنورداره.

## سەرچاوەکانی زانیاری:

چەند سەرچاوەیەك هەیە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، وەك:

١- **سەرچاوەی وەحی یان خوایی:** لەڕێگەی وەحییەوە مرۆڤ زانیاری وەردەگرێت، وەك نموونەی پێغەمبەران (د.خ).

أ- لەڕێگەی نادیارەوە مرۆڤ کۆمەڵێك زانیاری پێ دەگات، کە ئەو زانیارییانە لەتوانای مرۆڤدا نین.

ب- هەروەها لەڕێگەی ئەم زانیارییانەوە کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت و کار لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات.

ت- مرۆڤ لەڕێگەی سروشەوە ئارەزووی بۆ مادە کەم دەبێتەوەو ڕوو لە باوەڕداری دەکات و هێزی عەقڵانی پەرەدەستێنێ و دژی لایەنی مادی دەوەستێتەوە.

٢- **هێزی ئەقڵی:** لێرەدا ئەقڵ خۆی تاودەدات، چونکە لە بنەڕەتدا خۆی ئامادەکردووەو خۆی بە سەرچاوەی زانیارییە سەرەتاییەکان دادەنێت، چونکە ڕاستگۆیە لەگەڵ شتە ڕاستییە بینراوو زانراوەکاندا. هەر لەبەرئەوەشە هەندێك پێیان وایە زانیاری سەرەتایی لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە بەدەست نایەت، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا لە مرۆڤەکاندا هەیە، هەر لەبەرئەوەشە ئەم ئاڕاستەیە پشت بە ئەقڵ دەبەستێت زیاتر لەهەر پێنج هەستەوەرەکان. چونکە مرۆڤ لەناوخۆیدا بیردەکاتەوەو هەر لەگەڵ خۆیشیدا ڕاڤە دەکات و پاشان دەگاتە کۆمەڵێك ئەنجام، ئەم ئەنجامەش زانیارییە نوێکەیە، کە لە دوای ڕاڤەکردن لەگەڵ خۆیدا پێی گەیشتووە، نەك لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە. (بیرکردنەوە ⟵ ئەنجامی بەدەستهاتوو).

ئەگەر ئەقڵ هاوبەشی بکات لە هەستەکاندا، ئەوا کۆمەڵێك سوود دەگەیەنێت بە قوتابییەکان لە کاتی پرۆسەی پەروەردەی هونەردا، لەوانە:

أ- ئەقڵ فرمانی هەستەکان جێبەجێ دەکات، ئەمەش لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی تێبینی و ڕێنمایی کردن بە شێوەیەکی سوود بەخشانە لە لایەن مامۆستاوە.

ب- ئەقڵ بەشێوەیەکی پڕۆگرامی کاردەکات و بیردەکاتەوە، تا هەستەکان بە باشی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و دوور بکەونەوە لە کاری هەڕەمەکی. بەمەش ئاستی تێبینی کردنی ڕێکخراو باشتر دەکات.

ت- ئەقڵ لەسەر پاشخان و ئەزموونی بەدەستهاتووی ڕابردوو، مرۆڤ ئاڕاستە دەکات، تا ژیانی خۆش و پڕ لە کامەرانی بکات.

پ- ئەقڵ هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هاوسەنگی لە نێوان هەستەکاندا، لەپێناو هەڵچنینی شێوازێکی نوێ لە بیرکردنەوەو خەیاڵکردن.

کەواتە لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەرە، کە ئاستی بیرکردنەوەو خەیاڵکردنی قوتابییەکانی فەرامۆش نەکات و بە گفتوگۆی بێکەڵك و بێ سەروا قوتابییەکان پەرێشان نەکات و نەیانخاتە خانەی هەراسانکردنەوە، چونکە قوتابی لەم قۆناخەدا زۆر حەز دەکات سەرکێشی بکات و خۆی لە کارەکان هەڵقورتێنێ. بێگومان هەموو ئەم کارانەش لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاری نوێ و بیرۆکەی نوێ و ئەزموونکردنی نوێیە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك زانیاری و شت، کە لەمەوپێش نەبیستونی و نەدیتوونی و نەدەستی لێداون و نەتام و بۆنی کردوون. کەواتە منداڵ سەرکێشی دەکات و ئەقڵی بەکار دەخات لەپێناو بەدەستهێنانی شتی تازەدا.

٣- **هەستەکان:** هەستەکان بە یەکێك لە سەرچاوە زۆر گرنگەکانی بەدەستهێنانی زانیاری دادەنرێت، چونکە لە ڕێگەی ((تامکردن، بۆنکردن، دەستلێدان، بینین، بیستن)) ـەوە مرۆڤ زانیاری کۆدەکاتەوە لەڕێگەی کۆئەندامی دەمارەکانەوە دەگات بە مێشك، تا مێشکیش هەڵوێستە لەسەر زانیارییە وەرگیراوەکان بکات. بۆیە مرۆڤ بە بێ بوونی هەستەکان ناتوانێت زانیاری بەدەست بهێنێت. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی فێربوون و پەرەپێدان و درێژبوونەوە لەناو ژینگەی دەوروبەریدا توانستە زانیاریی و کارزانییەکان بەدەستبهێنێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایە ((هەستەکان، ڕێنیشاندەری سەرەکین بەرەو بەدەستهێنانی ڕاستییەکان)).

- ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین لەڕێگەی هەستەکانەوە زانیاری بەدەستدێت، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەیەو بۆخۆی ژینگە وروژێنەرە بۆ منداڵ و ڕاستەخۆ پەیوەندی بە دۆخی تایبەتی مرۆڤەکانەوە هەیە. بۆیە زۆر گرنگە مامۆستا، لەکاتی پەروەردەکردنی هەستەکاندا ڕەچاوی، یان ئاگاداری ئەم خاڵانە بێت:

أ- پێویستە گونجاندن دروست بکات لەنێوان وروژێنەرە دەستنیشانکراوەکان لە لایەك و دۆخی ئەقڵی و دەروونی و سۆزداری قوتابییەکانیش لە لایەکی ترەوە.

ب- ئاستی فێربوون تەنها لەسەر ڕەخساندنی وروژاندن ڕانەوەستاوە، بەڵکو لەسەر ئاستی وەرگر (قوتابی) ڕادەوەستێت، بۆیە گرنگە ئاگامان لە وەرگربێت، وەك لە شێوازی وروژاندنەکە، چونکە وروژاندن هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر قوتابی ئامادەنەبێت و وڵامدانەوەو بەرتەکیشی نەبێت.

ت- ئەوە بزانە قوتابییەکان بە شێوەیەکی جێگیر وەڵامی بابەتەکان نادەنەوە، واتە ئەگەر پرسیارێکی وروژێنەر ڕووبەڕووی قوتابییەکان بکەینەوە، ئەوا چەندین وەڵامدانەوەی جیاوازمان لە لایەن قوتابییەکانەوە دەست دەکەوێت.

پ- پێویستە ژینگەی فێرکاری قوتابییەکان فرەو جۆراوجۆر بکەین و دەوڵەمەندی بکەین بە کەرەستەی فرە ڕەنگ و فرە جۆر، تا مامۆستا بەدڵی خۆی و لەکات و ساتی گونجاودا کەرەستەو پێداویستییەکان بەکاربهێنێت.

ج- پێویستە مامۆستا بە شێوەیەکی هاوسەنگ زانیارییەکان بەکاربهێنێتەوە، کە لەڕێگەی ئەزموونکردن و توانا هەستییەکان و ڕێگا جیاوازەکانی ترەوە بەدەستی هێناوە، چونکە مەرج نییە هەموو جۆرە زانیارییەك بەکەڵکی قوتابییەکان بێت. بۆ نموونە لەوانەیە کاتی نەهاتبێت، یان زووبێت بۆ پێدانی بە قوتابییەکان، چونکە ئەوە بزانە توانا هەستیی و ئەقڵییەکانی قوتابیش لەم تەمەنەدا سنوردارەو نابێت فشاریان لەسەر دروست بکەین، تا زۆرترو باشتر بزانن.

ح- پێویستە گرنگی بە گەشەکردنی ئەو کەرەستەو پێداویستییانە بدەیت، کە هەستی منداڵەکان بەرەو پێشەوە دەبەن، تا زانیاری دروست و ورد بەدەست بهێنن، چونکە ئەگەر قوتابییەکە کارەکە بە باشی جێبەجێی بکات، ئەوا تواناو کارامەیی فێربوونی بەرز دەبێت.

٤- **پێشبینیکردن:** پێشبینیکردنیش بە یەکێك لە سەرچاوەکان دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، بۆیە پێشبینیکردن جۆرێك نییە لە پێزانینی هەستی و هەروەها کردارێکی ئەقڵی ڕێکخراویش نییە، بەڵکو کردارێکی خۆیی ڕاستەوخۆیەو ئەقڵ دەتوانێت بۆ یەك جار و لەپڕێکدا هەست بە شتێك بکات و بیری بۆلای شتێك بچێت، ئەم لەپڕ هەستکردنە

ڕێکخراونییەو مەرج نییە هەموو جارێك و بەشێوەیەکی ڕێکخراو دووبارە ئەوە ڕوودباتەوە. واتە پێشبینیکردن پلانی لەپێشینەی بۆ دانەڕێژراوەو ڕاستەوخۆ، وەك بیرۆکەیەك بە مێشکی قوتابییەکاندا دێت و پشت بە ئەزموونکاری نابەستێت و هەروەها سەرنجدانێکی ئەقڵیش نییە، بۆیە پێشبینیکردن هەستکردنێکی ڕوونە بە بیرۆکەی سادە، چونکە پشت بە هەستەکان نابەستێت، بەڵکو بریتییە لە بەگەڕخستنی ڕاستەوخۆی ئەقڵ و هێزی ناووکی مرۆڤ و کات و شوێن و بابەتە بەرجەستەکراوەکان لەگەڵ خۆیدا ڕاڤە دەکات.

بۆیە دەتوانین بڵێین پێشبینیکردن لە دەرەوەی کارکردنی هەستەکانە، کاتێك پێشبینیکردن، وەك سەرچاوەی زانیاری دەناسێنین، ئەوا هەندێك پرسیار لە خەیاڵماندا دروست دەبن، لەبەر ئەوە وای دەبینین، کە لێڵییەك لە زانیارییەکاندا هەیەو هانی زانیارییە نا زانستییەکان دەدات، چونکە پشتقایم نییە بە سەرچاوە زانستییەکان، تا پێشبینییەکەی خۆی پێ بسەلمێنێ.

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم شێوازی پێشبینیکردنەی سەرەوەدا دەتوانین ئەم خاڵانە لە وانەی کرداریدا لەبەرچاو بگرین، تا قوتابییەکان باشتر کارەکانییان ڕایی بکەن لە وانەی هونەرداو مامۆستاش باشتر لە هەست و پێشبینیکردنی قوتابییەکان تێبگات:

أ- کاتێك وەك سەرچاوەی زانیاری باوەڕ بە پێشبینیکردن دەکەین، ئەوا ڕێگەو شێوازی نوێمان پیشان دەدات بۆ خەیاڵکردن و وێناکردن و بیرکردنەوەی ناووکی، چونکە هەریەکێك لەوانە پێویستی بە شێوازی خۆی هەیە بۆ کارکردن، کەواتە پێویستمان بە تێڕامانی خۆیی هەیە.

ب- پێشبینیکردن شێوازو ڕێگایەکی گونجاوە بۆ فێربوونی خۆیی، چونکە وەرگر (قوتابی) هەوڵدەدات لە کاتی خوێندن، یان کارکردندا پێشبینی هەموو شتێك بکات (چی دەبێت؟ چۆن دەبێت؟ کەی دەبێت؟ بەچی بیکەم؟ هەوڵدەدەم ئاوا بیکەم ...) هەموو ئەگەرو ویستێکی خۆی دەخاتە بەرچاو. ئەمەش پێویستی بەهیچ هاوکاریکردنێك نییە، چونکە ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ لە ناوەوەی قوتابییەکەدا ڕوودەدات. لە ڕاستیدا، ئەوەی لەسەر مامۆستای هونەر پێویستە ئەوەیە، کە پێشبینی و بیرۆکەی قوتابییەکان نەشێوێنێت و لێگەڕێ با قوتابییەکان پێشبینی و بیرۆکەکانیان بخەنە ڕوو، پاشان گفتوگۆی لەسەر بکەن.

ت- پێشبینیکردن هاوکارێکی باشە، تا قوتابی لە دڵەڕاوکێ و شڵەژان و بێئارامی ڕزگار بکات، چونکە لەکاتی پێشبینیکردنەکەدا هەوڵدەدات هەڵەو زانیارییەکانی ڕاست بکاتەوە. لەوانەیە هەندێك جار ترسی هەبێت، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی پاشەکشەی قوتابییەکە، بۆیە پێویستە

**مامۆستا لەپشت قوتابییەکانەوە بوەستێت و ببێتە کۆڵەکەیەکی پتەو، تا ئومێدو متمانە ببەخشێتە قوتابییەکە، وەك هێزی پاڵپشتیکردن لە کارەکەی، یان بیرۆکەکەی. ئەگەر وامان کرد، ئەوا توانستی قوتابییەکان بەرز دەبێتەوەو متمانەی زۆرتر بەخۆیان دەکەن بەمەبەستی فێربوون.**

٥- **تاقیکردنەوە (ئەقڵ و هەستەکان و کەرەستەکان):** **هەوادارانی ئەم چەمکە پێیان وایە، کە قوتابی لەڕێگەی تاقیکردنەوەوەو لە ڕێگەی بەگەڕخستنی ‹‹ئەقڵ و هەستەکان و کەرەستەکان››ەوە پێکەوە زانیاری بەدەستدەهێنێت. هەروەها پێشیان وایە ئەو زانیارییەی لەڕێگەی ڕاهێنان و ئەزموونکردنەوە بەدەست دێت، زۆر باشترە لەو زانیارییەی، کە لەڕێگەی زارەکی، یان تیۆرییەوە بەدەست دێت، چونکە بەتایبەت لە فێرگەی بنەڕەتیدا، قوتابی زۆر حەز دەکات بابەت و زانیارییەکان لەڕێگەی دەستلێدان و هەڵاوێردکردنەوە بەدەست بهێنێت. ئیدی ئەم زانیاریانەش لە مێشکیدا دەچەسپێت و بە ئەستەم بیری دەچێتەوە. کەواتە ‹‹تاقیدەکاتەوە ← ڕاهێنان دەکات ← ڕاهێزان دەکات››. لەم ئاستەدا قوتابی بڕیار دەدات، سەرەتا بیردەکاتەوەو ئەقڵی بەکاردەهێنێت، پاشان بڕیاردەدات، کە پلانێك بۆ بڕیاردانەکەی دابنێت، کە چۆن بکات؟ لە دواییدا بەو شمەکانەی لەبەردەستیدایە ڕاهێنان لەسەر بیرۆکەکە دەکات، چۆن جێبەجێیان بکات؟ لەوانەیە سەرەتا هەندێك هەڵە بکات، بەڵام ئەوە نیشانەی ئەوە نییە، کە شکستی هێناوە، بەڵکو هەوڵدانێکەو هیچی تر، دواتر مامۆستا پشتگیری بیرۆکەکەی دەکات و ئەگەر پێویستی بە تێبینی و سەرنجدان هەبوو پێی دەڵێت، لە کۆتاییدا وردە وردە قوتابییەکە ‹‹ڕاهێزان››[٢] دەکات و ئەزموونی زۆرتر دەبێت، بەم کارەش زانیاری زۆرتر کۆدەکاتەوە. هەروەك پێمان وایە، کە ئەزموونکردن تێکەڵییەکە لە بەکارهێنانی هەستەکان بۆ شتەکانی دەرەوەو بەکارهێنانی بیرکردنەوەش بۆ شتەکانی ناوەوە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ناوەوەی دەروونی مرۆڤ. ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر گرنگە ئەوەیە، کە نەهێڵێت سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری بەریەك بکەون، چونکە هەندێك لە قوتابییەکان پێیان وایە بیرۆکەو خەیاڵکردنەکانیان باشترو**

[٢] ڕاهێزان: لەبڕی وشەی ‹‹تقویة››ی عەرەبی بەکارهاتووە و لە بەرانبەر Strengthening ی ئینگلیزی دانراوە. واتە ڕای دەهێنین، تا بەهێز بێت. بەو مانایەی زانیاری هەیە، بەڵام دەمانەوێن زانیارییەکانی زۆرتربێت، یان دەزانێت، بەڵام دەمانەوێت زیاتر بزانێت.

نایابتره. ئەم جۆره بەریەك کەوتنەش لەناو پۆلدا، یان لە وانەی کرداریدا ‹‹بەرتەك››[٣] ی باشی نابێت و شڵەژان لەناو قوتابییەکاندا دروست دەکات. بۆیە لەسەر مامۆستایە سەرچاوەکانی زانیاری ‹‹فره››[٤] بکات، تا قوتابییەکان بە دڵی خۆیان کار بکەن و ‹‹تەی››[٥] لە ناو وانەکردارییەکەدا بکەن و دڵیان خۆشبکەن، ئنجا زانیاری نوێ دەستبخەن.

٦- **سروش:** دەتوانین سروش بە یەکێك لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری دابنێین، بە تایبەت بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی بابەتە مێژووییەکان، کە پەیوەندیان بە ئایینەوە هەیە، یان ڕێچکەیان دەچێتەوە سەر ئایین. ئەم باسە زۆرتر لەسەر شیکردنەوەی دەقەکان دەوەستێت و خوێندنەوەی نوێی بۆ دەکات. هەندێك پێیان وایە سروش لە ڕێگەی تێکبەستنی ‹‹ئەقڵ و دڵ و لەش››ە، بە تێکبەستن و پێکەوە کارکردن، هەرسێکیان دەتوانن ئاستێکی سۆفیگەری پاك بێننە ئاراوە، بۆ نزیك بوونەوە لە مەبەستە سەرەکییەکە. ئەم جۆرە سروشە، باوەڕی بە فێڵ و تەڵەکەبازی و جادوگەری نییە، بەڵکو دەیهەوێت لە ڕێگەی خەیاڵکردن و بیری پاکەوە بگاتە شتەکان، کە باوەڕدارییە.

---

٧- **داب و نەریت:** داب و نەریت بە یەکێك لە سەرچاوە گەورەکانی بەدەستهێنانی زانیاری دادەنرێت، چونکە مرۆڤ هەمیشە لەبەردەمیدایەو ڕۆژانە بەکاری دەهێنێت و خووی پێوە دەگرێت. پێویستە مرۆڤ هەمیشە بەدوای نەریتدا بگەڕێت و بابەت و شتی نوێی لێهەڵبهێنجێت و بەکاریان بهێنێتەوە لەلایەك بۆ پەروەردەکردن لەلایەکی تریشەوە بەمەبەستی پاراستنی کەلتور. هەروەها دەبێت مامۆستا ئەوە بزانێت، کە دایی و باب و مامۆستا، ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە پەروەردەکردنی قوتابی لە فێرگەدا، زۆربەی ئەو پەروەردەکردنەش پشت ئەستورە بەو داب و نەریتەی بۆمان بەجێماوە. کەواتە داب و

---

[٣] بەرتەك: (وەڵامدانەوەی ئاماژەیی) ئەم وشەیە لەبەرانبەر وشەی ‹‹استجابة››ی عەرەبی و ‹‹Response››ی ئینگلیزی بەکارهاتووە. واتە کەسێك قسەیەك دەکات، بەڵام بەرانبەرەکەی بە ڕەنگ و ڕوویدا دیارە، کە قسەکەی بە دڵ نییە، لە هەمانکاتیشدا قسە ناکات و وەڵام ناداتەوە، بەڵام نیگەران دیارە، یان بە پێچەوانەوە.

[٤] فره: واتە زۆر، یان بەر فرەوان، یان والا. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبی زاروەسازی پێوانە، لاپەڕە ((٢٢٧)) دا لە بەرانبەر وشەی ‹‹Poly›› ی ئینگلیزی بەکاری هێناوە. ئەو پێی وایە فرەوان ڕاستترە وەك لە فراوان.

[٥] تەی: واتە ‹‹تەی کردن، یان گەڕان و پشکنین، گەڕان بەدوای شتێکدا››. بەڵام بە پێی ڕای مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، لە فەرهەنگی خاڵدا لە لاپەڕە (١١٣) دا دەڵێت: ‹‹تەی››: واتە فیسار کەس تەی بووە، واتە ڕام بووە. ڕام بووە بە واتای دەستەمۆ بووە.

نەریت بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستەمی پەروەردەکردن و فێرکردن لە کوردستان و پێویستە فەرامۆشی نەکەین ‹‹ئەگەر باش بوو، بەڵام مەرج نییە هەموو داب و نەریتێك باشبێت››، ئەوەش بەمەبەستی پاراستن و گەشەپێدانی کەلتورەکەمان. چونکە داب و نەریت دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێز، بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ‹‹زانست، ڕەوشت، هونەر، کەلتور...›› هەموو ئەم بەدەستهێنانی زانیارییانەش لە ڕێگەی مامۆستای پەروەردەی هونەرەوە دەتوانرێت بەهۆی وانەکەیەوە ئەنجامی بدات و کەرەستەو شمەك و وانەکە بخاتە خزمەتی بابەتە پێشنیار کراوەکە، (کە لە تەوەری وانەکەدا دەستنیشان کراوە). هەروەها پێویستە مامۆستا ئەوەش لەبیر نەکات، کە بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی داب و نەریتەوە، بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. کەواتە زانیارییەکان نوێ نین، بەڵکو لەسەرمان پێویستە پارێزگاری لێبکەین و پاشان کەلتورەکە بگوازینەوە بۆ نەوەی تازە.

## پەروەردەو زانیاری

پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەوە بزانێت، کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان پەروەردەو زانیاریدا، چونکە زانیاری ئامانجی سەرەکی پەروەردەکردنەو هەمیشە چاوی لەسەر زانیارییەکانەو بەدوای بابەتی نوێدا دەگەڕێت. بۆیە پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە زانیاری بەتەنها بواری پەروەردە تێر ناکات، بەڵکو دەیەوێت هەڵیسەنگێنێ و پاشان ڕەخنەشی لێبگرێت لەپێناو کەم کردنەوەی کەم و کورتییەکان و ئەو هەڵانەی لەناو زانیارییەکەدان، چونکە ئەگەر ڕەخنەو چاودێری نەبێت لەسەر زانیارییەکان، ئەوا بە زانیارییە هەڵەکان قوتابییەکان دەخەنە گومانەوەو بەمەش پڕۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردنەکە دەکەوێتە ژێر گومانەوە.

جا بۆ ئەوە پەیوەندی پەروەردەو زانیاری توندوتۆڵ بێت و بەدروستی بگاتە جێگەی خۆی، ئەوا چەند پێشنیارێك دەخەینە بەردەست مامۆستای هونەر، وەك:

١- گرنگە مامۆستای هونەر هەندێك پێوەر دابنێت بۆ هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان و هەرچی بەخەیاڵیدا هات، یان ئارەزووی کرد بە قوتابییەکانی نەڵێت، چونکە مەرج نییە هەموو زانیارییەك بۆ ئەم قۆناخەو سەرجەم قۆناخەکانی تریش شیاوو گونجاوبێت.

٢- پێویستە مامۆستای هونەر جیاوازی بکات لە نێوان شێوازی بەدەستهێنانی زانیاری و هەڵبژاردنی یەکێك لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری. بۆ نموونە: باسکردن و لێدوان

لەبارەی ڕەنگ، زۆرتر لەگەڵ وانەی زانستدا یەك دەگرێتەوە، نەك لەگەڵ وانەی ئایین. واتە ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەو پێدانی زانیاری زۆرتر لەبارەی ڕەنگەوە پێویستە هانا بۆ سەرچاوە زانستییەکان بەرین، وەك لەسەرچاوەی تر. هەروەها ئەگەر لەڕێگەی ئەقڵەوە زانیاری وەربگرین، ئەوا لە زانستی بیرکارییەوە نزیکترە، نەك لە وانەکانی تر.

٣- پێویستە ڕێگایەکی شیاو هەڵبژێرین لە نێوان شێوازی بەدەستهێنانی زانیاری و ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ئەم زانیارییە بەدەستهاتووەدا، چونکە ناتوانین لەڕێگەی (سروش)ـەوە زانیاری بەدەستبهێنین و دواتر هەمان ئەو زانیارییە بخەینە بواری تاقیکردنەوەوە، چونکە پێدەرو وەرگر (مامۆستاو قوتابی) تووشی باوەڕی دژبەیەك دەبن و دڕدۆنگی دەکەوێتە هۆشیانەوەو زانیارییەکان دەبنە جێگەی گومان لە لایەن مامۆستاو قوتابییەوە.

٤- پێویستە لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر بە ڕوون و ئاشکرایی ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری وانەی هونەر لەبەرچاو بگرێت، بزانێت لە کوێ و چۆن زانیارییەکان چنگ دەخات؟، چونکە ئەگەر مامۆستا سەرچاوەکانی زانیاری دیاری نەکات، ئەوا واتاو ڕوونکارییە هونەرییەکانی بەهایان نابێت و واتاکان دژبەیەك دەبن و لە بەهای وانەکە کەم دەکاتەوە.

٥- پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر چەندین ڕێگاو شێوازی جیاواز بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نوێ. ئەگەر مامۆستا ئەم ڕێچکەیە بگرێتەبەر، ئەوا مامۆستایەکی پڕ زانیارو خاوەن ئەزموون لە کارەکەی دەردەچێت و توانای ڕووبەڕووبونەوەی بۆ کێشەو گرفتەکان باشتر دەبێت و باشتر دەتوانێت زاڵبێت بەسەر ئاریشەکاندا و توانای چارەسەرکردنی هەرکێشەیەکی دەبێت، کە لەناکاو لە ناوپۆلدا، یان لەدەرەوەی پۆلدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٦- پێویستە مامۆستا لە نێوان ئامانجە پەروەردەییەکان و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاریدا دۆخێکی لەبار هەڵبژێرێت، تا تێکچڕژان دروست نەبێت. بۆیە ئەگەر ئامانجەکان مەبەستیان دیاریکردنی کەسایەتی و ڕێکخستنی شێوازی کارکردنی کەسەکان بێت، ئەوا پەروەردەکردن چاوی لەسەر ڕێگە نەریتییەکەیە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری. بۆیە ئەگەر بمانەوێت زانیاری هونەری بەدەستبهێنین، ئەوا پێویستە هانا بۆ ڕێگەی (تاقیکردنەوە) ی «ئەقڵ و هەستەکان و کەرەستەکان» بەرین، تا کارە هونەرییەکانی پێ جێبەجێبکەین و

زانیاری دروست و ڕاست کۆبکەینەوە لەگەڵ قوتابییەکاندا لەڕێگەی ڕاهێنان و ڕاهێزانی قوتابییەکانەوە.

٧- دیاریکردنی ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری و شیکردنەوەی واتاکانی بەشێکی گرنگە لە بەشداری پێکردن و وەدوکەوتن و پەیوەندی گرتن لە نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا. لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت بەریەك کەوتن و نەگونجانی زانیارییەکان لەگەڵ یەکدی دەبنە هۆی دڕدۆنگی و دروستکردنی گومان لەسەر زانیارییەکان و پاشان تاکەکانی ناو پرۆسەکە سەریان لێدەشێوێ و ناتوانن زانیارییە ڕاست و دروستەکان بەدەستبهێنن و پاشان بیان خەنە خزمەتی کارەکەیانەوە. جا ئەگەر مامۆستا وریا نەبێت لەم کارەدا، ئەوا قوتابییەکان سەریان لێدەشێوێ، چونکە ئەوە بزانە قوتابییەکانیش یەکێکن لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەو پاشان هەمان ئەو زانیارییە شڵەژاوانە دەخەنەوە ناو کۆمەڵگە، جا ببینەو بزانە چ ئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە؟

٨- پێویستە مامۆستا لەناو پۆلدا، یان لەوانە کرداریيەکاندا چاوێکی لەسەر قوتابییەکان بێت و گوێبیستی گفتوگۆو گۆڕینەوەی زانیارییەکانی نێوان قوتابییەکان بێت، تا بزانێت ئایا ئەو گفتوگۆیەی بە زانیارییەکانی دەکەن، تا چ ئاستێك ڕاست و دروست و شیاوە؟ هەروەها پێویستە جار جارە مامۆستاش خۆڵە گفتوگۆکان هەڵقورتێنێ، نەك بەشێوەی خۆسەپێن، بەڵکو وەك پێشکەشکردنی هاوکاری و پێدانی سەرنج و تێبینی لەکاتی گفتوگۆکاندا. ئیدی لەم بوارەدا قوتابییەکان چەند سوودێکیان پێدەگات، وەك:

أ- ئاستی متمانە بەخۆبوونیان زیاد دەکات.

ب- باوەڕ بە زانیارییەکانیان دەهێنن.

ت- هەست بەوە دەکەن، کە ‹‹دەتوانن، دەزانن››.

پ- هەوڵ دەدەن لە داهاتوودا بەردەوامبن و گفتوگۆکانیان بگەیەننە ئاستێکی بەرز.

ج- توانای دانوستان کردنیان باڵا دەبێت و شێوەی گفتوگۆکردنیان بەهێز دەبێت.

ح- بواری زمانەوانیان باش دەبێت و وشەی زۆرترو زانیاری بەپێزتر چنگ دەخەن لە ڕێگەی گۆڕینەوەی زانیاری نوێ لەنێوان یەکتریدا.

٩- پێویسته یەكەی سەرپەرشتیاری هونەری و لایەنە پەیوەندیدارەكان، گرنگی بە زانیاری هونەری بدەن و وەرزی سازدانی كۆبونەوەو كۆڕ بۆ مامۆستاكانی بواری هونەر بسازێنن، چونكە مامۆستاش پێویستی بە خۆنوێكردنەوە هەیە لەڕێگەی زانیاری نوێوە. ئامادەكردنی بابەت و دەستەواژەی نوێ بۆ مامۆستایانی هونەر لەلایەن سەرپەرشتیارەكانەوە، لەبەر ئەوە مامۆستا باشتر هەنگاوەكانی تاو دەدات و كاری ئاسان دەكات و قوتابییەكانیش سوودیان پێدەگەیەنن.

## قوتابی چۆن زانیاری وەردەگرێت و فێردەبێت؟

قوتابی لە سێ ڕێگەوە زانیاری وەردەگرێت و فێردەبێت ئەوانیش بریتین لە:

١- قوتابییەكە بەشێوەیەكی خۆڕسكانە زانیاری فێردەبێت.

٢- قوتابییەكە بەشێوەیەكی هەڕەمەكییانە زانیارییەكان بەدەست دەهێنێت.

٣- قوتابییەكە زانیارییەكان بە شێوەیەكی ڕێكوپێك و ڕێكخراو بەدەستدەهێنێت.

ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستای وانەی پەروەردە هونەر گرنگە ئەوەیە، كە زانست و زانیاری، هەروەك سەربەستی، دەستێنرێت و نادرێت. واتە قوتابی دەبێت زۆر چالاك بێت لەوەی، كە خۆی بگەڕێت بە دوای زانیاریدا و بەتەنگ خوێندن و هونەرەكەیەوە بێت. مامۆستا ناتوانێت زانست بدات، بەڵكو دەتوانێت كەشێكی زانستی لەبار دروست بكات، كە قوتابی تێیدا بە ئاسانی زانست لە مامۆستا، لە كۆمەڵ، لە بازاڕی كار، لە پەڕتووك، لە بڵاوكراوە و پێگە ئەلەكترۆنییەكان بەدەست بهێنێت.

فێربوون و وەرگرتنی زانست دەبێت لە كەشێكی كراوەو ڕووندا ڕووبدات. واتە دەبێت كەشێكی ڕێگەپێدەر دەرگا ئاوەڵا بكات لەسەر ویستی قوتابیان بۆ فێربوون و بەهێزكردنی توانایان لە دەستپێشخەری كردن. خوێندن و فێربوون دەبێت وا لە قوتابی بكات، كە بەرانبەر كێشەكان بوەستن و توانای دروستبوونی دۆزینەوەی چارەسەری كێشەیان تێدا فروان بكات.

لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمە زۆر گرنگە قوتابی فێری ببێت دوو شتە:

**یەكەم:** زانست

**دووەم:** دیموكراتی

چونکە ئەگەر قوتابییەکان لەسەر ئەم دوو شتە ڕانەهێنرێن، ئەوا نە مامۆستا دەتوانێت، وەك پێویست قوتابییەکان ڕابهێنێت و چالاکییە هونەرییەکانی ڕایی بکات، وە نە قوتابییەکانیش دەتوانن لە کاتی کاردا هاوکاری و پشتیوانی یەکدی بکەن و کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن. کەواتە بۆ سەرخستنی وانەکە، ڕاهێزانی قوتابییەکانە لەسەر بەجێهێنانی پرۆسەی دیموکراتی لەکاتی کاردا. بەمەش ئەنجامی باش و قوتابییەکی خۆڕێکخەرمان چنگ دەکەوێت.

لە ڕاستیدا تاکە هۆکاری سەرخستنی ئەم پرۆسەیەش ناساندنی قوتابییەکانە بە ئەرك و مافەکانیان، ئەمەش لەڕێگەی دانانی بەرنامەیەکی توندو تۆڵ لە لایەن بەڕێوەبەرو ستافێکی کارای فێرگەوە، تا بە ئاسانی بەرنامەی کار بگەیەننە قوتابییەکان بە هاوکاری مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر.

بۆیە سەربەستی لە ژێر هەستی بەرپرسیاریەتیدا لە ناو قوتابیاندا، ئامانجێکی سەرەکی قوتابخانەیە. بێگومان، سیستەمی فێرکاری دەبێت قوتابیان فێربکات، کە ئەو ساڵانەی لە قوتابخانەدان، ساڵانی ئامادەکردنن بۆ ژیانی گەورەساڵی، بازاڕی کار و بەردەوامی خوێندن، چونکە ئەگەر سیستەمەکە، سیستەمێکی دیموکراتی دوور لە چەوساندنەوەو سەرکوت کردن و ترس بێت، ئەوا ئەو مرۆڤانەی، کە ئەم سیستەمە پەروەردەیان دەکات، مرۆڤی دیموکرات و سەربەخۆ دەبن، کە دەتوانن سەربەست لەژێر هەستی بەرپرسیاریدا بژین. قوتابی ئەوە ناکات، کە پێی دەڵێیت، بەڵکو ئەوە دەکات کە لەبەرچاوی دەیکەیت.

## قوتابی چی لەوەرگرتنی زانیارییەوە فێر دەبێت؟

قوتابی فێری ڕاستی و چەمك و بنەما سەرەکییەکان دەبێت و فێردەبێت چۆن بەکاریان بهێنێت و بەشێوەی ‹‹زارەکی و کردارەکی›› لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگیان پێ بداتەوە. لەم قۆناخەشدا قوتابی هەوڵدەدات سیستەمی زانیارییەکانی ڕێکبخاتەوە و جیایان بکاتەوە لەو زانیاریانەی، کە بۆ ئێستا بەکەڵکی نایەن، بۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە فشار لەسەر قوتابییەکان دروست نەکات، کە دەبێت هەر ‹‹بزانن››، چونکە ئەوە وا لە قوتابییەکان دەکات هەراسان بن و پاشان ئەوەی دەیزانن بیریان بچێتەوە. کەواتە ڕەخساندنی بوار، هاوکاری قوتابییەکان دەکات بۆ بنیاتنانەوەی ڕەفتارەکانیان، پاشان هەوڵدەدەن هەڵوێست لەسەر ئەو شتانە وەربگرن، کە لە جیهانی دەرەوەدا پێیان ئاشنا بوون. دواتر بەردەوام دەبن لەسەر فێربوون

و گەشـەپێدان و خۆگونجانـدن بەمەبەسـتی ڕووبەڕووبونـەوە بـۆ هـەر گۆڕانکارییـەك. جگـە لـەوەش هەوڵدەدەن هاوسەنگی ڕۆشنبیری خۆیان بپارێزن و دواتریش گەشەی پێبدەن.

مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە و پاشان چاودێریان دەکات، تا سیسـتەمی کار نەشـێوێت و پرۆگرامـی پەروەردەکردنەکـە بەلاڕێـدا نەچـێت. کەواتـە مامۆسـتا ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت لـەم سیسـتەمەدا و پێویسـتە فەرامۆشـی نـەکات، چونکە زانیارییـەکان هـیچ بەهایـەکیان نییـە، ئەگـەر ڕێنمایی و ڕێنـوێنی و ئاڕاستەکردنی لەگەڵدا نـەبێت، لـە دوای هەمووشـیان، پێویسـتە مامۆسـتا هەڵسـەنگاندن بـۆ سـەرجەم سیسـتەمەکە، دواتـر پرۆسـەکە ئـەنجام بـدات، تـا بزانێـت چـەند ئامانجەکانی پێکاوە؟

## گەشەی هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا (٧ بۆ ٩) ساڵ

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ پێویستە سەرەتا بگەڕێینـەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانـای سویسـری (ڤیکتـۆر لۆنفیلـد)، کـە تیایـدا گەشـەی توانـای وێنەکێشـان لای منـداڵ دابـەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لـەو ڕووەشـەوە گەشـەی لەشـەکی و هـزری، کاریگەری دەبێت لەسـەر کارە هونەرییە بەرهـەم هاتووەکەو بـەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تا گەورەتربێت، بەوەش وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ. ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکان ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد):

١- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دووای بوون تا ٢ساڵی.

٢- قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.

٣- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.

٤- قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.

٥- قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.

٦- قۆناخی گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.

٧- قۆناخی باڵق (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

شایانی باسە لەم هەنگاوەی ئێستادا، تەنها خاڵی چوارەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (٧ بۆ ٩) ساڵ. لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەکان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویستە ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناخەی منداڵ بکەیت و هەڵپە نەکەیت لەکاتی جێبەجێکردنی وانە کردارییەکاندا. سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناخە دەخەینە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر، کە بریتییە لە هەستکردن بە شێوەکان، منداڵی تەمەن (٧ بۆ ٩) ساڵ:

## سیماو تایبەتمەندیی ئەم قۆناخە:

### ١- دووبارەبوونەوە:

منداڵ، لەم تەمەنەدا بۆ چەندین جار شێوەیەك دووبارە دەکاتەوەو ئەوە دەردەخات، کە سەقامگیر بووە لەو شێوازی کارکردنە جۆراوجۆرەی قۆناخی پێشوو، بێگومان ئەم سەقامگیربوونەش لە هەندێ شێوەی جێگیر دووبارەیان دەکاتەوەو بە شێوەیەکی بەردەوام دەردەکەوێ. بۆنموونە: کاتێك وێنەی درەختێك دەکێشێت پەنا دەباتە بەر ئەو درەختەی، کە لە خەیاڵیدا جێگیربووەو کاتێك، کە داوات لێکرد بۆ وێنەکێشان، وێنەی درەختەکە دەکێشێتەوەو دووبارەی دەکاتەوە. توێژەرەوەکان ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە لە ئەنجامی سروشتێتی قۆناخی پێشوو منداڵ لە گەڕان و جۆراوجۆر کردنێکی بەردەوامدا بووە. لێرەدا دووبارەبوونەوە سەرهەڵدەدات و منداڵێکمان بۆ دەردەخات، کە بەدوای هێمای تایبەتی و

جێگیردا گەڕاوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لاوازی و وەستان و چەقبەستوویی منداڵەکە لە بواری دەربڕینی هونەریدا دەرناخات، بەڵکو شێوازێکی خۆشی و ئارەزومەندی خۆیەتی و دەیهەوێت بەم شێوازە کار بکات و بەردەوام بێت.

## ٢- گەورەکردن و کورتکردنەوە – قرتاندن (مبالغة – حذف):

لێرەدا منداڵ بە پێی بۆچوونی خۆیی و تاوگێرییە دەروونیەکانییەوە بەمەبەستی گوزارشتکردن پەنا دەباتە بەر گۆڕانکاری لە هێماکاندا. بۆنموونە: ئەگەر داوامان لێکرد وێنەی کەسێك بکێشێت، کە باز دەدات. دەبینین قاچەکانی درێژ دەکات و پاشماوەی جەستەی کورت دەکاتەوە، یان پەلی سەرەوەی کورت دەکاتەوە، یان دەیان پەڕێنێ، یان ئەگەر کاتی نانخواردن وێنە بکێشێت دەبینین دەستی مرۆڤەکە درێژ دەکات بۆ نانخواردن، ئەوەی تری کورت دەکاتەوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە منداڵ لەم قۆناخەدا دەیەوێت مەبەستەکەی تەواو روونبکاتەوە لە پێکهاتەی وێنەکەدا، کە چی مەبەست و گرنگە لەلای؟ بەتایبەت لەکاتی گوزارشتکردندا.

## ٣- یەك ڕوویی:

منداڵ لەم قۆناخەدا پشت بە زانیارییەکانی دەبەستێت، نەك ئەوەی بەچاو دەیبینێ. تایبەتمەندییەکی تر لەم قۆناخەدا ئەوەیە، کە هەموو ئەوشێوانەی وێنەیان دەکێشێ لەیەك ڕوودا کۆیاندەکاتەوەو دەریاندەخات لە تابلۆکەدا، وەك: چوارپێچکەی کورسی، ئۆتۆمبێل، یان هەر کەرەستەیەکی تری دیبێت.

## ٤- ڕوونی (شفاف):



منداڵ لەم قۆناخەدا پەنادەباتە بەر تایبەتمەندیەکی تری شێوازەکەی، ئەویش ڕوون – نییە. دیوی ناوەوەی شێوەکان دەردەخات و بۆمان ڕووندەکاتەوە. لەپشت شێوەکانەوە چی هەیە؟ یان لەناو لەشی گیاندارردا چی هەیە؟ یان چی تێدایە؟ یان ناوماڵ یان ناو ئۆتۆمبێل چی تێدایە؟ ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە منداڵ لایەنی هۆشمەندی

و زانیاریەكانی پیشان دەدات، نەك ئەو ڕاستیە بینراوەی، كە لەبەرچاویدایەو بەچاو دەبینرێت (لەیەككاتدا، هەموو بابەتەكان دەردەخات و كەرەستەی ناو خانوەكە هەموو ڕوون و دیارە).

**٥- كۆكردنەوەی ڕووەجیاوازەكان، كاتە جیاوازەكان، شێوە جیاوازەكان لە یەكڕوودا: (پانۆڕاما)**

ئەوە تایبەتمەندیەكی تری ئەم قۆناخەیە، كە منداڵ دەیەوێ دڵنیامان بكات لە هەموو ئەو زانیاریانەی، كە دەیزانێت، نەك دەیبینێت. لێرەدا مەبەستی قوتابییەكە ئەوەیە، كە ئەو زانیاریانەی هەیەتی كۆیان بكاتەوە دەربارەی هەموو دەوروبەرەكەی، لە هەموو گۆشەكانەوە، وەك شێوەی دەم و چاوێك و پاشان لەوێنەكەدا لووت دەردەخا لەلاوە و هەردوو چاوو دەم لە پێشەوەیە، یان سەرماو گەرما لە یەك وێنەدا دەردەخات، یان وێنەی



سروشت دەكێشێ بە هەموو گۆڕانكاریەكانییەوە، یان وێنەی جەنگ لە سەرەتای مەشق كردن و پاشان شەڕو پاشان بریندارو كوشتارو پاشان سەركەوتن و كۆتایی لە یەك ڕووی تابلۆ یەكدا دەكێشێت.

**٦- هێڵی زەوی:**

ئەمە شێوازێكی ترە لەم قۆناخەی تەمەنی ئەم منداڵەدا، كە هەرشتێك منداڵ وێنەی دەكێشێ هێڵی زەوی بۆ دەكێشێت، وەك مرۆڤ، خانوو، شاخ، درەخت و گیاندار، ئەوانە هەموویان هێڵی زەویان بۆ دیاری دەكات لە وێنەكەدا.



## ئەركی مامۆستای هونەر لەم قۆناخەی تەمەنی منداڵدا، (٧ بۆ ٩) ساڵ:

لە ڕاستیدا ئەم قۆناخە، گرنگترین تایبەتمەندیی شێوازی هونەری منداڵە، کە تیایدا ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا دەردەکەوێت، کە باسمانکردن، لە ڕابردوودا هەندێ لە شارەزایان ئەم شێوازانەیان بە هەڵە باوەکانی وێنەی منداڵ لە قەڵەم دەدا، بەڵام ئەو لە قەڵەمدانە لە خوێندن و فێرکردنی نوێدا ناودەبرێت بە (ڕووخان و تێکدانی هەستی منداڵ)، کە لە ڕێڕەوی گوزارشتکردن و ڕێزگرتنی هەستی منداڵ لادەدات. لە ڕێڕەوی فێرکردنی نوێدا بە پێی تاقیکردنەوە زانستیەکان دووپاتی ئەوە کراوەتەوە، کە ئەو خاڵانەی باسمانکردن (تایبەتمەندی و ڕێڕەوی هونەری منداڵە) ئەوە ڕێزلێنانی منداڵ و شێوازەکەیەتی و ناکرێت ڕاستبکرێنەوە، چونکە ئەگەر وابکەین ئەوا ئەوکاتە ڕێزی تەمەنی منداڵەکەمان نەگرتوە، بەڵکو وەك گەورەیەك مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە، بەمکارەش هەستی منداڵەکە دەڕووخێنین و پشێوی لە کەسێتیدا دروست دەکەین. بۆیە دەبێت ڕێزی ئەو شێوازانەی منداڵ بگیرێت، ئەگەر بەپێچەوانەوە جووڵاینەوە، ئەوا زیانێکی گەورەیەو ڕوخێنەری منداڵەکەیە لە شێوازی گوزارشتکردن و پاشان لە هونەرەکەیدا. لە بەرئەم هۆکارانە پێویستە لەسەر شانی مامۆستای هونەر ڕێزی شێوازەکانی منداڵ بگرێت و یارمەتیان بدات زیاتر سەرنج وەربگرێت و تێر بکرێ لەو دیمەنە جیاوازانەی، کە سەرنجی بیرکردنەوەی منداڵ ڕادەکێشن، چونکە ئەو تێربوونە لە شێوازی کارکردندا، وەك: (یەك ڕوویی و شەفافیەت و موبالەغەو دووبارەبونەوە) تاموچێژ وەردەگرێت و گەشەیەکی سروشتی دەکات و بە ڕێڕەوێکی سروشتیدا دەڕوات. هەروەها ئەو تایبەتمەندیانەی ئەم قۆناخەی منداڵ هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە لەڕووی هەڵسەنگاندنی هونەریەوە. هەر لەبەر ئەوەشە گەلێك لە هونەرمەندە جیهانییەکان و بەتایبەتیش هونەرمەندانی هاوچەرخ گرنگیانداوە بەشێوازی کارکردنی منداڵ و سودیان لێوەرگرتووە بۆ کارە هونەریەکانیان. کاری هونەری ئێستا هەڵناسەنگێنرێ لەسەر بناغەی شێوازەکەی، بەڵکو بابەتەکە هەڵدەسەنگێنرێت بە تایبەت لەسەر پەیوەندی نێوان ڕەنگ و شێوەو داڕشتن و توخمەکانی، لەبەرئەوەی ڕێڕەوی گوزارشتکردنی منداڵ بەشێکە لە سروشتی منداڵەکە، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێ، کە بۆچی منداڵ دوورە پەرێز دەوەستێ لە وێنەکێشان؟ هەندێکجار بیانووی ئەوە دەگرێت، گوایە نازانێت وێنە بکێشێت، بەڵام ئەم بیانووە هیچ ڕاستیەکی تێدا نییە لە لایەن منداڵەکەوە، چونکە هیچ شتێك نییە ڕێگەی ئەوە بگرێت، کە ئەم ڕەفتارە بەشێکی

دانەبڕاوبێت لە سروشتی منداڵەکە، ئەگەر هێزێکی دەرەکی نەبێت ڕێگەی لێبگرێت، یان دەستیان خستۆتە کارەکانیەوەو بەرپەرچ دراوەتەوە کاتێك هێزێکی دەرەکی دەستبخاتە کارەکانیەوە و هەندێ یاساو پێوەری نائاسایی دەسەپێنن بەسەر منداڵەکەدا. بۆیە لەم کاتەدا هەست بە گیرۆدەیی دەکات و هیچ لەبەردەمیدا نامێنێ و بیانووی نەزانین و بێ توانایی لە وێنەکێشاندا دەهێنێتەوە پێشەوە. بۆیە منداڵ دەستەوەستان ناوەستێ لەدەربڕینی هونەریدا، ئەگەر هێزێکی دەرەکی دەستنەخاتە کارەکانیەوە. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیەو پێشێلکردنی هەست و نەستی منداڵەکەیە، بەمەش کاریگەری لە سەر گەشەو گەورەبوونی کەسێتی منداڵ دەکات، بەتایبەت لایەنی گەشەکردنی سروشتی منداڵەکە.






کاری منداڵانی 7–9ساڵان





دووکاری هونەری منداڵانی 7–9ساڵان

## خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

### دوو خشتە بۆ مامۆستا خراوەتە ڕوو:

**له خشتەی یەکەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە هەیە، کە مامۆستا سەرەتا تەوەرەکان دابەش دەکات و کاتی دەستپێکردن و کاتی کۆتایی هاتنی تەوەرەکان دیاریدەکات، تا بەرچاوی ڕوونبێت، کە لە ساڵەکەدا چۆن تەوەرەکان لە وەرزەکانی خوێندندا تەواو دەکات؟

**له خشتەی دووەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە هەیە، کە مامۆستا تەوەرەکان، ئنجا وانەکان دیاری دەکات و کاتی دەستپێکردن و بابەتەکانیش دەردەخات، تا بزانێت ئامانجی فێرکاری و هۆکارەکانی فێرکاری چۆن لەکاتی وانەگوتنەوەدا دەخاتە ڕوو. هەروەها لە کۆتایی هەروانەیەکیشدا خشتەی هەڵسەنگاندن هەیەو مامۆستای وابەستە بە هەڵسەنگاندن کردووە، تا ئاستی فێرکاری و زانیاری قوتابییەکان دیاری بکات.

لەم دوو خشتەیەدا پلانێک بۆ بەرچاوڕوونی مامۆستا دەردەخات و ئاگاداری دەکاتەوە، کە وابەستەی پلانی بۆداڕێژراوبێت، مەرجیش نییە کت و مت پلانەکە، وەک خۆی لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام گرنگە مامۆستا بزانێت، چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ کەی تەواوی دەکات؟ ئەوەش مەبەستی سەرەکی خشتەکانە و دەبێت مامۆستا ڕەچاوی بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستای وانەکە ڕەچاوی پشووەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات، کە ساڵانە ڕادەگەیەنرێت، یان پشوویێکی لەناکاو دێتەپێش بەهۆی ڕوودانی ڕووداوێکی نەخوازراوەوە. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ڕەچاوی هەرگۆڕانکارییەک بکات لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکەیدا، تا بزانێت چۆن ئەم وانەیە قەرەبوو دەکاتەوە.

# خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل: وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر:                                        وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم



# دەربڕینی هونەری بە نیگارکێشان

## دەربڕینی هونەری بە نیگارکێشان

لەم تەوەرەدا قوتابییەکان چەندین دەستەواژەو بابەتی نوێ فێردەبن و لەهەمان کاتیشدا چەندین وشەی نوێ دەبیستن. تەمەنی قوتابییەکان هەڵکشاوەو پێویستیان بە ئەزموون و کارامەیی نوێ هەیە، تا لەگەڵ لەش و ئەقڵیان بگونجێت و ئارەزووەکانیان تێر بکەن. دەربڕینی هونەری لە ڕێگەی نیگارکێشان وا لە قوتابییەکان دەکات هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکەن و ئازادی زیاتریان پێبدات. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وردە وردە ماسوولکە گەورەکانیان گەشە دەکەن و پاشان زاڵ دەبن بەسەر ماسوولکە بچووکەکانیاندا. واتە هێڵ و وێنەو نەخشەکانیان جوانترو باشتر دەبێت لە ڕابردوو.

## ئەم تەوەرە، ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت:

١. وروژاندنی بیری منداڵ.
٢. بەهێزکردنی توانای خەیاڵکردن.
٣. بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی منداڵ.
٤. کێشانی هێڵی جۆراوجۆرو دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان هێڵکارییەکاندا.
٥. دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕەنگەکاندا.
٦. دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان شێوەکاندا.
٧. لێکگرێدان و لێکبەستنی بابەتەکان.

## لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا، منداڵەکان ئەمانە بەدەستدەهێنن:

١. گەشەی لەشەکییان پێشدەکەوێت و بارگرژی ماسوولکەییان نامێنێ.
٢. گەشەی ئەقڵیان پێشدەکەوێت و توانای تێبینی کردنیان بەهێزدەبێت.
٣. هاوسەنگی لەنێوان لەش و ئەقڵدا دروست دەبێت.
٤. هاوسەنگی لە بیرکردنەوەدا دروست دەکات.
٥. هێدی هێدی هێڵەکانی جوان و ڕێك دەبێت.
٦. فێردەبێت ڕەنگەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنێت و پەیوەندی دروست دەکات لەنێوان کەرەستەو ڕەنگەکاندا.
٧. فێری کاری بە کۆمەڵ دەبێت و گیانی هاوکاری گەشە دەکات.
٨. ڕەفتاری باش دەنوێنێت و خۆی ڕێك دەخات.

# وانەی یەکەم

تەوەر: دەربڕینی هونەری  بە نیگارکێشان.

بابەت:  پەیوەندی نێوان هێڵ و شێوە

پۆل: سێیەمی بنەڕەتی

کاتی دیاریکراو: ٤ وانە

وانە: بابەتە گشتییەکان بە شێوەی هونەری ئازاد

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان:

ئاشناکردنی قوتابییەکان بە هێڵە جیاوازەکان و بەکارهێنانەوەی لە دەربڕینی هونەری ئازاددا.

### سوودە کارامەییەکان:

قوتابییەکان ئەو بابەتانە بە ئازادی وێنە دەکێشن، کە جێگەی سەرنجیانەو پاشان ڕەنگی دەکەن.

### سوودە ویژدانییەکان:

گەشە کردنی هەستی جوانناسی لەڕێگەی دەربڕینی هونەری ئازاددا.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت:

پێویستە قوتابییەکان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١– شێوەی ئەو هێڵانەم پێ بڵێ، کە دەیانزانیت؟

٢– هەندێك نموونەم لەو هێڵانە پێ بڵێ، کە لە دەوروبەرتن؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

بەکارهێنانی هێڵکاری لە دێرزەمانەوە، تا ئەمڕۆ لە بواری نووسین و نیگارکێشاندا  شتێکی باوبووە بۆ دەربڕینی خۆیی، پاش ئەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان گەشەدەستێنن لە بواری زانستی و کردارەکیدا، ئەوا ئەمڕۆ چەندین شێوەو کەرەستەو شمەك بەکاردەهێنین بۆ گوزارشت لەخۆکردن.

کەواتە دەتوانین بۆ کێشانی هێڵ هانا بۆ قەڵەم ڕەساس، یان قەڵەمی خەڵوز، یان ماجیك، یان هەر کەرەستەیەکی تری ڕەنگکردن بەرین. هەروەها دەتوانین بەم شمەکانە بابەتی گشتی بکێشین و

گوزارشت له چەندین بابەتی فرەجۆر بکەین، کە پڕبن له هێڵی جۆراوجۆر. بەڵام بەو مەرجەی ئازادی تەواو بدەین بە قوتابییەکان، تا بەدڵی خۆیان بابەتەکان هەڵبژێرن و پاشان گوزارشت لە هەستەکانی خۆیانی پێ بکەن. بۆ نموونە: بابەتێك گوزارشت لە ‹‹گەشت›› بکات لە ناو وڵاتەکەماندا. ئەوە ناونیشانی بابەتێکی گشتگیرە بەو مەبەستەی، تا قوتابییەکان لەناو گەشتکردنەکەدا چەندین دیمەن بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن. واتە جا ئەم گەشتە خێزانی بێت، یان گەشتی قوتابخانە بێت، یان هەر گەشتێك، کە خۆیان بۆ شوێنێك ئەنجامیان دابێت. هەروەها مامۆستا دەشتوانێت، وەك بابەتی گشتی وەرزش هەڵبژێرێت، پاشان قوتابییەکان سەرپشك بکات لە هەڵبژاردنی وێنەکێشانی هەر وەرزشێك، کە خۆیان پێیان خۆشە، یان لایان پەسەندە. جاری وا هەیە مەرج نییە قوتابییەکە خۆی وەرزشی کردبێت، بەڵام لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە تەماشای یاری کردووە (جا هەرياریيەك بێت). هەروەها مامۆستا دەتوانێت بابەتی ژینگە پارێزی هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی قوتابییەکە بوروژێنێت، پێویستە چەند بابەتێك بخاتە بەر بیری قوتابییەکان، واتە پێیان بڵێ لەبارەی پاکوخاوێنی گەرەکەکەتان، یان شارەکەتان، یان قوتابخانەکەتان، بابەتێك هەڵبژێرن، بەڵام بەو مەرجەی نەبێتە بابەتی سەپاندن، چونکە ئەگەر مامۆستا بابەتەکەی سەپاند بەسەر قوتابییەکاندا، ئەوا حەزو ئارەزوی کارکردنیان بۆ نیگارکێشانەکە نامێنێت.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

- لە لایەن مامۆستاوە چەند وێنەیەکی جۆراوجۆر نمایش دەکرێت بۆ قوتابییەکان.
- وەك مامۆستا چەند وێنەیەك لەگەڵ قوتابییەکان بکێشەو وێنەکە بەرزبکەوە، تا قوتابییەکان سەیری بکەن و چەند جارێك بڵێ، ئەرێ پێتان چۆنە؟ وێنەکەم جوانە؟ وێنەکەم بەدڵی ئێوەیە؟ ئەمەش بەمەبەستی دروستکردنی پردی پەیوەندییە لە نێوان مامۆستاو قوتابییەکانداو بەسەربردنی کاتێکی خۆشە لەگەڵیاندا. لەم کاتەدا پێویستە مامۆستا، وەك گەمەیەك مامەڵە لەگەڵ وانەو بابەتەکەدا بکات، تا قوتابییەکان بەشێوەیەکی سادەو ساکارو چێژبەخش مامەڵە لەگەڵ وانەی هونەردا بکەن و هەستی بەرپرسیارییەتی و خۆشەویستییان بۆ بجووڵێت.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**هێڵ:** پاشماوەی گەیاندنی خاڵێکە بۆ خاڵێکی ترو پاشان ئاڕاستەیەك دیاری دەكات.

**دەربڕینی هونەری ئازاد:** بریتییە لە دەربڕینی بیرو بۆچوون و هەستی هونەری بە ڕێگەی نیگارکێشانی ئازاد، ئەم دەربڕینە چەندین بابەتی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە بە کەرەستەو شمەکی جیاواز دەربڕینی پێ دەکرێت.

## پلانی فێرکاری



وێنەی (١- ١) نیگارکێشان بە قەڵەم ڕەساس

**پلانەکە:** وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ.

**چالاکییەکە:** نمایشی ڕوونکاری.

بۆ جێبەجێکرکردنی پلانەکەمان پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرینە بەر:

- مامۆستا چەند پرسیارێك لە قوتابییەکان دەکات:

١- چۆن دەست بە نیگارکێشانی بابەتێك بکەین لەڕێگەی هێڵکاری لەسەر کاغەزەکە؟

٢- چۆن گوزارشت لەو پێکهاتەو شێوەو بابەتانە بکەین؟ کە لە ڕێگەی هێڵکاری، شێوەکان دیاری بکات لەسەر کاغەزەکە.



وێنەی (١- ٢) خەیاڵکردن بۆ بابەتێك

٣- چۆن شێوەکان بە قەڵەم ڕەنگ، ڕەنگ بکەین؟ ڕەنگ کردنەکە پێویستە هێڵی ڕەنگەکان بە تەنیشت یەکەوە بن و یەك لەدوای یەك بن.

- پاشان مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان دەکات لەبارەی وەڵامی پرسیارەکانەوە. وێنەی (١- ١) و (١- ٢).

- مامۆستا بۆ ڕوونکردنەوەو وەڵامدانەوەی پرسیاری قوتابییەکان وێنەی ڕوونکاری بەکاردەهێنێت.
- مامۆستا ئەو واتاو وشانە بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە، کە لە وانەکەدا بەکاردەهێنرێن.
- مامۆستا جارێکی تر پێداچونەوە بە زانیارییەکاندا دەکات و قوتابییەکان بەسەردەکاتەوەو سەرنج و تێبینی خۆیان پێ ڕادەگەیەنێت.

## سەرچاوەی فێرکاری

- **کەرەستەو پێداویستی نیگارکێشان:** پاستیلی وشك، پاستیلی چەور، قەڵەم ڕەنگی دار، ماجیك، ڕەنگی ئاوی، دەفتەری نیگارکێشان، یان کارتۆنێکی سپی. وێنەی (١- ٣) و (١- ٤).

- **هۆکاری ڕونکاری:** وێنەی ئامادەکراو، ئەو وێنانەی، کە لە ڕابردوودا قوتابییەکان کێشاویانە، داتاشۆ، نمایشکردنی چەند بەڵگە وێنەیەك لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە.



وێنەی (١- ٣) و (١- ٤) ڕەنگکردن بە بۆیەی ئاوی



وێنەی (١- ٥) قەڵەم ڕەنگی دارو بۆیەی ئاوی






ماجیك پاستیلی وشك پاستیلی چەور

## چالاکی ١:

**کارامـەیی:** مامۆسـتا قوتابییـەکان ئاڕاسـتە دەکـات بـۆ کێشـانی وێنـەی هـەر گەشـتێك، کـە قوتابییەکان ئەنجامیان دابێت بۆ هەر شارێك، یان ناوچەیەکی کوردستان. وێنەی (١- ٦).

١- قوتابییەکان خۆیان شوێن و جۆری گەشتەکە دیاری دەکەن.

٢- قوتابییـەکان پـلان دادەڕێـژن بەمەبەسـتی کێشـان و پێکهاتـەکانی نـاو وێنەکـە، یەکەمجار قوتابییەکان قەڵەم ڕەساس بەکاردەهێنن، پاشان ڕەنگی دەکەن.

٣- پێویستە قوتابییەکان هەر جۆرە ڕەنگێکیان، کە لەبەردەستدایە بەکاری بهێنن.

٤- پێویستە مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە بکات بۆ پڕکردنەوەی سـەرجەم پانتـایی ڕووبەری کاغەزەکە (باکگڕاوند) بە ڕەنگی فرە جۆر.

٥- پێویستە بوار بە قوتابییـەکان بدرێت، تا لەسـەر وێنەکـەیان لەگـەڵ هاوڕێکانیان گفتوگۆی بکەن.

٦- پێویستە قوتابییەکان کارە هونەرییەکە بە پاکوخاوێنی ڕابگرن.

٧- مامۆسـتا کـارە هونەرییـە نایـاب و باشـەکان هەڵدەبـژێرێت و لـە هـۆڵی چالاکییەکان، یان لە ڕاڕەوی قوتابخانەکە نمایشیان دەکات.



وێنەی (١- ٦) نیگارکێشانی گەشتێکی قوتابخانە بۆ یاریگای منداڵان.

## چالاکی ٢:

**کارامەیی:** قوتابییەکان  نیگاری کۆمەڵێك لە هاوڕێکانیان دەکێشن. وێنەی (١– ٧).

١– قوتابییەکان ئەو هاوڕێیانەی خۆیان هەڵدەبژێرن، کە لەگەڵ یەکتن و یەکتریان خۆشدەوێت.

٢– قوتابییەکان شێوەو هێڵکارییەکە بە قەڵەم ڕەساس دەکێشن، پاشان بە قەڵەمڕەنگی دار، یان بە ماجیك، یان بە پاستیل ڕەنگی دەکەن.

٣– قوتابییەکان بە ئازادییەکی ڕەها ڕەنگەکان بەکاردەهێنن.

٤– مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات، تا باکگراوندی تابلۆکە پڕ بکەنەوە بەو شێوەو ڕەنگانەی مەبەستیانە.

٥– قوتابییەکان سەرپشك دەکرێن بۆ گفتوگۆکردن لە ناو پۆلدا لەسەر بابەتی تابلۆکە لەگەڵ هاوڕێکانیاندا.

٦– مامۆستا تابلۆ پاك و ڕەنگینەکان هەڵدەبژێرێت، تا لە هۆڵی چالاکییەکان، یان لە ڕاڕەوی قوتابخانەکەدا نمایشیان بکات.



وێنەی (١– ٧) چرۆ وێنەی خۆیی و لەنیاو هێلین و نەوای هاوڕێی کێشاوە.

## چالاکی ٣:

**کارامەیی:** قوتابییەکان وێنەی ئەرکی ئاگرکوژێنەوە دەکێشن، هەروەك لە وێنەی (١– ٨) دا دیارە.

١– قوتابییەکان شێوەو جۆری ئاگر کەوتنەوەکە دەکێشن.

٢– قوتابییەکان سەرەتا شێوەو بابەت و هێڵکارییەکە بە قەڵەم ڕەساس دەکێشن، پاشان بە قەڵەمڕەنگی دار، یان ماجیك، یان پاستیل ڕەنگی دەکەن.

٣– قوتابییەکان بە ئازادییەکی ڕەها ڕەنگەکان بەکاردەهێنن.

٤– مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات، تا باکگراوندی تابلۆکە پڕ بکەنەوە بەو شێوەو ڕەنگانەی مەبەستیانە.

٥– ئەگەر ویستیان قوتابییەکان دەتوانن بۆ هاوڕێکانیان باسێك پێشکەش بکەن لەسەر تابلۆکەیان.

٦– پێویستە قوتابییەکان ئاگاداری پاکوخاوێنی تابلۆکەیان بن.

٧– مامۆستا تابلۆ پاك و ڕەنگینەکان هەڵدەبژێرێت، تا لە هۆڵی چالاکییەکان، یان لە ڕاڕەوی قوتابخانەکەدا نمایشیان بکات.



وێنەی (١– ٨) لاڤین، لە وێنەکەیدا ئەرکی پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە پیشان دەدات.

## هەڵسەنگاندن

ئامانج: هەڵسەنگاندنی وانەکە لە ڕێگەی تێبینی کردنەوە.

ئامرازی هەڵسەنگاندن: خشتەی خەملاندن.

ئەنجامی فێرکاری: بۆ ئەوەی قوتابییەکان شێوەو هێڵکاری بەکاربهێنن بە مەبەستی گوزارشتکردن بە ئازادی لەو بابەتانەی سەرنجیان ڕادەکێشێت، بەو کەرەستەو پێداویستیانەی لەبەردەستیاندایە.

| ژمارە | هەڵسەنگاندن و تێبینی کردن لەکاتی جێبەجێکردندا | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاستی بەکارهێنان: قوتابییەکە شێوەو هێڵکاری جیاوازی لە بابەتی وێنەکەدا بەکارهێناوە. | | | |
| ٢ | ئاستی بەکارهێنان: قوتابییەکە لە ڕێگەی هێڵکارییەوە شێوەو پێکهاتەی بابەتەکەی کێشاوە. | | | |
| ٣ | ئاستی بەکارهێنان: قوتابییەکە ڕەنگی گونجاوی بەکارهێناوەو بە ئازادی ڕەنگی کردووە. | | | |
| ٤ | ئاستی دابەشکردن: قوتابییەکە پێکهاتەو شێوەو بابەتەکانی بەسەر کاغەزەکەدا دابەشکردووە. | | | |
| ٥ | ئاستی پارێزگاریکردن: قوتابییەکە پارێزگاری لە پاکوخاوێنی و ڕێکخستنی کارە هونەرییەکە دەکات. | | | |
| ٦ | ئاستی توانستی: قوتابییەکە توانای جیاکاری و داهێنانی لە گوزارشتکردن لە بابەتەکەدا هەیە. | | | |

ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی وانەکەدا، بەرچاو ڕوونی زیاتر دەداتە مامۆستای پەروەردەی هونەر لە بارەی قوتابییەکانییەوە، چونکە دەزانێ، تا چەند ئەرك و کارەکەیان جێگەی گرتووە لەناو قوتابییەکانیدا، واتە ئامانجی وانەکەی پێکاوە، یان نا؟ بۆیە مامۆستا دەتوانێت لەسەر ئەم خشتەیە، جارێکی دی پلان دابڕێژێتەوە لە باشترەوە بۆ باشترین.

## پێکگرتن و لێکبەستن:

**پێویستە مامۆستا، ئەم وانەیە ببەستێتەوە لەگەڵ:**

**١- وانەی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، بابەتی ‹‹سەیرانەك ل کوردستانێ››، لاپەڕە (٣٢). ‹‹سەیران››**

**٢- وانەی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، بابەتی ‹‹چۆلەکەو مام ڕێوی››، لاپەڕە (١٠). ‹‹مام ڕێوی››**

**٣- وانەی زانست بۆ هەموان، پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، کتێبی قوتابی، بابەتی ‹‹وشکاوەکییەکان و ماسییەکان و خشۆکەکان››، لاپەڕە (٣٠). ‹‹وشکاوییەکان››**

**٤- وانەی زانست بۆ هەموان، پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، کتێبی قوتابی، بابەتی ‹‹ژینگەی بیابانی››، لاپەڕە (٤٢). ‹‹بیابان››**

## چالاکییەکی جیاواز:

**مامۆستای پەروەردەی هونەر داوا لە قوتابییەکان دەکات، کارتۆنێك، یان کاغەزێکی ڕەق و توندوتۆڵ بەکاربهێنن بە مەبەستی ڕووپۆشکردنی بە پاستیلی چەور. واتە ڕووپۆشەکە بە چەند ڕەنگێك بێت و چین لەسەر چین بێت. پاشان بە ڕەنگێکی جیاوازتر سنور بۆ ڕەنگ و جووڵەکانی ناو تابلۆکە دابنێن و دواتر دەبینێت ڕەنگ و شێوە جیاوازەکان دەردەکەون بە ئاستێکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش. وێنەی (١- ٩). هەروەها دەتوانێت داوا لە قوتابییەکان بکات وێنەیەکی ڕۆژ بکێشن و شێوەی هێڵە شەپۆلاویەکانی بنەخشێنن بە ڕەنگی جۆراوجۆر، وێنەی (١- ١٠). دواتر لە کۆتایی هەردوو چالاکییەکەدا، داوا لە قوتابییەکان بکە سەرنجی خۆیان دەربڕن لەسەر تابلۆکە.**



**وزێنەی (١- ٩)**



**وێنەی (١- ١٠)**

# وانەی دووەم

تەوەر: دەربڕینی هونەری  بە نیگارکێشان.

بابەت:  پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان

پۆل: سێیەمی بنەڕەتی

کاتی دیاریکراو: ٥ وانە

وانە: باکگڕاوند و پانتاییە ڕەنگییەکان

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان:

بۆ ئەوەی قوتابییەکان ڕەنگەکان بناسن و پاشان بتوانن بەکاری بهێنن لە دەربڕینی هونەری و کێشانی شێوەو بابەتی فرەجۆر لە نیگارکێشانێکی ئازاددا.

### سوودە کارامەییەکان:

بۆ ئەوەی قوتابییەکان ڕەنگ بەکاربهێنن بۆ کێشان و پڕکردنەوەی پانتایی.

### سوودە ویژدانییەکان:

گەشەپێدان و بەهێزکردنی هەستی جوانناسی لە ناخی قوتابییەکاندا.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- لای تۆ کام ڕەنگە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشە؟

٢- ئەو کەرەستەو شمەکانەی ڕەنگی پێدەکەن، بیانژمێرە، یان پێم بڵێن؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

ڕەنگەکان کاریگەی گەورەیان لەسەر حەزو ئارەزووی منداڵ هەیەو ئەم کاریگەرییەش بە ئاشکرا بە ڕوخساری منداڵەکانەوە بەدەردەکەون و دڵخۆشیان دەکەن. منداڵ زۆر ئازایانەو چاونەترسانە دەتوانێت لە نیگارکێشاندا ڕەنگ بەکاربهێنێت و هێزێکی جوانناسی گەورە بە تابلۆکە ببەخشێت، لەبەر ئەوە هەموو ڕەنگەکان بەلای منداڵەوە جوانن و جیاوازییان لە نێواندا ناکات، لەوانەیە هەندێ

جار ڕەنگێکی پێ لە ڕەنگێکی تر جوانتر بێت، بەڵام ئەوە نیشانەی ئەوە نییە، کە منداڵەکە ڕەنگەکانی تر ڕەت دەکاتەوە، یان لای پەسند نین. بەکارهێنانی ڕەنگ لە کاری هونەریدا هەستی جوانناسی قوتابی بەهێز دەکات و ئاستی کارامەیی باش دەکات و دواتر توانای پڕکردنەوەی پانتایی تابلۆکانی باش دەبێت و هەستی دەستلێدان و بینینی پێش دەکەوێت، چونکە ڕاستەوخۆ کار بە ڕەنگ دەکات و دەستیان لێدەدات. قوتابی لەم ڕاهێنانەدا ئاستی کاڵی و تۆخی ڕەنگەکان لێکدەکاتەوەو جیاوازییان دەکات و پاشان لە تەمەنەکانی دواتریدا ئەم گەشەیە بە ئاسانی هەست پێدەکەین. چونکە تا تەمەنی بەرەو هەڵکشان بچێت باشتر هەست بە جوانی ڕەنگەکان دەکات و توانای گەشەی بینینی باشتر دەبێت و ئاستی وێنەکێشانی پێش دەکەوێت و بابەتەکان بە باشی لێکجیادەکاتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ گوزارشتکردنی خۆیی.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**ڕەنگ:** تیشکدانەوەی ڕووناکی شێوەو کەرەستەکانە لەسەر چاو، (واتە ئەو کەرەستەو شمەکانەی دەیان بینین، ڕووکەشێکی ڕەنگیان هەیەو بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی ڕووناکی، ئەوا ڕەنگەکان بە پلەی جیاواز دەردەکەون و شتەکان بە ڕەنگاوڕەنگی دەبینین).

**کەرەستەکانی ڕەنگکردن:** بریتییە لە گیراوەی ڕەنگی جۆراوجۆر. تایبەت ئامادەکراوە بە مەبەستی ڕەنگکردنی ڕووە جیاوازەکان، وەك: ماجیك، قەڵەم ڕەنگی دار، پاستیلی چەور ، پاستیلی وشك...

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** فێرکردن لە ڕێگەی چالاکییەوە.

**چالاکی:** جێبەجێکردن لە وانەی کرداریدا.

بۆ ئەوەی ئامانجی پلانەکەمان جێبەجێ بکەین، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرینە بەر:

١- مامۆستا قوتابییەکان دابەش دەکات بۆ چەند کۆمەڵەیەکی (٤ تا ٦) کەسی و ئەم کەرەستانەش ئامادە دەکات: ڕەنگی ئەکریلیك وێنەی (٢- ١)، کەوچکی یەکبار، کاغەزی سپی، یان کارتۆنی سپی، چنگاڵ، فڵچەی نەرم.

٢- مامۆستا بۆ هەر کۆمەڵەیەك کەمێك لە ڕەنگی ئەکریلیك لەسەر قاپی یەکبار ڕۆدەکات و پاشان قوتابییەکان بە چنگاڵ ڕەنگەکە هەڵدەگرن و دەیکێشن بە

کاغەزەکەدا، بەڵام بەشێوەیەکی نەرم و ڕێکوپێک، تا وێنەو شێوەی گوڵێک، یان درەختێک بکێشن، هەروەك لە وێنەی (٢- ٢) دا دیارە.

٣- دواتر قوتابییەکان لەژێر چاودێری مامۆستادا کاری خۆیان بە ئازادی ئەنجام دەدەن. وێنەی (٢- ٣).



وێنەی (٢- ٢)



وێنەی (٢- ١)



وێنەی (٢- ٣) قوتابییەکە بە ئازادی کاری هونەری ئەنجام دەدات

## گرنگی ئەم چالاکییە:

١- قوتابییەکان دەبنە درێژە پێدەری ئەو کارانەی، کە لە ڕابردوودا ئەنجامیان داوە، واتە کارەکانیان، دواتر ئەزموونیان بەرەو هەڵکشان دەچێت و ئاستی هونەریان بەرز دەبێت.

٢- قوتابییەکان، وەك چالاکیەك ترسیان لەکاری هونەری نامێنێ پاشان، وەك هونەرمەند ڕەفتاردەکەن و ئاستی جوانناسیان بەرز دەبێتەوە. ئەم ئاست بەرزییەش بە ڕوونی لە ڕەفتارەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوەو شێوازی گفتوگۆو دانوستانیان لەگەڵ یەکتری گۆڕانی بەسەردادێت. واتە زمانی هونەرییان گەشە دەکات و وشەو دەستەواژەی نوێ فێردەبن. بۆیە پێویستە مامۆستا هەمیشە بە زمانی هونەری گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکاندا بکات و مامەڵەکردنی مامەڵەکردنێکی هونەرمەندانە و هاوڕێیانە بێت، نەك، وەك مامۆستاو قوتابی ڕەفتار بکات.

٣- قوتابییەکان ئەنجامی کارو بەرهەمی هونەری خۆیان دەبیننەوە، بەمەش هەست دەکەن فەرامۆش نەکراون و لەلایەن مامۆستاکەیانەوە گرنگیان پێدەدرێت. کەواتە قوتابییەکان هەست بە بوونی خۆیان دەکەن و هەست بە دڵنیابوونی زۆرتر دەکەن لەلایەن مامۆستاکەیانەوەو ئاستی بەخۆزانییان بەرز دەبێتەوە.

٤- قوتابی دەتوانێت بڵێت: ‹‹من دەتوانم، من دەزانم››، چونکە ئاستی بەخۆزانی گەشەی کردووەو توانستە خۆییەکانی خۆی دەزانێت و پاشان هەست بە بوونی خۆی دەکات.

## گرنگی ئەرکی مامۆستا لەم قۆناخەدا:

پێویستە مامۆستا بەهیچ شێوەیەك قوتابییەکان فەرامۆش نەکات بەوەی، کە قوتابییەکان دەزانن و دەتوانن، چونکە ڕوودانی هەر فەرامۆشکردنێك لە لایەن مامۆستاوە منداڵەکان دەخاتەوە چوارگۆشەی یەکەم، چونکە ئەوە بزانە، کە قوتابییەکان ئاستی بەخۆزانییان ڕوو لە کزی دەکاتەوە و بەمەش هەموو پرۆسەکە، ئنجا کارەکەت دەخەیتە بەر مەترسی و دواتر چاککردنەوەی ئەستەمە. بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە بکەیت و زیادەڕەوی لە ڕەفتارکردندن و گفتوگۆکردندا نەکەیت.

## چالاکی ١:

**کارامەیی:** قوتابییەکان بەردی قەبارە جیاواز بە ڕەنگی ئەکریلیك ڕەنگ دەکەن. وێنەی (٢- ٤).

١- مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، چەند بەردێکی قەبارە بچووکی جیاواز، دوای شۆردنەوەی لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ قوتابخانە.

٢- مامۆستا ڕەنگی ئەکریلیکی ڕەنگاوڕەنگ و فڵچە و پالێت و چاوی دەستکرد و سفرەی یەکبار ئامادە دەکات بۆ کارکردن.

٣- پێویستە قوتابییەکان یەك، تا سێ ڕەنگ هەڵبژێرن، بەمەبەستی ئەنجامدانی کارە هونەرییەکە. نابێت لە سێ ڕەنگ زیاتر بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی کۆنترۆڵی کارە هونەرییەکە بکەن.

٤- مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات بە مەبەستی زانین و شێوازی کارکردن. مامۆستا بە قوتابییەکان دەڵێت بەردەکانتان ئامادە بکەن بۆ ڕەنگکردن، پاشان دوای وشکبوونەوەی ڕەنگی سەرەکی، دواتر وێنەی دەم و چاوی لەسەر بکێشن، وەك ئەوەی لە وێنەی (٢- ٤) دا دیارە.

٥- پێویستە مامۆستا قوتابییەکان ئاگاداربکاتەوە لە پاکوخاوێن ڕاگرتنی کارە هونەرییەکە، چونکە بەهای جوانی ئەم کارە لە پاك ڕاگرتنیدایە.

٦- دوای کار، مامۆستا کارە هونەرییەکان کۆدەکاتەوەو دواتر بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر سەکۆی پەنجەرەکە هەڵیان دەخات، تا بەباشی وشك ببنەوە، پاشان کۆیان دەکاتەوە، تا کاتی نمایش، نابێت بەردەوام لەبەر هەتاو دابنرێت، چونکە ڕەنگەکانیان کاڵ دەبنەوە.



وێنەی (٢- ٤) چەند نموونەیەك لە بەردی ڕەنگکراو

## چالاکی ٢:

**کارامەیی:** هەڵکۆڵین لەسەر تابلۆی کیشراو بە ڕەنگی پاستیلی چەور.

١- بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە پێویستمان بەم کەرەستانە دەبێت: پاستیلی چەور، چیلکەی دان پاککردنەوە، لەزگەی کاغەز، کاغەزی سپی، یان کارتۆن.

٢- پێویستە قوتابییەکان کاغەزی وێنەکێشانەکەیان بە لەزگەی کاغەزی لەسەر مێزەکە گیر بکەن، تا نەجوڵێت و لارە لار نەکات.

٣- لە هەنگاوی دووەمدا قوتابییەکان بە دڵی خۆیان ڕەنگەکان لەسەر کاغەزەکە دادەنێن (ڕەنگاوڕەنگ). (زۆرجار ئەم جۆرە کاغەزە بە ئامادەکراوی دەستدەکەوێت)

٤- دوای ئەوەی لە دانانی ڕەنگەکان دەبینەوە، پێویستە ڕەنگی ڕەش لە سەر ڕووپۆشی ڕەنگەکانی تر دابنێین، بەڵام پێویستە لەم چینەدا بە نەرمی مامەڵە بکەین، چونکە لەوانەیە توێژاڵی ڕەنگاکانی تر هەڵبگرێت.

٥- لە قۆناخی کۆتاییدا مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات، کە بە چیلەکەی دان پاکردنەوە بە هێواشی و بەو شێوەیەی، کە خۆیان مەبەستییانە وێنە بکێشن لەسەر ڕووە ڕەشەکە. دوای ڕنینی ڕووە ڕەشەکە دەبینین ڕەنگەکانی تر بەدەردەکەون و ئەو شێوەیەی مەبەستمانە دەردەچێت، هەروەك لە وێنەی (٢-٥) دا دەبینرێت. ‹بابەتێکی پێشوەختە هەڵدەبژێرین بۆ کێشان›

٦- لە کۆتاییدا ئەگەر قوتابییەکە هەڵەشی کرد، بەڵام لە دواییدا فێردەبێت، کە کارێکی هونەری لەم شێوەیە پێویستی بە پشوودرێژی و ئارامگرتن هەیە، تا جوان و ڕێك دەربچێت.



٧- لە قوتابییەکان بپرسە، ئێستا هەست بەچی دەکەن؟ چی دەبینن؟

وێنەی (٢- ٥)
هەڵکۆڵین لەسەر تابلۆی ئامادەکراو بە ڕەنگی پاستیل.

## چالاکی ٣:

مامۆستا کەرەستەو پێداویستییەکانی ڕەنگکاری ئامادە دەکات، وەك: ڕەنگی ئەکریلیك، کارتۆن، یان کاغەزی سپی لە جۆری (A3 یان ١٠٠×٧٠سم)، میزڵدان، دەستکێشی یەکبار، سفرەی یەکبار، دەستکێشی یەکبار. پاشان مامۆستا قوتابییەکان لە شێوەی کۆمەڵەی (٤ تا ٦) کەسی ڕێکدەخات و دواتر قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات بۆ کارکردن. مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات دەستکێشی یەکبار لە دەست بکەن و دواتر هەر کۆمەڵەیەك چەند ڕەنگێك لەسەر کاغەزەکەیان دابنێن، پاشان میزڵدانەکەیان هەوا تێبکەن و نەرم نەرم بیکێشن بەسەر ڕەنگە دانراوەکان. بەهۆی پاڵەپەستۆی میزڵدانەکەوە ڕەنگەکان تێکدەچرژێن و تێکەڵ بەیەك دەبن. وێنەی (٢– ٦). بەم چالاکییە قوتابییەکان هەستی جوانناسی و ئاستی بینینیان گەشە دەکات، چونکە جگە لەو ڕەنگەی دایناوو، چەند ڕەنگێکی نوێی تریش دەدۆزێتەوەو بەدوای ناوەکەیاندا دەگەڕێت و پرسیار دەکات لە بارەیانەوە.





وێنەی (٢– ٧)

وێنەی (٢– ٦) بەکارهێنانی میزڵدان لە کێشانی تابلۆدا.

هەرلەو چوارچێوەیەدا مامۆستا دەتوانێت هەمان چالاکی سەرەوە، بەڵام بە تەکنیکێکی جیاوازتر بە قوتابییەکان دووبارە بکاتەوە. لەبری میزڵدان (تیرۆك) بەکار دەهێنێت بۆ بڵاوە پێکردنی ڕەنگە دانراوەکان. وێنەی (٢– ٧). ئەوەی لێرەدا بۆ قوتابییەکان زۆر گرنگە ئەوەیە، کە پێویستە زۆر بە نەرمونیانی کارە هونەرییەکە ئەنجام بدەن و پەلە نەکەن، چونکە هەر پەلە کردنێك کارە هونەرییەکە پیس دەکات و شێوەی جوانی ڕەنگەکان تێکدەدات.

## چالاکی ٤:

ماموستا قوتابییەکان دەخاتە کۆمەڵەی (٢ تا ٤) کەسی، تا ئەم چالاکییە بە وردی و هێمنی ئەنجام بدەن. کەرەستەی پێویست بریتییە لە: ڕەنگی ئەکریلیك، یان ڕەنگی ڕۆنی، کاغەزی سپی، یان کارتۆنی جۆری (A4 یان A3)، دەستکێشی یەکبار، فڵچە یان تیرۆکی بچووك، بۆیەی لاك. ماموستا داوا لە قوتابییەکان دەکات بە بۆیەی (لاك) وێنەی هەر شێوەیەك بکێشن، کە خۆیان حەزی پێدەکەن، بەڵام ئەگەر سەرەتا وێنەکە سادەو ساکاربێت باشترە، دواتر با هەوڵبدەن کاری چڕترو ئاڵۆزتر بکێشن، هەروەك لە وێنەی (٢- ٨) دا هەنگاوەکانی کارکردن دیارە. دوای ئەوەی لاکەکە وشك دەبێتەوە قوتابییەکان بە ڕەنگی ئەکریلیك، یان ڕەنگی ڕۆنی ڕووپۆشی وێنە کێشراوەکە دەکەن بەو ڕەنگەی خۆیان مەبەستیانە، بەڵام مەرجە، کە دەبێت کارەکە پوخت و پاك بێت، تا ئاستی جوانی لەدەست نەدات، پاشان قوتابییەکان کاغەزێکی سپی پاك دەخەنە سەر کاغەزە ڕەنگ کراوەکە، بەهۆی فشار خستنەسەر هەردوو کاغەزەکە لە ڕێگەی تیرۆکەوە، ئەوا کارەکە لەبەری دەگیرێتەوەو بەم شێوازی کارکردنەش دەگوترێت (مۆنۆتایپ). شوێنە بەرزەکان زۆر جوان دەردەکەون.

لەم چالاکییەدا قوتابییەکان باشتر دەتوانن کار بە ڕەنگ بکەن و بەوەش ئەزموونێکی نوێ دەچێتە سەر خەرمانەی بیرۆکەکانیان و لە ئایندەدا هەوڵدەدەن کاری جیاوازترو نایابتر ئەنجام بدەن.

بۆ ئەومەبەستەش سەرەتا ماموستا دەتوانێت تاقیکردنەوەیەك لەبەرچاوی قوتابییەکان ئەنجام بدات، تا مەبەستی کارەکە ڕوون و ئاشکرابێت. لە کۆتایی وانەکەشدا ماموستا ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات:



١- هەست بەچی دەکەن؟

٢- چیتان بینی؟

دواتر بوار بە قوتابییەکان بدە، تا لەبارەی کارەکەیان بدوێن و با ئەوەش بخەنە ڕوو، کە چۆن بیریان لەو بیرۆکەیە کردووە (مەبەست کارەکەی خۆیانە).

(لە وانەکانی تردا کاری نوێتر ئەنجام دەدەین).

وێنەی (٢- ٨)

## چالاکی ٥:

پێویستە مامۆستا بۆ ئەم چالاکییە کۆمەڵێك کەرەستە ئامادە بکات، وەك: ڕەنگی شەربەت (تۆزی شەربەت)، ڕەنگی ئاوی (شل، یان تیوپ)، نیشاستەی گەنمەشامی، سرنج (سرنجی دەرزیلێدان)، یان ترومپا، کاغەز، یان کارتۆنی سپی جۆری ( A4). مامۆستا پێشکار هەوڵدەدات بیرۆکەی کارکردنەکە بەگوێی قوتابییەکاندا بدات و پێیان بڵێت چۆن بکەن و چۆن دەستپێبکەن؟ لە یەکەم هەنگاودا مامۆستا ڕەنگە تۆزەکە لەگەڵ نیشاستەکە تێکەڵ دەکات لە قاپێکی یەکباردا، هەر ڕەنگە و بەجیا ئامادە دەکرێت. پێویستە ڕەنگەکان هاوشێوەی شلەیەکی کەمێك خەست بگیرێتەوە (نە زۆر شل و نە زۆر توند) بێت. ئەم ڕەنگانە دەخرێنە ناو سرنجەکە، یان ترومپاکەو بە هێواشی یاری پێدەکرێت لەسەر کاغەزەکە بەو شێوەیەی کە قوتابییەکە دەیەوێت. وێنەی (٢– ٩). دوای تەواو بوون، پێویستە لە کارەکە بگەڕێن، تا وشك دەبێتەوە، پاشان قوتابییەکە دەبینێت چ کارێکی جوانی هونەری ئەنجامداوە؟



(وێنەی (٢– ٩) وێنەکێشان بە ترومپا

مامۆستا دەتوانێت دوای ئەوەی چالاکییەکە تەواو دەبێت نایلۆنی (سلیڤان ) بەکار بهێنێت و پێش ئەوەی کارە هونەرییەکە وشك بێتەوە، یان لە کارێکی نوێتردا بیخاتە سەر ڕەنگەکان و پاشان بە تیرۆك، یان بە ڕۆڵە، یان بە دەست ڕەنگەکان پان بکاتەوە، وەك لە وێنەی (٢– ١٠) دیارە. قوتابییەکان چێژلەم چالاکییە وەردەگرن، ئنجا هەست بەخۆشی و جوانبینی کارەکە دەکەن.



وێنەی (٢– ١٠) کاری مۆنۆتایپ

## چالاکی ٦ (چالاکی ماڵەوە):

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لە ماڵەوە یەک نیگار بکێشن بە شێوازی (خاڵەکوتە)(*) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگی ماجیك، یان قەڵەم ڕەنگی دار. قوتابییەکە سەرەتا پێویستە چەند وێنەیەکی نموونە ئاسا لە لایەن مامۆستاوە ببینێت، پاشان هەنگاوەکانی کارکردن لە لایەن مامۆستاوە بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکرێتەوە:

سەرەتا پێویستە قوتابییەکە نیگارەکە بە قەڵەم ڕەساس بە کاڵی بکێشێت، پاشان بەو ڕەنگەی خۆی مەبەستییەتی ڕەنگی دەکات بە شێوەی خاڵەکوتە. بەڵام دەبێت قوتابییەکان ئاگادار بکرێنەوە لەوەی، کە پێویستە بە نەرم و نیانی کارەکە ئەنجام بدەن، چونکە هەر هەڵە کارکردنێك دەبێتە هۆی تێکدانی کارەکە. وێنەی (٢- ١١) و (٢- ١٢).



وێنەی (٢- ١١)



وێنەی (٢- ١٢)

داوا لە قوتابییەکان بکە لە ڕێگەی ترومپا، یان دانانی دڵۆپە ڕەنگ لەسەر کاغەزی سپی و پاشان (فوو) لە دڵۆپە ڕەنگەکان بکەن، دواتر بزانن چی دەبینن، بەڵام پێویستە بە وریایی و بە هێواشی ئەم کارە ئەنجام بدەن، تا کارە هونەرییەکە بە پاکی بمێنێتەوە، وەك وێنەی (٢- ١٣).



وێنەی (٢- ١٣)

(*)خاڵەکوتە: لە بری وشەی عەرەبی (تنقیط) بەکارهاتووەو لەبەرانبەر وشەی ئینگلیزی (Dotting) دانراوە. لە هونەری شێوەکاریدا، باشترین وشە، بۆ ئەم کارە (خاڵەکوتە)م بە پەسەند زانی، کە لە خاڵ کوتینەوە هاتووە.

# هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن لە کاتی جێبەجێکردندا.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** بەخۆداچوونەوە (خۆهەڵسەنگاندن).

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان پانتاییەکان بە کێشانی شێوەی جۆراوجۆر پڕ دەکەنەوە، بە بەکارهێنانی کەرەستەو ڕەنگی جیاواز.

| ژمارە | پێوانەیەکی دیاریکراو بۆ تێبینیکردن لەکاتی جێبەجێکردندا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | لە مانای ڕەنگ تێدەگەم و کەرەستەکانی ڕەنگکردنیش دەناسم. | | |
| ٢ | دەتوانم جیاوازی لە نێوان کەرەستەکانی ڕەنگکردندا بکەم. | | |
| ٣ | دەتوانم بۆ دەربڕین شێوازی جیاواز بەکاربهێنم لە ڕێگەی ڕەنگکردنەوە. | | |
| ٤ | لە کاتی کارکردندا هاوکاری هاوڕێکانم دەکەم. | | |
| ٥ | دەتوانم (بەرد) ڕەنگ بکەم و شتێکی جوانی هونەری لێدروست بکەم. | | |
| ٦ | دەتوانم فڵچە بەکاربهێنم، بۆ کێشانی تابلۆیەکی جوانی هونەری. | | |
| ٧ | دەتوانم ڕێگەی جیاواز بەکاربهێنم، بۆ گوزارشتکردن لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگ و نایلۆنی سلیڤان. | | |
| ٨ | لەکاتی نیگارکێشان و ڕەنگکردندا بەشێوەیەکی هونەری شێوەو پێکهاتەکان دابەش دەکەم. | | |
| ٩ | پاکوخاوێنی تابلۆکەم، پاشان شوێنکارەکەم ڕادەگرم. | | |

پێویستە مامۆستا لە کاتی هەڵسەنگاندندا ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی قوتابییەکان بکات، چونکە بیرت نەچێت هەندێك لە قوتابییەکان ئەزموونیان زۆرترەو هەندێکی تریش توانای لەشەکیان پێش توانای ئەقڵیان کەوتۆتەوە، یان بە پێچەوانەوە. ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە پێویستە ڕەچاوی ئامانجەکەمان بکەین، چونکە مەبەستی سەرەکیمان فێرکردنی کاری هونەری نییە بە منداڵەکان، هێندەی مەبەستمانە ئاستی جوانناسی و کارامەییان بەرەو پێشەوە بەرین، پاشان قوتابییەکان هەست دەکەن و دواتر خۆیان ئارەزووی فێربوون دەکەن.

# وانەی سێیەم

تەوەر: دەربڕینی هونەری  بە نیگارکێشان.

بابەت:  پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان

پۆل: سێیەمی بنەڕەتی

کاتی دیاریکراو: ٣ وانە

وانە: پانتاییە ڕەنگییەکان (نموونەی بەرجەستە)

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

سوودە زانیارییەکان: بۆ ئەوەی قوتابییەکان ڕەنگە سروشتییەکان بناسن و بیبەستنەوە بە سروشتەوە.

سوودە کارامەییەکان: قوتابییەکان وێنەی ئەو بەردو شێوە بەردیانە بکێشنەوەو ڕەنگیان بکەن.

سوودە ویژدانییەکان: بۆ ئەوەی قوتابی ڕێز لە جوانی ڕەنگی سروشتی بگرێت.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە لە ڕێگەی کارکردنەوە:

- جیاوازی بکەن لە نێوان ئەو تابلۆیەی، کە بە قەڵەم ڕەساس کێشاویانەو ئەو تابلۆیەی بە ڕەنگاوڕەنگی کێشاویانە.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

نیگارکێشانی سروشت یەکێکە لەو کارە بەربڵاوانەی، کە هونەرمەندانی شێوەکار هەمیشە ئەنجامی دەدەن لە ناو سروشتدا، بە مەبەستی نزیک بونەوەو ئاوێتەبوون لەناو ئەو هەموو ڕەنگەی سروشت بەرهەمی دەهێنێت و بە جوانییەکەی ویڕای سەرسامییان، ئەوا بەرچاویشیان ڕوون و گەش دەکات و چێژ لە ڕەنگەکان وەردەگرن. هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی هونەرمەندانی شێوەکار، ناسراوو نەناسراو چەندین تابلۆی سروشتیان کێشاوە، هۆکارەکەشی ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامەیە، کە سروشت لە چوار وەرزی ساڵدا بەسەریدادێت، چونکە هەمان شوێن و جێگەیە، بەڵام لەهەر وەرزێکدا ڕەنگێك دەپۆشێت و بە شێوەیەك دەردەکەوێت و سەرسامان دەکات.

وێنەکێشانی بەردو تاوێرەکان بەشێکە لە وێنەکێشانی سروشت، چونکە هێڵ و پانتایی فرە ڕەنگی تێدایەو بەهۆی کاتی زۆرو گۆڕانکارییە جیۆلۆجییەکانەوە ڕەنگ و شێوەیان گۆڕاوە، بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە قوتابییەکان بەرێتە ناو سروشت و دەست لە کەرەستەو شمەکەکانی ناوسروشت بدەن، ئەوا لێرەوە قوتابییەکان بە سەرسامییەوە لە سروشت دەڕوانن و لە جوانییەکەی تێدەگەن و بە بێ بەها سەیری ناکەن. بیرت نەچێت کوردستان بە شاخ و گردو تەپۆڵکەکانییەوە جوانەو سروشتێکی دڵگیری هەیە لە هەر چوار وەرزی ساڵدا. کەواتە قوتابییەکانیش بێبەش مەکە لەو جوانییەو گەشتێکی کورت ساز بکە، تا لە نزیکەوە هەست بەو جوانییە بکەن، کە تۆ بۆت باسکردوون.

## بەسەر بردنی کاتێکی خۆش

پێشکار، چەند وێنەیەکی ڕوونکاری پیشانی قوتابییەکان بدە، وێنەی (٣- ١) و (٣- ٢). قوتابییەکان لە ڕێگەی وێنە ڕوونکارییەکەوە لە مەبەستت تێدەگەن.



وێنەی (٣- ٢) بەردێکی ڕەنگاوڕەنگ



وێنەی (٣- ١) شاخێکی شەپۆلاوی ڕەنگین

## یەکەی وانەکەو ناساندنی:

**ديمەنی سروشتی:** بریتییە لەو دیمەنەی، کە لە سروشتدا هەیەو پێکدێن لە بەرزی و نزمی خاك و پانتاییە ئاوی و سەوزاییەکان بە هەموو جۆرو شێوەکانییەوە، لەگەڵ هەموو ئەو زیندەوەرانەی لە سەری دەژین.

**ڕەنگی سروشتی:** بریتییە لەو ڕەنگەی، کە لەسروشتدا دەیبینین و ئێمەش دووبارەی دەکەینەوە، یان بەکاری دەهێنینەوە لە تابلۆکانماندا. بۆنموونە: ئاسمان شینە، درەختەکان سەوزن، بەردەکان قاوەیی. ئێمەش لە تابلۆکەدا هەمان ڕەنگ بۆ شتەکان دووبارە دادەنێینەوە.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** ڕاهێزان لەژێر چاودێری و بە سەرپەرشتی مامۆستا.

**چالاکی:** جێبەجێکردنی کرداری.

بۆئەوەی بە کرداری ئەم کارە ئەنجام بدەین، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرینە بەر:

١- مامۆستا گەشتێك بۆ ناو سروشت ساز دەکات بۆ قوتابییەکان، جا ئەم گەشتە بۆ باخی قوتابخانە بێت، یان بۆ دەرەوەی قوتابخانە.

٢- مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لە ڕێگەی قەڵەم ڕەساسەوە وێنەی ئەو شێوەو دیمەنانە بکێشنەوە، کە دەیبینن و هەستی پێدەکەن، بەڵام بەومەرجەی نوکی قەڵەکەمە توند دانەگرن.((قوتابییەکان، وێنەیەکی خەیاڵی شتە هەستپێکراوەکان دەکێشنەوە، نەك کت و مت هەموو دیمەنەکە، وەکو خۆیان بن، چونکە ئەوە پێویست ناکات)).

٣- مامۆستا کاتێکی دیاریکراو بۆ قوتابییەکان دیاری دەکات، تا کارەکە تەواو بکەن.

٤- پاشان قوتابییەکان بەو ڕەنگەی لەبەردەستیاندایە وێنەبینراوەکە ڕەنگ دەکەن.

٥- پێویستە مامۆستاش لەگەڵ قوتابییەکان کار بکات، تا ئاستی بەخۆزانیان زۆربێت و هەست بە شادی بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش مامۆستا لە ڕێگەی ئەو وێنەیەی، کە خۆی کێشاویەتی، یان وێنەی یەکێك لە قوتابییەکان، ئەم چەند خاڵە، بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکاتەوە:

أ- لە تابلۆکەدا هێڵە ستونییەکان پیشانی قوتابییەکان دەدات، کە دارەکانن. هەروەك لە وێنەی (٣- ٣) دیارە.



وێنەی (٣- ٣)

**لێکبەستن و پێکگرتن:** پێویستە مامۆستا ئەم وانەیە ببەستێتەوە بە وانەی زانست بۆ هەمووان٣، بابەتی: خاو و تاوێرەکان لە بەندی یەکەم.

ب- گەڵای دارەکان لە ڕێگەی ڕەنگی سەوزەوە دیاریدەکەین بە چەند وەشـــاندنێك دەنەخشـــێنرێت، هـــەروەك لـــە وێنـــەی (٣- ٤) دا دیارە.



وێنەی (٣- ٤)

ت- پانتاییـە فرەوانەکـە، کـە لـە زەوی و گردەکـــــــــــان پێکهـــاتووە، بـــە ڕەنگێکـــی کـاڵتر ڕووپـۆش دەکـەین، کـە جیاوازبێـــت لـــەوانی تـــر. هەروەك لە وێنەی (٣- ٥) دا دیارە.



وێنەی (٣- ٥)

پ- پاشـــان مامۆســـتا تـــابلۆ تەواوکراوەکـــە بەدەســـتەوە دەگرێـــــت و پیشـــــانی قوتابییـەکانی دەدات و هێڵـە ئاسۆیی و ستوونییەکان بۆ قوتابییـەکان ڕووندەکاتـەوە، لەگـــەڵ ڕەنگـــە کـــاڵ و تۆخەکان. وێنەی (٣- ٦).



وێنەی (٣- ٦)

## چالاكی خەیاڵكاری

داوا لـە قوتابییـەكان بكـە لـە ڕێگـەی خەیاڵكردنـەوە وێنەیـەكی سروشـتی كوردسـتان بكێشـن، بەومەرجەی پێویسـتە قوتابییـەكان ئـەو شـوێنەیان بینیبێـت و سـەردانیان كردبێـت. ئـەم چالاكییە خـەیاڵكردەو مامۆسـتا توانـای خـەیاڵكردنی قوتابییـەكان تاقیدەكاتـەوە، تـا بزانێـت، تـا چ ئاسـتێك توانـا كارامـەیی و ژیرییـەكانیان گەشـەی كـردووە، هـەروەك لـە وێنـەی (٣- ٧) دەردەكـەوێت. پاشـان بـوار بـۆ قوتابییـەكان بڕەخسـێنە، تـا بـە شێوەیەكی ئـازاد گفتوگۆ لەسـەر شوێنەكە، ئنجا لەسەر شێوازی كاركردنەكە بكەن لەگەڵ یەكتریدا.



وێنەی (٣- ٧)

**سوودە بەدەستهاتووەكانی ئەم چالاكییە:**

١- توانای خەیاڵكردنی قوتابییەكان فروان دەكات.

٢- هەستكردن بە شوێنەكان باشتر لە مێشك و یادگارییەكانیدا دەچەسپێنێ.

٣- هەست بەخۆزانی دەكات و ئاستی متمانە بەخۆبوونی زۆر دەبێت.

٤- گرنگی بە یادگاری و بیرەوەری دەدات و فەرامۆشیان ناكات.

٥- ئاستی بینین و خەیاڵكردن لێكدەبەستێت و پاشان هاوسەنگی دەكات.

٦- ئـەم فەلسـەفەیە پێچـەوانە دەكاتـەوە، كـە دەڵێـت: ‹‹منـداڵ چـی دەزانێـت ئـەوە دەكێشـێت، نـەك چی دەبینێت؟››. ئێسـتا وای لێدێت، كە بڵێین: ‹‹منـداڵ چی دەبینێت ئەوە دەكێشێت، نەك چی دەزانێت››. هۆكارەكەشی ئەوەیە، كە منداڵ، تا تەمەنی هەڵكشێت زیاتر پشت بە هەستی بینینین ‹‹چاوەكانی›› دەبەستێت. ئەمەش جۆرێكە لە ئەزموونكردن و پێگەیشتنی ماسوولكە بچووك و گەورەكانی. هـەروەها منـداڵ لـەم تەمەنـەدا هەوڵـدەدات هاوسـەنگی لـەنێوان ماسـوولكە بچووكەكان و ماسوولكە گەورەكاندا دروست بكات.

داوا لە قوتابییەکان بکە بە ئارەزووی خۆیان، ئەم دوو وێنەیە ڕەنگ بکەن بەو ڕەنگ و کەرەستانەی لەبەردەستیان دایە. هەروەها قوتابییەکان سەرپشك بکە بە زیادکردنی هەرشێوەیەك بۆ وێنەکە، کە خۆیان حەزی پێ دەکەن.





## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن لە کاتی جێبەجێکردندا.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** چاودێریکردنی قوتابییەکان.

**ئـەنجامی فێرکـاری:** قوتابییـەکان گوزارشـت دەکـەن لـە ڕێگـەی پڕکردنـەوەی پانتـایی و کێشـانی شێوەی جۆراوجۆر بە بەکارهێنانی کەرەستەو ڕەنگی جیاواز.

| ژمارە | پێوانەیەکی دیاریکراو بۆ تێبینیکردن لەکاتی جێبەجێکردندا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابییەکان لە واتای ڕەنگ و دیمەنە سروشتییەکان تێگەیشتوون. | | |
| ٢ | قوتابییەکان دەتوانن وێنەی دیمەنە سروشتییەکان بە قەڵەم ڕەساس بکێشنەوە. | | |
| ٣ | قوتابییـەکان دەتـوانن کەرەسـتەی ڕەنگکـاری بـەکاربهێنن بـۆ کێشـانی دیمەنـە سروشـتییەکان. وەك: فڵچـە، شـفرە، پالێـت، ماجیـك، قەڵـەم ڕەنگی دار، ئەکریلیك، تێمپرا... | | |
| ٤ | قوتابییەکان دەتوانن ڕەنگ لە کەرەستە سروشتییەکان دەربهێنن، یان دروست بکەن، وەك هاڕینی بەرد، یان گڵی ڕەنگاوڕەنگ. | | |
| ٥ | قوتابییەکان بە ئاسانی ڕەنگەکانیان دەگرتەوە. | | |
| ٦ | لەکاتی کارکردندا قوتابییەکان هاوکاری یەکتریان کردووە. | | |
| ٧ | قوتابییەکان پاکوخاوێنی تابلۆکە، پاشان شوێنکارەکەیان ڕاگرتووە. | | |

### گرنگی ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ مامۆستا:

١- مامۆستا توانای خۆی دەزانێت لە شێوازی تێگەیاندنی قوتابییەکانیدا.

٢- ئاستی ژیری و زانیاری مامۆستا دەردەکەوێت، کە تا چ ئاستێك زانیارییەکانی بەکارو کاریگەرە.

٣- مامۆستا ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکانی بۆ دەردەکەوێت و بەرتەکی زانیارییەکانیشیان دەزانێت.

٤- مامۆستا دەتوانێت لەبەر ڕۆشنایی ئەم هەڵسەنگاندنەدا، پلانەکەی دابڕێژێتەوە.

# تەوەری دووەم



# نەخشەسازی Design

تەوەر: نەخشەسازی.

بابەت: پێکهاتەکانی نەخشەسازی

کاتی دیاریکراو: بەشە وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندەکان.

## نەخشەسازی Design

ئەم تەوەرە بە یەکێك لەتەوەرە زۆر گرنگ و دڵخۆشکەرەکان دادەنرێن بۆ قوتابییەکان، چونکە قوتابییەکان دڵخۆش دەکات و ئاسوودە و ئارامییان پێدەبەخشێت و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن لەگەڵ یەکتریدا. لەگەڵ هەموو ئەو دڵخۆشییەشدا لەڕووی کاری هونەری و بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی قوتابییەکاندا، کاریگەری دەبێت و تواناو ئاستی کارامەیی قوتابییەکان دەردەخات، ئەوەی باشە باشتری دەکات و ئەوەی لاوازە ئاستی متمانە بەخۆبوونی بۆدەگێڕێتەوەو توانا کارامەییەکانی بەرەو باشتر دەبات. لەگەڵ هەموو ئەم کارانەی، کە قوتابییەکان لە کۆتاییدا ئەنجامی دەدەن، وا دەکات توانای داهێنان و خەیاڵکردن لە هۆش و هزری قوتابییەکاندا چرۆ پێبکات و بیانخاتە ئاستێکی باڵاوە. ئامانجی ئەم تەوەرەش بۆ درێژەپێدانی تەوەری پێشووەو بۆ تەواوکردنی ئامانجەکانی پێشوو تێدەکۆشێ.

لەم تەوەرەدا چەند وانەیەك جێگیردەکەین، تا مامۆستای هونەر بە ئاستێکی باشەوە مامەڵە بکات لەگەڵ وانەکەدا و پاشان وانەکەی ئامادە بکات لەگەڵ قوتابییەکان بەمەبەستی گوتنەوەی بە شێوەیەکی باش و سەرنجڕاکێش لە پۆلدا.

بۆیە لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین، کە لە ڕووی هونەرییەوە گرنگی نەخشەسازی بۆ قوتابی پۆلی سێیە م زۆر گرنگەو سوودی زۆر بە قوتابییەکان دەگەیەنێت و ئاستی جوانناسی قوتابییەکان باڵا دەکات، ئەم ئاستە جوانناسییەش لە کارە هونەرییەکانیاندا بەئاشکرا دەردەکەوێت. بۆیە کارزانی و لێهاتوویی مامۆستا لێرەدا ئاشکرا دەبێت، کە تا چەند دەتوانێت خەیاڵ و بیرو هزری قوتابییەکان بجووڵێنێت بۆ بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە. کەواتە نەخشەکێشانیش هەر بەشێکە لە کاری هێڵکاری و نیگارکێشان، بەڵام بە جۆرێك و بە شمەکی تر. بۆیە پێویستە مامۆستا، پاشان قوتابییەکان بە شێوەیەکی باوەڕپێهێنراو و ڕاست و دروست کارەکە ئەنجام بدەن.

ئەم پلانەش بە دابینکردنی یەکەکانی وانەکە دێنە دی، چونکە پێکهاتەکانی نەخشەسازی هونەری بریتین لە: ڕەنگ، هێڵ، شێوە و کەرەستەی جیاواز.

**پێشبینی دەکەین دوای خوێندنی ئەم تەوەرە قوتابییەکان توانا کارامەییەکانیان بەرز ببێتەوەو بتوانن، کە:**

١- بتوانن نیگار بکێشن و هێڵی سادە لە ڕازاندنەوەی شێوەکاندا بەکاربهێنن.

٢- بتوانن نەخشەسازی ئەنجام بدەن بە هێڵی ڕێك و هێڵی ناڕێك و پاشان ڕەنگکردنی. هەروەها فێری نەخشەسازی و ڕازاندنەوە دەبن لەڕێگەی بڕین و لێکبەستن و ڕەنگکردنەوە، لە کۆتاییدا چەندین شێوەی هەمەڕەنگ و جوان بەرهەمدەهێنن.

٣- بەکارهێنانی تۆنی یەك ڕەنگی، تا کاڵی و تۆخی بۆ دەربچێت و ئاستێکی جوانناسی پێبدات.

٤- قوتابییەکان فێردەبن کەرەستەو پێداویستی تر لە کاری هونەریدا بەکاربهێنن و بیگونجێنن لەگەڵ شێوە هونەرییەکەدا. هەروەها بەهۆی کۆکردنەوەی کەرەستە فڕێدراوەکان و دووبارە بەکارهێنانەوەیان لە کارێکی هونەری جواندا، قوتابییەکان تێکەڵی سروشت دەبن و ڕێز لە ژینگە دەگرن.

٥- قوتابی لەم قۆناخەدا تامەزرۆی کاری هونەرییە، چونکە توانای بیرکردنەوەو ئاستی خەیاڵکردنی لە گەشەکردن دایەو دەیەوێت شتی نوێ بدۆزێتەوە، ئەگەر نا داهێنانی تێدا دەکات.

٦- یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی لەم تەوەرەدا ڕوودەدات ئەوەیە، کە منداڵەکان دەتوانن، کە هەستی ‹‹بینین و دەستلێدان›› پێکەوە هاوسەنگ بکەن.

٧- حەزی کارکردنیان لا دروست دەبێت و ئارەزووی کاری هونەریی دەکەن.

٨- ئاستی هاوکاری کردنی یەکتریان بەرز دەبێتەوەو باشتر پێدەگەن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەو توانای دانوستانیان باڵا دەبێت و شێوەی گفتوگۆو ئاستی زمانەوانییان پێشدەکەوێت و وشەو دەستەواژەی هونەری نوێ دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەو مەرجەی مامۆستا بەردەوام لە وانەکەیدا ئەم وشەو دەستەواژانە فەرامۆش نەکات و بەردەوام بەکاریان بهێنێت لە چالاکییەکاندا.

# وانەی یەکەم

**تەوەر: نەخشەسازی.**

**بابەت: پێکهاتەکانی نەخشەسازی**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

---

## نەخشەسازی Design



**لەم وانەیەدا قوتابی بەدوای بیرۆکەی نوێدا دەگەڕێت و داهێنان دەکات، بەو مەرجەی مامۆستا ئاڕاستەی بکات بۆ کاری هونەری و هاوکاری بکات لەکاتی گیربوون و وەستاندا.**

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان:

قوتابییەکان هێڵە ئەندازەییە سادەکان دەناسن.

### سوودە کارامەییەکان:

قوتابییەکان فێری نەخشەسازی کاردەبن، بە تایبەت لە کێشانی شێوە ئەندازەییەکانداو پاشان بەکاری دەهێننەوە لە بواری هونەری جۆراوجۆردا.

### سوودە ویژدانییەکان:

قوتابییەکان لەژێر کاریگەری بەرهەمە هونەرییەکاندا، گەشە بە بوارەکەی خۆیان دەدەن و پێشی دەخەن. ‹‹بە تایبەت لایەنە کۆمەڵایەتییەکە››.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت:

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، بەتایبەت لەبارەی:

١- هەموو هێڵە جۆراوجۆرەکان لە سروشت و ژینگەدا.

٢- هەستکردن بە هێڵە چەماوەکان لە ڕێگەی بینینەوە.

٣- لە کوێی ناوماڵەکەماندا هێڵە ڕاستەکان دەبینین؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

دوای ئەوەی زانیمان، کە هێڵ کۆترین هۆکارەکانی دەربڕینی هونەری بووەو پاشان زانیمان، کە چەند جۆر هێڵمان هەیە لە قۆناخەکانی ڕابردوودا باسمان کردوون و لەسەری دواوین و تاقیشمان کردۆتەوە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەم هێڵانە لە بواری نەخشەسازیدا بەکاربهێنینەوە و شێوەی ئەندازەیی جۆراوجۆری پێ دروستبکەین. پێویستە ئەوەش بزانین لە کارەکاندا هێڵەکان کاریگەری خۆیان بەسەر کارە هونەرییەکەوە بەجێ دەهێڵن و شێوەکان بەپێی نەخشەسازییەکە ئاستی جوانییان دەگۆڕێت. وەك وێنەی لە (٤- ١) دا بەڕوونی ئەم ئاستە جوانییە دەردەکەوێت و



وێنەی (٤- ١)

چاو لە بینینی تێر نابێت و چێژ بەخشە. لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو شێوەو چێوە جیاوازانەی، کە هەن، ئەوا بەڕوونی ئەوە دەبینین، کە ئەم هێڵانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر شێوە ئەندازەییەکانەوە هەیەو قەبارەو شێوەیان گۆڕانکاری بەسەردادێت بەپێی ویستی خۆمان، گەورەیان دەکەین و بچووکیان دەکەینەوەو پێکیان دەگرین و لێکیان دەبەستین، وەك: چوارگۆشە، لاکێشە، مەعین، خڕ، سێگۆشە و دەتوانین یەك لەدوای یەك شێوەکان دووبارە بکەینەوە بە شێوەیەکی ڕێك و جوان و لەتەنیشت یەك دایان بنێین، تا وێنەیەك و شێوە ئەندازەییەکی جوانمان چنگ بکەوێت. هەروەك لە وێنەکانی (٤– ٢) و (٤– ٣) و (٤– ٤) و (٤– ٥) دا دیارە.



وێنەی (٤– ٣)



وێنەی (٤– ٢)



وێنەی (٤– ٤)



وێنەی (٤– ٥)

هێڵە ئەندازەییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە بۆ دیاری کردنی شێوەکان و پڕکردنەوەی پانتاییە بەرفرەوان و بەرتەسکەکان و هێڵەکان یەکتر دەبڕن و تێکدەچڕژێن و تێکگیردەبن. ئەگەر تەماشای سروشت و ژینگە بکەین، ئەوا بەئاسانی هەست بەو هێڵانە دەکەین و لە نزیکەوە دەیانبینین. کوردستان بە شاخەکانییەوە بەناوبانگە، ئەگەر سەیرێکی هێڵکاری شاخەکان بکەین چەندین هێڵی یەکتربڕو چونیەك هەستپێدەکەین ودەبینین. هەروەك لە وێنەی (٤– ٦) و (٤– ٧) دا دیارە. ئەم وێنانە سروش بەخشن بۆ مرۆڤ و پێویستە مامۆستا ئاستی بینینی قوتابییەکانی پێ پێشبخات و ئاستی جوانناسی منداڵەکانی پێ گەشە پێبدات. هەستی بینین و دەستلێدان بۆ ئەم کاتەی منداڵ زۆر گرنگە، چونکە دەتوانێ خۆی پێ پەروەردە بکات و زانیارییەکانی پێ زۆر بکات و ئەزموونی باشتر دەبێت و دەگاتە ئاستی ڕاهێزانکردن.



وێنەی (٤– ٦)



وێنەی (٤– ٧)

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

شێوە ئەندازەییە سادەکان: چەند شێوەیەکی دوو دووری پیشان دەدات، وەك: چوارگۆشە، بازنە، لاکێشە، هەروەها ئەو شێوانەی چەند گۆشەیەکیان هەیە.

### پلانی فێرکاری

پلانەکە: مانەوە لەسەر چالاکییەکە، فێربوون و ڕاهاتن لە کاری بەکۆمەڵدا.

چالاکییەکە: گفتوگۆکردنی بەکۆمەڵ لە ناو کۆمەڵەکەیدا.

ئەم جۆرە چالاکییە وا لە قوتابییەکان دەکات باشتر فێری ئەوەبێت، کە چۆن پرۆژەکانی جێبەجێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی لەکارکردنی پێدەبەخشێت و فێری کاری بەکۆمەڵ دەبێت، ئەم

فێربوونـەش وەسـتاوە لەسـەر ئاسـتی خێـرا فێربـوون، گرنگیپێـدان، ئاسـتی گەشـەو شـێوازی وانەگوتنەوەکە، کە لەلایەن مامۆستاوە پێشکەش دەکرێت وا دەکات کاریگەری لەسەر قوتابییەکان بەجێبهێڵێت، کە بتوانن پرۆکەی نوێ و داهێنان ئەنجام بدەن و ئاستی خەیاڵکردنیان گۆڕانکاری بەسەردابێت. واتە مامۆستا بەم کارە هانی قوتابییەکان دەدات، کە هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەن لە بەرانبەر فێربوونیان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- قوتابییەکان وتووێژ بکەن لەگەڵ یەکتریدا لەبارەی شێوە ئەندازەییە سادەکان.

٢- قوتابییەکان گفتوگۆ بکەن لەبارەی چوارگۆشەو سێگۆشەو لاکێشەکان. هەروەها ئەوانە کەوتوونەتە کوێی قوتابخانەکەوە؟

٣- گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن لەباری چۆن سوود لەم شێوە ئەندازەییانە وەربگرن و بەکاری بهێنن لەکاری هونەریدا؟

٤- دەستکردن بەکارو کاتێکیش بۆ جێبەجێکردن و تەواوکردن دیاری بکرێت.

٥- هاوکاری پێشکەشکردن لە نێوان کۆمەڵەکاندا.

٦- مامۆستا لەسەر چۆنییەتی هاوکاری کردنەکەو شێوازی کارکردنەکە تێبینی دەداتە قوتابییەکان و چاودێریان دەکات بێ ئەوەی سانسۆریان بخاتە سەر.

٧- مامۆستا خۆی دڵنیا دەکاتەوە، کە قوتابییەکان ئامانجەکەیان پێکاوەو دەتوانن کاری هونەری پاك و ڕێك و جوان بەرهەم بهێنن، کە ئاستی جوانناسی بەرزو نایاب بێت.

## سەرچاوەی فێرکاری

کەرەستەو پێداویستییە سەرەتاییەکان: کۆمپیوتەر، داتاشۆ، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگەی بریسکەدار، قەڵەم ڕەساس، ماجیك، قەڵەمڕەنگی دار، پاستیلی چەور، کەرەستەی ئەندازیاری (پرگاڵ و ڕاستەی جۆراوجۆر).

هۆکاری ڕوونکاری: پێویستە مامۆستا پێش ئەوەی وانەکە بڵێتەوە، چەند وێنەیەك، یان چەند تابلۆیەکی ئامادە پیشانی قوتابییەکان بدات، تا ئەوانیش بزانن مامۆستا داوای چییان لێدەکات؟ و پاشان جێبەجێی بکەن. ئەگەر مامۆستا چەند کەرەستەیەکی پێش لێکدان پیشانی قوتابییەکان بدات باشترە.

## چالاکی ١:



وێنەی (٤- ٨)

**کارامەیی:** قوتابییەکان چەند نەخشەسازییەکی ئەندازەیی سادە هەڵدەبژێرن و پاشان دەیکێشنەوە، یان دروستی دەکەن.

١- قوتابییەکان چەند شێوەیەکی ئەندازەیی سادە، کە دروستکردنەوەی ئاسان بێت دەکێشن. وێنەی (٤- ٧).

٢- قوتابییەکان ئەو شێوە ئەندازەییانەی دەیکێشن، پێویستە بە هاوسەنگی و ڕێکوپێکی دابەشی بکەن بەسەر ڕووپەڕی کاغەزەکەدا.

٣- پاشان قوتابییەکان ئەو شێوەیەی نەخشەی بۆ دەکێشن بەو ڕەنگەی بەردەستییان ڕەنگی دەکەن.

٤- پێویستە ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنەکە، پاشان کارە هونەرییەکە بکەن.

## چالاکی ٢:

مامۆستا هەوڵدەدات قوتابییەکان خۆیان بیرۆکەی نوێ دابهێنن بۆ کێشان و نەخشەسازی کردن و ڕازاندنەوەی ڕووپەڕی کاغەزەکە، بەڵام پێویستە مامۆستا ئاڕاستەیان بکات بەوەی، کە پێویستە شێوە ئەندازەییەکان، یەکەم: یەکتر بڕن. دووەم: دووبارە ببنەوە. هەروەها پێویستە سەرەتا بە قەڵەم ڕەساس نەخشەکە بکێشن و دوای ئەوەی بە کارەکە ڕازی دەبن، ڕەنگی بکەن، وەك وێنەی (٤- ٩) و (٤- ١٠).



وێنەی (٤- ١٠)



وێنەی (٤- ٩)

## چالاکی ماڵەوە:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لەسەر هەمان ڕێچکە لە ماڵەوە نەخشە بۆ کارێکی هونەری جوان بکێشن و پاشان ڕەنگی بکەن، بەڵام بەومەرجەی شێوە ئەندازەییەکان یەکتر بڕبن، تا ئاستێکی جوانناسی پیشان بدات. هەروەها، تا بۆیان دەکرێت ڕەنگی جۆراوجۆر بەکاربهێنن، وەك وێنەی (٤– ١١) و (٤– ١٢). هەروەها پێویستە ڕێنیشاندەری قوتابییەکان بکەین لەو هەنگاوانەی پێویستە بیگرنە بەر، وەك نموونەی وێنەی (٤– ١٣).



وێنەی (٤– ١١)



وێنەی (٤– ١٢)



وێنەی (٤– ١٣)

## چالاکی لاوەکی:

پێویستە مامۆستا بیرۆکەیەکی لاوەکی بە گوێی قوتابییەکاندا بچرپێنێ، وەك وروژاندن و شڵەقاندنی خەیاڵی قوتابییەکان. بۆ نموونە داوا لە قوتابییەکان بکە، کە دەتوانن لە ماڵەوە لە بری ئەوەی تەنها شێوە ئەندازەییەکان بۆ ڕازاندنەوە بەکاربهێنن، ئەوا دەتوانن شێوەی ئاژەڵێك، یان وێنەی سروش بکێشنەوەو پاشان بە ڕەنگی جۆراوجۆر بیڕازێننەوە، بەڵام بەو مەرجەی شێوەی ئەندازەیی لەناو شێوەکاندا ببینرێت، وەك وێنەی (٤– ١٤) و (٤– ١٥).



وێنەی (٤– ١٤)



وێنەی (٤– ١٥)

# هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

**ئـەنجامی فێرکاری:** بـەکارهێنانی نەخشەسـازی ئەنـدازەیی سـادەو سـاکار بەمەبەسـتی ڕازاندنـەوە لەلایەن قوتابییەکانەوە.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینی کردن لە کاتی جێبەجێکردندا | زۆرباش | باش | پەسەند |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرێکی کاغەزەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێت. | | | |
| ٢ | کەرەستەو پێداویستییەکان بە باشی ئامادە دەکات. | | | |
| ٣ | ئەو شێوە ئەندازەییانە دەکێشێت، کە خوازراون. | | | |
| ٤ | شێوە ئەندازەییەکان دەگونجێنێت لەگەڵ یەکتر. | | | |
| ٥ | ڕەچـاوی شـێوە ئەندازەییـە یـەکتر بڕەکـان دەکـات و هاوسەنگییەکانیان دەپارێزێت. | | | |
| ٦ | ڕەنگەکان دەگونجێنێت و جوانی و پاکیان دەپارێزێت. | | | |
| ٧ | لە کاتی کارکردندا پشت بەخۆی دەبەستێت. | | | |
| ٨ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارو کارە هونەرییەکە دەکات. | | | |

**ئەرکی مامۆستا:**

دوای هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی توانسـتی قوتابییـەکان لـە ڕووی کارامـەیی و خـەیاڵکردن و پێشنیارکردنەوە، پێویستە مامۆستا بە ئامانجەکەیدا بچێتەوەو پلانێکی نوێ دابڕێژێتـەوە بۆ وانـەی داهاتوو. واتـە ئەگەر مامۆستا بۆی دەرکەوت توانای قوتابییـەکانی لـە چ ئاسـتێکی پـەروەردەیی و فێرکـاری و هونەریدایە، ئـەوا بـە ئاسـانی دەتـوانێ لـە توانا کارامەییـەکانی قوتابییـەکانی تێبگـات و بەرچاوی ڕۆشـن دەبێـت بـۆ کـاری ئاینـدە. بیرت نەچێت و ئـەوە بزانـە، کـە وا قوتابییـەکانت توانا لەشـەکی و ئەقڵییـەکانیان گەشـەی کـردووە و ئاسـتی دنیابینییـان فرەوانتر بـووە، بـەهۆی ئـەوەی ئەزموونی زۆرتریان کردووەو باشتر ڕاهێنراون بۆ کاری هونەری و ئاستی جوانناسیشیان باشترە لە جاران.

# وانەی دووەم

**تەوەر: نەخشەسازی.**

**بابەت: بوارەکانی نەخشەسازی**

**وانە: ڕازاندنەوەی ڕێك و ناڕێك.**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

## ڕازاندنەوە Decoration



**قوتابی لەم تەمەنەدا حەز دەکات وردتر کارەکانی ئەنجام بدات و بچێتە قوڵایی کارە هونەرییەکەوە، ئەمەش وەك سەپاندنی هێزی کاری خۆیی و دەرخستنی توانا کارامەییەکانی بۆ دەورووبەر.**

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان:

قوتابییەکان فێردەبن جیاوازی بکەن لە نێوان ڕازاندنەوەی ڕێك و ناڕێکدا.

### سوودە کارامەییەکان:

قوتابییەکان فێردەبن نەخشەسازی بکەن بە شێوەی ڕازاندنەوەی ڕێك و ناڕێك.

### سوودە ویژدانییەکان:

بۆ ئەوەی قوتابییـەکان لـەڕووی جوانسـازییەوە ڕێـز لـە گرنگـی ڕازاندنەوەی ئـەو نـەخش و نیگارانە بگرن، کە دەیکێشن و ئەوانەشی، کە دەیبینن لە شوێنە گشتییەکاندا.

## ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە لە بارەی:

١- جۆری هێڵەکان.

٢- پۆلێنکردنی شێوەی هێڵەکان لە نێوان هەریەك لە: درەختەکان، شاخەکان، دەریاو تەلارەکان.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

شێوە ئەندازەییەکان وا ناسراون، کە ناتوانن شتێکمان بۆ بگێڕنەوە، کەواتـە باسـی بابەتێکمان بـۆ دەکـەن لـە دەرەوەی سروشـتدا. شـێوە ئەندازەییـەکان دابـەش دەبن بـۆ سـێ بەشـی جیـاواز، ‹‹شـێوە ئەندازەییە ڕێکەکان، شێوە ئەندازەییە کەمێك ڕێکەکان، شێوە ئەندازەییـە ناڕێکـەکان››. ڕازاندنـەوە بـە نەخش و نیگاری ئەندازەیی لە چەندین بواردا بەکارهاتووە، بەتایبەت لە بنمیچی خانوو، سەر دەرگا، قاپ، گۆزە. هەروەها لە سەر دەرگای دارینی کوردەواریش لـە ڕێگـەی هەڵکۆڵینـەوە چەندین نـەخش ونیگاری جوانی ئەندازەیی لێ هەڵکۆڵدراوە، جگە لـەدار ئەم نـەخش و نیگارە ئەندازەییانـەش لەسـەر گەچیش کاری لەسەر کراوەو دەکرێت، بەتایبەت بۆ بنمیچی کۆشك و تەلارەکان، لە ڕابردوودا لە ماڵە میر و سـەردار و خانـەدانانی کـورد ئـەم نەخشـە بـە جـوانی نەخشـێنراون و ڕازاندنـەوەی پـێ ئەنجامدراوە. وێنەی (٥- ٢). ژنی کورد هەمان ئەم نەخش و نیگارەی گواستۆتەوە بۆ سەر فەرش و

لباد و سەرشیرو دەسرۆكە  و جل و بەرگی كوردی، بەڵام لە هەموویان جوانترو نایابتر فەرشی كوردییە، كە بە نەخش و نیگارە جوانەكەی بەناوبانگە، وەك وێنەی (٥– ٣). هێڵەكانی بواری نەخشەسازی لە بواری ڕازاندنەوەو نەخش و نیگاردا وردو هەستیارە. بۆیە نەخش و نیگار كەوتە سەر پەنجەرەو بە ڕەنگاوڕەنگی دەیان ڕازاندەوە، تا تیشكی خۆر بە ڕەنگاوڕەنگی بگاتە هۆڵی دانیشتن، هەروەك لە وێنەی (٥– ٤) دیارە. واتە هێڵەكان بەشێوەی ئەندازەیی و هەندێكجار یەكتر بڕو هەندێكجاری تریش لەكەمەر یەكترەوە ڕەت دەبن، بەڵام بەشێوەیەكی زۆر جوان و ڕێك كاری تێدا دەكرێت، تا ئاستی جوانییەكەی پڕ بە بەهابێت و سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕابكێشێت. وەستای كارامە دەتوانێت چەندین نەخش و نیگار ساز بكات بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی، جا ئەم نەخشانە ئەندازەیی بن، یان گژوگیایی، یان مرۆیی، یان ئاژەڵی. بۆیە لێرەدا زۆر ڕۆناچینە ناو وردەكاری باسەكەوەو هەڵی دەگرین بۆ ساڵێكی تر.

بۆیە لەسەر مامۆستایە پێشەكی چەند وێنەیەكی ئەم نەخش و نیگارە یەكتربڕانە پیشانی قوتابییەكان بدات، تا لە مەبەستی مامۆستا تێبگەن.



وێنەی (٥– ٣) نەخش و نیگاری كوردی لەسەر فەرش.



وێنەی (٥– ٢) قەڵای شێروانە لە گەرمیان.



وێنەی (٥– ٤) ماڵە میرانی كورد گرنگیان بە ڕازاندنەوە داوە، هەروەك لەم وێنەیەدا دیارە لە یەكێك لە هۆڵەكانی دانیشتنی سەرەكیدا پەنجەرەكان ڕەنگاوڕەنگ كراون.

یەکێکی تر لە نەخش و نیگارەکان، نەخشی ئەندازەیی ناڕێکە و لە ڕێبازی هونەری (ڕوتەڵەك)[*] ـەوە نزیکە، چونکە شێوە ئەندازەییەکان ناڕێکن و هیچ یاساو پرنسیپێکی کارکردنی تێدا بەکار ناهێنرێت، جگە لە پاك و خاوێنی و دانانی ڕەنگەکان بە شێوەیەکی نەرم ونیان (هارمۆنی). هەروەك لە وێنەی (٥– ٥) دا دیارەو یەکێکە لە تابلۆ کێشراوەکانی دەستی منداڵ.



وێنەی (٥– ٥) نەخش و نیگاری ئەندازەیی ناڕێك

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**شێوە ڕێکەکان:** بریتییە لەو شێوانەی، کە دەربڕی بازنە، سێگۆشەو لاکێشەو چوارگۆشەن و پانتایی و گۆشەکانیان ڕێکخراوە بەشێوەیەکی یاسایی و بیرکاری و ژمێریاری ڕێك وپێك.

شێوە ناڕێکەکان: بریتییە لەو شێوانەی، کە پابەندی هیچ یاساو ڕێسایەکی بیرکاری و ژمێریاری نابێت (هەڕەمەکییە).

**پانتایی:** پانتایی لە ڕێگەی خاڵێکەوە دەستپێدەکات و پاشان دەبێتە هێڵ و دواتر دەگەڕێتەوە شوێنی دەستپێك و لە کۆتاییدا پانتاییەك دروست دەکات.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** ڕاهێنان لەسەر کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ.

**چالاکی:** گفتوگۆ، کارکردن بە کۆمەڵ (گروپکاری) (فێربونی هاوکاریکردن).

ئەم وانەیە وا لە قوتابییەکان دەکات فێری کاری هاوبەشیکردن ببن، ئەوە جگە لەوەی فێری کاری نەخش و نیگار دەبن بەشێوەی نەخشەکێشان، بۆیە پێویستە مامۆستا چەند پرسیارێك لە قوتابییەکان بکات، بەم شێوەیە:

---

[*] ڕوتەڵەك: واتە ڕووتکراوە، یان ڕوتەڵە، یان داماڵدراو لە شێوە، لە بری وشەی (تجريد)ی عەرەبی و (Abstract)ی ئینگلیزی بەکارهاتووە.

١- شێوەی نەخش و نیگاری ئەندازەیی چۆنە؟
٢- ڕازاندنەوەی ئەندازەیی لە کوێ دەبینن؟
٣- چۆن بۆ کاری هونەری دەتوانین سوود لە ڕازاندنەوەی ئەندازەیی وەربگرین؟

- پێویستە مامۆستا قوتابییەکان بکاتە کۆمەڵەی (٤ تا ٦) کەسی.
- دیاریکردنی کاری هەر تاکێك لەناو کۆمەڵەکەدا، تا بزانێت چی دەکات؟
- دیاریکردنی هەنگاوەکانی کارکردن، تا قوتابییەکان بەرچاویان ڕوون بێت.
- دیاریکردنی کاتی کارکردن و تەواوکردنی کارە هونەرییەکە.
- چاودێریکردن و ڕێنماییکردن و ئاڕاستەکردنی قوتابییەکان لە کاتی کارکردندا.

## سەرچاوەکانی فێرکاری

- کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان: کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگەی بریسکەدار، قوماشی لەزگە، ماجیك، قەڵەمداری ڕەنگ، پاستیلی چەور، مقەست، کەرەستەی ئەندازیاری.
- هۆکاری ڕوونکاری: پێویستە مامۆستا چەندین وێنەی ڕوونکاری ڕەنگاوڕەنگ پیشانی قوتابییەکانی بدات، تا بە ئاسانی لە مەبەست و زانیارییەکانی مامۆستا تێبگەن و ئەگەر کاری پێشووی قوتابییەکان هەبوو، ئەوا پیشانیان بداتەوە.

### چالاکی ١:

**کارامەیی:** هەڵبژاردنی شێوازێك بۆ ڕازاندنەوەی ئەندازەیی نارێك.

١- داوا لە قوتابییەکان بکە بە قەڵەم ڕەساسەکەیان، چەند هێڵکی خواروخێچ و یەکتر بڕ بکێشن. پێویستە ڕەچاوی هاوسەنگی و پانتایی کاغەزەکە نەکەن و بە خواستی خۆیان هێڵەکان بکێشن. وێنەی (٥- ٦).
٢- قوتابییەکان بەو کەرەستەیەی حەزی پێدەکەن بۆشاییەکان پڕ دەکەنەوە.
٣- پێویستە پاکوخاوێنی کارەکە بپارێزن.



وێنەی (٥- ٦)

## چالاكی ٢:

**كارامەیی:** هەڵبژاردنی شێوازێك بۆ ڕازاندنەوەی ئەندازەیی ڕێك.

١- قوتابییەكان شێوازێك بۆ ڕازاندنەوەی ئەندازەیی ڕێك هەڵدەبژێرن و دووبارەی دەكەنەوە. وێنەی (٥- ٧).

٢- قوتابییەكان لەگەڵ دووبارەكردنەوەی شێوە ئەندازەییەكە، پێویستە ڕەچاوی هاوسەنگی و دابەشبوونی شێوە ئەندازەییەكە بكەن.

٣- دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لە كارەكە، دەستدەكات بە ڕەنگ كردنی.

٤- ڕەچاوی پاكوخاوێنی كارو شوێنكارەكە بكەن.



وێنەی (٥- ٧)

**هەڵسەنگاندن (سەرپەرشتیاری وانەی هونەر هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستاو وانەكە دەكات).**

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت دەبەستێت بە تێبینیكردن و سەردانیكردن لە نزیكەوە.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** تێنوسی فێركردن و سەردانیكردن.

**ئەنجامی فێركاری:** قوتابییەكان نەخشە ئەندازەییەكان بۆ ڕازانەوەی كارە هونەرییەكان بەكاردەهێنن.

| | |
|---|---|
| ناوی سەرپەرشتیار: | بەروار: |
| ناوی قوتابی: | ناوی مامۆستا: |

مامۆستاكە، باسێكی كورتی لەبارەی ڕازاندنەوەی نەخش و نیگاری ئەندازەیی پێشكەش كردو گرنگی و كاریگەری ئەم جۆرە ڕازاندنەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوونكردەوە. هەرقوتابییەو بەپێی ویستی خۆی كاری ڕازاندنەوەی ئەندازەییان ئەنجامدا، پاشان گفتوگۆیان كرد لەبارەی نەخش و ڕازاندنەوە ئەندازەییەكان و دواتر زانیاریان لەسەر نەخش و نیگاری ئەندازەیی كوردی چنگ كەوت.

**تێبینییەكانی سەرپەرشتیار:** مامۆستا ڕەچاوی جیاوازی تاكایەتی قوتابییەكانی نەكرد.

**تێبینییەكانی مامۆستا:** یەكەم: مامۆستا ویستی وانە كردارییەكە جێبەجێ بكات لە ڕێگەی:

أ- نەخش و نیگار. ب- ڕەنگكردنی نەخش و نیگارەكە.

د- هاوسەنگ ڕاگرتنی كارەكە. پ- پاكوخاوێن ڕاگرتنی كارەكە.

دووەم: قوتابییەكان ئاوێتەی كارەكە بوون و چێژیان لێ وەرگرت.

## لێکبەستن و پێکگرتن:

١- مامۆستای وانەی هونەر، ئەم وانەیە دەبەستێتەوە بە وانەی زانست بۆ هەمووان٣، وانەی٢، بابەت: لە جووڵەی هەیڤ و زەوی چی پەیدا دەبێت؟ مامۆستا وێنەی جووڵەی زەوی، وەك ڕازاندنەوە پیشانی قوتابییەكان دەدات.

٢- مامۆستای وانەی هونەر، ئەم بابەتە دەبەستێتەوە بە وانەی بیركاری بۆ هەمووان٣، بەشی٨، بابەت: كەرتەكان. مامۆستا وێنەو ڕووی شێوەكان پیشانی قوتابییەكان دەدات.

## ئەركی ماڵەوە:

مامۆستا داوا لە قوتابییەكان دەكات بە ئارەزووی خۆیان نەخشەسازی بۆ چەند شێوەیەكی ڕازاندنەوەی ئەندازەیی (ڕێك و ناڕێك) بكەن، وەك وێنەكانی (٥- ٨) و (٥- ٩) و (٥- ١٠). هەوڵبدە مۆڵەتی یەك هەفتەیان پێ بدە، تا بە ئاسوودەیی كارەكە ئەنجام بدەن و فشاری دەروونیان لەسەر دروست نەبێت، چونكە ئەوە ئاشكرایە، كە ئەركی چەندین وانەی تریشیان لەسەر شانەو پێویستە جێبەجێی بكەن.



وێنەی (٥- ٨)



وێنەی (٥- ٩)



وێنەی (٥- ١٠)



وێنەی (٥- ١١)
تێكەڵەیەك لە نەخشی ڕازاندنەوەی ئەندازەیی (ڕێك و ناڕێك)

# وانەی سێیەم

**تەوەر:** نەخشەسازی.

**بابەت:** پێکهاتەکانی نەخشەسازی.

**وانە:** ڕەنگ و پلە ڕەنگییەکان (تۆنی ڕەنگ).

**کاتی دیاریکراو:** ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، بە پێی کات چالاکییەکان درێژکەیتەوە).

---

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان:

قوتابییەکان شیکردنەوە بۆ پلەکانی یەك ڕەنگ بکەن. (تۆنی یەك ڕەنگ خورد دەکەنەوە).

### سوودە کارامەییەکان:

قوتابییەکان یەك ڕەنگە شیکراوەکە لە کاری نەخشەسازی هونەریدا بەکاردەهێنن.

### سوودە ویژدانییەکان:

قوتابییەکان هێزی ڕەنگ لە سروشتدا هەست پێدەکەن و کاریگەری تیشکی ‹‹ڕۆژ›› بە ڕوونی دەبینن.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە لە بارەی:

- ڕەنگ لە وانەدا دەبینین: ڕۆژ، لاسکی درەخت، ئاسمان، گژووگیا...
- ئەو ‹بەر›ی درەخت و ڕووەکانە بژمێرە، کە ڕەنگیان سەوزە.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

دوای ئەوەی قوتابییەکان لە قۆناخەکانی ڕابردوودا بە جۆرو شێوەی ڕەنگەکان ئاشنا بوون، ئەمجارە بە پلەی ڕەنگەکانیان ئاشنا دەکەین، تا بزانن، کە ڕەنگەکان توانای شێوونەوەیان هەیەو دەتوانین پلەی کاڵی و تۆخیان بگۆڕین. پێش ئەوەی قوتابییەکان بە پلەی ڕەنگەکان ئاشنا بکەین، پێویستە چەند وێنەیەکی سروشتی کوردستان بە قوتابییەکان پیشان بدەین، تا بزانن ئەو

گۆڕانکارییانەی لە سروشتدا ڕوودەدەن، زۆربەیان پەیوەندیان بە ئاڵوگۆڕی ڕەنگەکانەوە هەیە، وەك وێنەی (٦– ١). دوای ئەوەی وێنەکان دەبینن، ئنجا هەست دەکەن، کە پلەی ڕەنگی لە ژینگەشدا هەیەو هەست بە جوانییەکەی دەکەن و چێژی لێوەردەگرن، تا ئاستی خەیاڵکردن.

لە هەنگاوی دووەمدا، مامۆستا لە ڕێگەی ڕەنگی ئاوی، یان گواش، یان هەر ڕەنگێکی بەردەستە، یەك ڕەنگ هەڵدەبژێرێت و پلەی ڕەنگی دروست دەکات. بۆنموونە شین، یان سەوز، جا ئەم پلەیە لە کاڵەوە بۆ تۆخ، یان بەپێچەوانەوەبێت. وێنەی (٦– ٢). پێویستە مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوونبکاتەوە، کە تا تیشکی خۆر زیاتر بەر کەرەستەکان بکەوێت، ئەوا ڕەنگیان گەشترو کاڵتر دەبێت. هەروەها ئەگەر بەرەو تاریکیش بچین، ئەوا تیشکی ڕووناکی کەم دەبێتەوەو شتەکان ڕەنگیان تۆخ دەبێت. هەروەها لە تاریکیدا ڕەنگ بوونی نامێنێت، چونکە هیچ ڕووناکییەك بوونی نییە.

وێنەی (٦– ١) کاڵی و تۆخی ڕەنگەکان لە سروشتی کوردستاندا.





وێنەی (٦– ٢) پلەی کاڵی و تۆخی ڕەنگەکان.





## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**پلەی ڕەنگی:** بریتییە لە کاڵی و تۆخی یەك ڕەنگ.

**ڕەنگی ئاوی (گواش، یان ئەکریلیك):** ڕەنگێکی ئاویەو بە ئاو شلتر دەکرێتەوە، دەتوانین بە هۆی بەکارهێنانی ڕەنگی سپی، یان ڕەش، یان ڕەساسی، کاڵی و تۆخی پێ دروست بکەین.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** فێربوون لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی.

**چالاکی:** فێربوون لە ڕێگەی پرۆژەوە.

ئەم چالاکییە هانی قوتابی دەدات، تا پرۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێ بکات. هەروەها ئەم چالاکییانە وا لە قوتابی دەکەن هەست بە سەربەخۆیی زیاتر و فێری هاریکاری یەکتر بن. بۆیە ئاستی زوو فێربوونی دەگەڕێتەوە سەر توانا لەشەکی و ئەقڵییەکانی خۆی، یان گرنگی پێدانی، یان ئاستی حەزکردنی بۆ ئەم کارە. لێرەدا جۆری وانەگوتنەوەی مامۆستاش کاری خۆی دەکات و هانی قوتابییەکان دەدات بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانداو هەستی بەرپرسیارییەتییان دەخاتە سەرشان، کە پێویستە فێربن، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- فێربوون و زانیاری کۆکردنەوە لەسەر پلەی ڕەنگی.

٢- سازدانی گفتوگۆ لەنێوان قوتابییەکاندا، تا لەبارەی گرنگی پلەی ڕەنگییەوە گفتوگۆ بکەن.

٣- ڕوونیبکەینەوە بۆ قوتابییەکان، چۆن بتوانن کاڵی وتۆخی ڕەنگ لەکاری هونەریدا بەکاربهێنن.

٤- کارێکی هونەری دەستپێبکەن و کاتیان بۆ دیاری بکە.

٥- گۆڕینەوەی زانیاری و هاوکاری کردن لە نێوان سەرجەم کۆمەڵەکاندا.

٦- مامۆستا سەرپەرشتی و چاودێری کەرەستەو پێداویستییەکان دەکات.

٧- مامۆستا دڵنیا دەبێتەوە، کە ئەو ئامانجەی کاری بۆ دەکات دێتە دی.

٨- مامۆستا ڕەچاوی توانا خۆییەکانی قوتابییەکان بکات و بزانێت هەمووان، وەکو یەك نین لە کاتی جێبەجێکردندا.

## چالاکی ماڵەوە:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات چەند چالاکییەك لە ماڵەوە ئەنجام بدەن، بەڵام پێویستە زانیاری لەسەر چالاکییەك بە قوتابییەکان بدرێت و پاشان بۆ کارەکانی تر قوتابییەکە سەرپشك بکرێت، تا هزری خۆی تێدا بەکاربهێنێت. داوا لە قوتابییەکان بکە بە چیلکەی چلورە چەند هێڵێك لەسەر تێنوسی وێنەکێشانەکەیان بکێشن، بەو مەرجەی هێڵەکان یەکتر ببڕن و پاشان ڕەنگی بکەن، وەك وێنەی (٦– ٣)، یان دارێك بکێشن و بیکەن بەچەند پارچەیەکەوەو هەرپارچەیەکی دارەکە ڕەنگ بکەن، هەروەك لە وێنەی (٦– ٤) دا دیارە. مۆڵەتی چەند ڕۆژێك بدە بە قوتابییەکان، تا کاتێکی زیاتریان هەبێت بۆ کارکردن.



وێنەی (٦– ٣)



وێنەی (٦– ٤)

## هەندێك زانیاری تر:

بۆ تێگەیشتن لە کاڵی و تۆخی، یان پلە ڕەنگییەکان، پێویستە مامۆستا چەند چوارگۆشەیەکی یەك لەدوای یەك بە قوتابییەکان لەسەر تێنوسەکەیان بکێشێ، پاشان پێیان بڵێ ئەم چوارگۆشانە لە کاڵەوە بۆ تۆخ، یان بە پێچەوانەوە ڕەنگ بکەن بە هێڵی یەك لەدوای یەك، وەك لێزمەی باران هێڵەکە بکێشن. وێنەی (٦– ٥).



وێنەی (٦– ٥) بەکارهێنانی یەك ڕەنگ، بەمەبەستی ڕاهێزان لەسەر پلەی ڕەنگی.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن لەسەر ئاستی توانای جێبەجێکردن.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان پلەی ڕەنگی یەك ڕەنگ بەکاردەهێنن لە نەخشەکێشانی بابەت و کارە هونەرییەکاندا.

| زۆرباش | باش | پەسەند | پێوانەکانی تێبینی کردن لە کاتی جێبەجێکردندا | ژمارە |
|---|---|---|---|---|
| | | | پەڕەکەی بە شێوەیەکی گونجاو دادەنێت. | ١ |
| | | | کەرەستە گونجاوەکان ئامادە دەکات. | ٢ |
| | | | بە قەڵەم ڕەساس نەخشەکێشانەکە ئەنجام دەدات. | ٣ |
| | | | فڵچە بە شێوەیەکی دروست بە دەستەوە دەگرێت. | ٤ |
| | | | ڕەنگەکان بە شێوەیەکی دروست تێکەڵ دەکات. | ٥ |
| | | | ئاراستەی پلەی ڕەنگەکان ڕێك دادەنێت. | ٦ |
| | | | بە ڕێکی ڕەنگەکان لەناو چوارگۆشەکان دادەنێت. | ٧ |
| | | | چڕی ڕەنگەکان بە ڕێکی دادەنێت. | ٨ |
| | | | لەکاتی کارکردندا پشت بەخۆی دەبەستێت. | ٩ |
| | | | کەرەستەو شمەکەکان، دوای کارکردن پاك دەکاتەوە. | ١٠ |
| | | | ڕەچاوی پاکوخاوێنی و ڕێکخستنەوەی شوێنکارەکەو کارە هونەرییەکەی دەکات. | ١١ |
| | | | ڕەچاوی مەرجەکانی خۆپارێزی دەکات. | ١٢ |

### ئەرکی مامۆستا

ئەرکی مامۆستا دوای هەڵسەنگاندن، بریتییە لە دووبارە چاودێری کردنەوەی قوتابییەکان و دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانیان، بۆ ئەوەی بتوانێت بە پلانەکەیدا بچێتەوەو ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشە پێشبینیکراو و ئەنجامدراوەکان دابنێت.

# وانەی چوارەم

**تەوەر: نەخشەسازی.**

**بابەت: بوارەکانی نەخشەسازی**

**وانە: پلە ڕەنگییەکان لە چاپگەری ساکاردا (فروتاج، وەك نموونە).**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

## فروتاج Frottage




**فروتاج، هونەری لەبەرگرتنەوە، بە یەکێك لە ڕێچکەکانی هونەری گرافیك دادەنرێت و منداڵ زۆر حەزی پێدەکات. لەکاتی ئەنجامدانی ئەم چالاکییەدا منداڵ زۆر حەز بە خۆدەرخستن و بەخۆزانی دەکات، چونکە ئەو پێی وایە داهێنانی کردووەو کارێکی نوێی ئەنجام داوە.**

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

بۆئەوەی قوتابییەکان لە مەبەستی و شێوازی چاپکردنی ساکار تێبگەن.

### سوودە کارامەییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان بە یەك ڕەنگ نەخشەسازی بۆ کاری چاپگەری ئەنجام بدەن.

### سوودە ویژدانییەکان

بۆ ئەوەی قوتابی توانا دەستییەکانی تاقیبکاتەوەو بەهێزی بکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە لە بارەی:

١- هەڵتۆقین و بەرزی ڕوو لە نێوان چاپکردن و ڕەنگکردن بە پەنجە.

٢- دروستکردنی ڕووگە بۆ کاری هونەری.(مەبەست ڕۆچوون و داچوونە لەکاری هونەریدا).

## بڕگەی خۆئامادەکردن

کرداری چاپکردن ڕووکەشی جیاواز دەردەخات و کاتێکی خۆش بۆ قوتابییەکان دەستەبەر دەکات و چێژی لێوەردەگرن، چونکە یەکەم جارە قوتابی تاقیکردنەوەی لەم شێوەیە ئەنجام دەدات بەم کەرەستەو شمەکانەی بەردەستی. بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستای وانەکە بیر لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەی بکاتەوە و بوار بۆ قوتابییەکان برەخسێنێت. ئنجا دەتوانین چاپکردن بە شێوەی ڕێکخراو و ناڕێکخراو ئەنجام بدەین، بیری قوتابییەکان بخەوە، کە لە وانەکانی ڕابردوودا چاپگەری ئەنجام داوە لە ڕێگەی پەنجەکانییەوە، کە ناومان لێنا (مۆنۆتایپ). بەڵام ئێمە ئەمجارە دەتوانین پەتاتە، یان گەڵای درەخت، یان هەر کەرەستەیەك، کە ڕووکەشی جیاوازی هەبێت بۆ ئەم کارە بەکاربهێنین، وەك: پارەی کانزایی، نوسراوی هەڵتۆقیوی سەر پلاستیك، یان ئاسن، کاری گڵێنەکاری (ڕووی کاری سیرامیك)، یان هەر کەرەستەیەکی تر. هەروەك لە وێنەکانی (٧- ٢) و (٧- ٣) و (٧- ٤) دا بەڕوونی دیارە.

گرنگی و بەهاداری ئەم چاپکردنە ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە ڕووی کارەکە دەردەچێت و شێوەیەکی بینراوی هەڵتۆقیوو پیشان دەدات، لێرەدا بەهای جوانی و ناسکی کارەکە ڕوون دەبێتەوەو هەستی بینین و دەستلێدان و ئاستی جوانناسی کارەکە لە نزیکەوە هەست پێدەکەن.



وێنەی (٧– ٢) چاپکردن بە گەڵا.



وێنەی (٧– ٣) چاپکردن بە ڕووی کانزایی.



وێنەی (٧– ٤) شێوازی چۆنییەتی چاپکردنەوەی ڕووی گەڵایەک بە قەڵەم ڕەساس.

## پێشکار

پێویستە مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوە، کە چاپکردن بە ئامێر لە جیهاندا باوەو ئێمەش دەتوانین لە بری ئامێر بە دەست کاری چاپگەری ئەنجام بدەین، هەروەك لە نموونەکانی ڕابردوودا هەندێك کارمان ئەنجامدا. لێرەدا هەندێك چالاکی تر ئەنجام دەدەین، تا قوتابییەکان باشتر لە مەبەستی کارەکە تێبگەن و بزانن چی دەکەن؟ چۆن دەیکەن؟ بەچی دەیکەن؟ کەرەستەو پێداویستییەکان ئامادە بکەو پاشان ئەنجامەکەی ببینە.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**چاپگەری ساکار:** بریتییە لە چاپکردن بە دەست بەهۆی بەکارهێنانی هەندێك کەرەستەو پێداویستی سادەو ساکاری جۆراوجۆر، وەك: پەتاتە و گەڵای دار...

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** فێربوون لە ڕێگەی کاری بە کۆمەڵ.

**چالاکی:** فێربوونی بە کۆمەڵ (بە مەبەستی هاوکاریکردنی یەکتر).

ئەم جۆرە کارکردنە هاوکاری قوتابییەکان دەکات بۆ هاوبەشی کردنی یەکترو هاوکاری کردن و یارمەتی دانی یەکتری لەکاتی کارکردندا. هەروەها توانای بیستنی ڕای یەکتریان دەبێت و ئاستی دانوستان و گفتوگۆکردنیان پێکەوە گەشە دەکات. لە سەرووی هەموشیانەوە ئاستی کارامەیی و بەخۆزانیان گەشە دەکات. کەواتە قوتابییەکان کەسایەتییان بەهێز دەبێت و هەوڵدەدەن هەموو توانایەك بخەنە گەڕ بۆ سەرخستنی کۆمەڵەکەیان، لێرەدا قوتابییەکان ئاشنایەتی یەکتر دەبن و مامۆستاش بەم شێوەیە دەست بە چالاکییەکە دەکات:

١- مامۆستا هەندێك پرسیار دەکات، وەك:

أ- ئەو کەرەستە و پێداویستییانە بڵێ، کە شیاوە بۆ کاری چاپکردن.

ب- سوودەکانی چاپکردنی ساکار بژمێرە، کە لە ناوماڵەکانماندا بەکاری دەهێنین.

ت- چۆن دەتوانین چاپکردنی ساکار بەکاربهێنین بۆ پێشخستنی بواری گەشتوگوزارو پاك ڕاگرتنی ژینگە لە کوردستاندا؟

٢- مامۆستا قوتابییەکان لە کۆمەڵەی (٤ بۆ ٦) کەسی جێگیر دەکات.

٣- نەخشەسازی بۆ کارەکە دیاری دەکەین، کە مەبەستمانە جێبەجێی بکەین.

٤- هەنگاوەکانی کارکردن و کاری هەر ئەندامێك لەناو کۆمەڵەکەدا دیاری دەکەین.

٥- کاتی دیاریکراو بۆ تەواوکردنی کارەکە دیاری دەکەین.

٦- چاودێری و تێبینی کارکردنیان دەکەین و ئاستی فێرکارییان دەستنیشان دەکەین.

## سەرچاوەی فێرکاری

کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان: کاغەزی سپی، قەڵەم ڕەساس، ڕەنگی گواش، پالێت، فڵچەی ڕەنگی ئاوی، چەقۆ، نینۆکبڕ، ئیسفنج، قاپێکی بچووك، پەتاتە، گەڵای درەخت، پارەی کانزایی یان مەدالیا.

هۆکاری ڕوونکاری: ئەگەر فیلمێك لەبارەی کارەکەوە لە ڕێگەی داتاشۆوە، یان لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە نمایش بکرێت خراپ نییە. وێنەی جۆراوجۆری چاپکراو بەشێوەی سادەو ساکار پیشانی قوتابییەکان بدرێن. کارەکانی پێشووی قوتابییەکان پیشان بدرێنەوە.

## چالاکی ١:

**کارامەیی:** قوتابییەکان نەخشەسازی بۆ ڕازاندنەوەیەکی سادە بۆ هەڵکەندنی مۆرێك دەکەن، بە بەکارهێنانی پەتاتەو دواتر چاپکردنی بە پەلەکانی یەك ڕەنگ.

١- قوتابییەکان پەتاتەیەکی قەبارە مامناوەند ئامادە دەکەن بەو مەرجەی دانەخورابێ.

٢- پەتاتەکە دەکەنە دووبەشی یەکسان و وێنەیەکی سادەی لێ هەڵدەکۆڵن، وەك وێنەی تووی فەرەنگی و پاشان بە بزمار، یان بە چۆقۆیەکی کول کەمەری وێنەکە بە نەرمی دادەڕنن. وێنەی (٧- ٥).

٣- شێوە هەڵکۆڵدراوەکە بە فڵچە ڕەنگ بکەو بیدە لە کاغەزە سپییەکە.

٤- قوتابییەکان ڕەچاوی پاکوخاوێنی کارەکە دەکەن.




وێنەی (٧- ٥) هەنگاوەکانی ئامادەکرنی پەتاتە بۆ کاری چاپکردن.

## چالاکی ۲:

مامۆستا دەتوانێت هەمان چالاکی پێشوو دووبارە بکاتەوە، بەڵام بابەتەکە بگۆڕێت و قوتابییەکان سەرپشك بکات لە دروستکردنی هەر بابەتێك کە خۆیان حەزی پێدەکەن. وێنەی (٧– ٦). پێویستە مامۆستا کاتی چالاکییەکە دیاری بکات، لەگەڵ چاودێری کردن و ئاڕاستەکردنیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.



وێنەی (٧– ٦) وێنەو شێوەی جیاواز، وەك مۆر.

## چالاکی ۳:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لەڕێگەی پەنجەمۆرەوە وێنەی جیاواز بکێشن و بابەتێك بۆخۆیان دیاری بکەن. سەرەتا پەنجەیان دەخەنە سەر ڕەنگە شلەکەو پاشان دەیخەنە سەر کاغەزە سپییەکە، وەك وێنەی (٧– ٧). پێویستە ڕەچاوی پاکوخاوێنی کارە هونەرییەکە بکرێت.



وێنەی (٧– ٧) نیگارکێشان بە پەنجەمۆر.

## چالاکی ٤:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لە ماڵەوە پارچە قوماشی نەخشداری هەڵتۆقیو دابنێن و کاغەزی سپی بخەنە سەر. دواتر بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ، یان هەر قەڵەمێك، دەتوانن بە نەرمی بەسەر ڕووەکەیدا بێنن، وێنەی (٧– ٨)، پاشان دەبینین نەخشی سەر قوماشەکە دەرچۆتەوە.



وێنەی (٧– ٨) کاری فروتاج بە قوماش.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت دەبەستێت بە بەخۆداچوونەوە (هەڵسەنگاندنی خۆیی).

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** تا قوتابییەکان کاری چاپگەری ئەنجام بدەن و پلەی یەک ڕەنگیش بۆ نەخشەسازی کارە هونەرییە جۆراوجۆرەکان بەکار بهێنن.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینی کردن لە کاتی جێبەجێکردندا | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پەڕەکە بە شێوەیەکی گونجاودادەنێم. | | | |
| ٢ | کەرەستە شیاوەکان ئامادە دەکەم. | | | |
| ٣ | کارێکی جوان بە قەڵەم ڕەساس نەخشەدەکێشم. | | | |
| ٤ | فڵچەکە بەشێوەیەکی دروست لەناو دەستم دەگرم. | | | |
| ٥ | ڕەنگەکان بە دروستی تێکەڵی یەکتر دەکەم. | | | |
| ٦ | ئایا وردم لە هەڵکۆڵینی کەرەستەکە؟ | | | |
| ٧ | ئایا جیاوازی لە چڕی بە ڕەنگەکانمەوە دیارە؟ | | | |
| ٨ | پشت بەخۆم دەبەستم لە کارکردندا. | | | |
| ٩ | کەرەستەکان دوای کارکردن پاك دەکەمەوە. | | | |
| ١٠ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی کەرەستەو شوێنکارەکەم دەکەم. | | | |
| ١١ | ڕەچاوی مەرجەکانی خۆپارێزی دەکەم. | | | |

### لێکبەستن و پێکگرتن:

**مامۆستا ئەم وانەیە دەبەستێتەوە بە وانەی:**

١- خوێندنەوەی کوردی٣، بابەت: میرێکی ناودار.

٢- بیرکاری بۆ هەمووان٣، بابەت: کات و دراو (پارە) و چارەسەرکردنی پێدراوەکان.

٣- زانست بۆ هەمووان٣، وانەی٢، ئامێرە سادەکان چیین؟

**لەسەر ئەم سێ وشانە بووەستەو ڕاڤەی بکە لەگەڵ قوتابییەکان: ‹‹میر، پارە، سادە››.**

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەسەرکردن

### چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن

لەم چالاکییەدا هەوڵبدە چەند کەرەستە و ڕەنگێك بەکاربهێنیت، وەك پەتاتەیەك هەڵکۆڵن، یان کولەکە، یان باینجان نەخش و نیگاری لەسەر هەڵبکۆڵن بەویستی قوتابییەکان، پاشان هەوڵبدەن سێ جۆر ڕەنگ لە چاپکردنەکەدا بەکاربهێنن، واتە جارێك مۆرەکە بە ڕەنگی سوور، جارێك بە زەردو جارێکی تر بە سەوزبێت، وەك وێنەی (٧– ٩).



وێنەی ٧– ٩) بەکارهێنانی سەوزە لە کاری چاپگەریدا.

### چالاکی بەمەبەستی چارەسەرکردن

لەم چالاکییەدا مامۆستا هەوڵدەدات نەخشەسازی بکات بۆ چاپکردن، بەڵام تەنها یەك ڕەنگ بەکاردەهێنێت بە دوو پلەی ڕەنگی جیاواز (کاڵ و تۆخ).



وێنەی (٧– ١٠)

### سازدانی چالاکی لە دەرەوەی کاتی وانەکەدا

**چالاکی ١:**

مامۆستا پێشنیار دەکات بۆ قوتابییەکان، کە لولەیەکی کاغەزی فڕێدراوی خڕ بەکاربهێنن، بەمەبەستی نەخشاندنی و پاشان چاپی پێ بکەن، هەروەك لە وێنەی (٧– ١٠) دا دیارە. بزانە چی دەکەیت؟ و چی دەبینیت؟



وێنەی (٧– ١١)

**چالاکی ٢:**

مامۆستا پێشنیار دەکات بۆ قوتابییەکان، کە کاغەزێکی جۆری (A3) لەسەر هەرشێوەیەکی هەڵتۆقیو دابنێن و پاشان لەبەری بگرنەوە بە قەڵەم ڕەساس. واتە چاپی بکەن بە شێوەی فروتاج. وێنەی (٧– ١١).

# تەوەری سێیەم



# Handcraft کاردەستی

تەوەر: کاردەستی.

بابەت:  دروستکردنی شێوەی جیاواز.

وانە: تێگەیشتن  لە دروستکردنی شێوەی جیاواز.

کاتی دیاریکراو: بەشە  وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندەکاندا.

# کاردەستی Handcraft

ئەم تەوەرە جیاواز لە تەوەرەکانی تر تایبەتمەندی تری هەیە، چونکە بەهۆی پێشکەوتن و تێگەیشتنی قوتابییەکە لە کاری نەخشەسازی و تێگەیشتن لە بواری ڕازاندنەوەدا، ئەوا بۆ لەمەودوا باشتر دەتوانێ کارەکانی ڕایی بکات، چونکە لە داواکاری مامۆستاکەی باشتر لە جاران تێدەگات و دەزانێ چی دەکات؟ چۆن دەکات؟  بەچی دەیکات؟ کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاستە کارامەییەکانی قوتابییەکان باشترو چاکتر بالأیان کردووەو ئاستی زانیارییە کارامەییەکانیان پێگەیشتووەو توانای ڕاهێزانیان فرە باشترە لە جاران.

لەسەر مامۆستا ئەوەیە، کە بزانێت لە سەرەتای دروستبوونی شارستانییەتی مرۆڤایتیەوە، تا ئەمڕۆ مرۆڤ زۆر گرنگی بە بواری کاری کردارەکی داوە، بە مەبەستی تێرکردنی خواست و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی. هەر لەبەر ئەوەشە، کە کاری جوان پەیوەست بووە بە ئاستی جوانناسی کەسەکان لە لایەك و چۆنییەتی جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی پاك و بێگەرد لەلایەکی ترەوە. واتە ئاستی کارەکە، ئاستی جوانناسی مرۆڤەکە دیاری دەکات. بە واتایەکی تر، ئەگەر کارەکە جوان و نازداربێت، ئەوا بێگومان زەوق و سەلیقەی وەستاکەشی هەر جوان و نازدارەو ئاستی جوانناسیشی بالأیە، وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کارەکەش بێکەلك و پیس و پەرتەوازە بوو، ئەوا وەستاکەشی پەرتەوازەیەو ئاستی جوانناسیشی شلۆقەو پینەگەیوە.

بۆیە لەم تەوەرەدا بە پێویستی دەزانین چەند وانەیەك جێگیر بکەین، تا مامۆستای هونەر چەند کەرەستەو شمەکێکی هونەری جۆراوجۆر لە ناو سروشت و ژینگەی دەوروبەریدا لەگەڵ قوتابییەکانیدا تاقیبکاتەوە.

**لەو چوارچێوەشدا، پێشبینی دەکرێت لەم زنجیرە وانەیەدا قوتابییەکان ئەمانە ئەنجام بدەن:**

١- جێبەجێکردنی چەند کارێکی هونەری، کە لەگەڵ تواناکانیاندا بگونجێت.

٢- گوزارشتکردن بە کەرەستەو شمەکی ناو سروشت و ژینگەی دەوروبەری.

٣- بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی کاری هونەری.

# وانەی یەکەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: دروستکردنی شێوەی جیاواز.**

**وانە: لکاندن – کۆلاج Collage**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

---

## لکاندن – کۆلاج Collage



**ماموستا هەوڵدەدات لەگەڵ قوتابییەکان وانەی لکاندن ببەستێتەوە بە وانەی نەخشەسازی و داهێنان لە شێوازی ڕازاندنەوەو گوزارشتکردن بە کەرەستەو شمەکی جیاواز. ئەگەر لە ڕابردوودا تەنها ڕەنگمان بەکارهێنابێت بۆ کاری هونەری، ئەوا لەم تەوەرەدا کەرەستەو پێداویستی جیاوازتر بەکاردەهێنین بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری و دەرخستنی کاری ڕەنگکاری.**

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان لە مەبەستی دروستکردنی شێوە جیاوازەکان تێبگەن.

### سوودە کارامەییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان شێوەی بەرجەستەکراو بە کەرەستەی جیاواز دروست بکەن.

### سوودە ویژدانییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا لە هاوسۆزی و هاوکاری کردنی یەکتریدا بەردەوام بن.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- شێوەی سادەی هەندێك لە کەرەستەو شمەکەکانی دەورووبەرتانم پێ بڵێن؟

٢- ڕەنگی هەندێك لەو شێوە جیاوازانەم پێ بڵێن، کە لە ژینگەی دەورووبەرتاندا هەیە؟

٣- هەندێك شێوەی سادەو جیاوازم بۆ دروست بکەن بە کاغەز.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

خاڵ، بچووکترین یەکەی پێوانەیە لەڕووی درێژی و پانیدا، ئەگەر ئەم خاڵە درێژ بکەینەوە لە بۆشاییدا، ئەوا هێڵمان بۆ دەکێشێت و شێوەیەکی سادەمان بۆ دروست دەکات.

ئەو شێوە ئەندازەییانەی دوو دورین، وەك: چوارگۆشە، سێگۆشە، یان ئەو شێوانەی سێ دوورین، وەك: چوارپاڵوو، هێلکەیی. هەندێکجار ئەم شێوانە ڕێکخراونین، یان ئەندازەیی نین و لەم بارەیەوە لە دەورووبەرماندا نموونەمان زۆرە.

ڕووگەی هەموو شێوەیەك لە سروشتدا بە ئاستی زبری و نەرمی و لوسی ڕووگەکەی دەناسرێتەوە، بۆنموونە: ڕووی شوشە لوسە، ڕووی دار زبرە، چونکە بە مشار دەبڕدرێتەوە. هەروەها ڕووی قوماش، یان ئیسفنج نەرمە.

## یەکەی وانەکە و ناساندنی

**شێوەی بەرجەستە:** بریتییە لە شێوەیەکی سێ دووری (بەرزی × پانی × درێژی)، یان شێوەیەکی سێ دووری پیشان دەدات و شوێنێك لە بۆشاییدا داگیر دەکات.

**شێوەی ڕووتەخت:** بریتییە لە شێوەی دوو ڕوو، یان دوو دووری و دوو ڕووی پێوانە دەکرێت (درێژی × پانی)، یان بریتییە لەو پانتاییەی، کە بە چەند هێڵێك دەورە دراوە.

**ڕووگە:** بریتییە لە تایبەتمەندی هەر ڕوویەك، کە لە نەرمترینەوە دەستپێدەکات، تا ئاستی زبرترین و ئەوانەش دوو جۆرن:

یەکەم: ڕووگە هەستییەکان، کە لە ڕێگەی دەستلێدانەوە هەستییان پێدەکەین.

دووەم: ڕووگە بینینییەکان، کە لە ڕێگەی بینینەوە هەستییان پێدەکەین.

## پلانی فێرکاری

ئامانج: فێربوون پشت بە وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ دەبەستێت.

چالاکی: پرسیارو وەڵام.

ئەم چالاکییە لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەوە ئەنجام دەدرێت:

١- هەموو ئەنجامە فێرکارییەکە لەسەر وایتبۆردەکە بنووسەوە.

٢- چەندین شێوەی دوو دووری و سێ دووری بەرجەستە و ڕووتەخت پیشان بدە.

٣- چەند پرسیارێك لەبارەی شێوە نمایشکراوەکانەوە بکە، وەك:

- ژمارە گۆشەی شێوە بەرجەستەکان چەندە؟
- ژمارە گۆشەی شێوە ڕووتەختەکان چەندە؟

٤- قوتابییەکان شێوەیەکی ڕووتەخت دروست دەکەن و پاشان دەیکەن بە شێوەیەکی بەرجەستە، وەك وێنەی (٨- ٢).

٥- مامۆستا کورتکراوەی چالاکییەکە لەسەر وایتبۆردەکە دەنووسێتەوە.




وێنەی (٨- ٢)
هەنگاوەکانی گۆڕینی شێوەی ڕووتەخت بۆ شێوەی بەرجەستە.

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان:** کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە، ماجیك، قەڵەمڕەنگی دار، پاستیل، مقەست، کاغەزی کارتۆن، کاغەزی سپی، وایتبۆرد، کەتیرەی وشك (ستیك).

**هۆکاری ڕوونکاری:** نمایشکردنی شێوەی بەرجەستەو شێوەی ڕووتەخت لەڕێگەی کەرەستەو شمەکی ئەندازەییەوە. هەروەها ئەم شمەکە بینراوانە لێکبەستەو پێکبگرە بەو کەرەستانەی لە ژینگەی دەوروبەری قوتابییەکەدا هەیەو پاشان بوار بە قوتابییەکە بدە لەسەر بابەتەکە بدوێ.

## چالاکی ١:

**کارامەیی:** بڕینی شێوەی ڕووتەختی ئەندازەیی جیاواز و دروستکردنی نیگاری ڕەنگاوڕەنگ.

١- مامۆستا قوتابییەکان دەخاتە چەند کۆمەڵەیەکی جیاوازی فرە ڕەنگەوەو بۆ هەر کۆمەڵەیەکیش تیم لیدەرێك دیاری دەکات.

٢- کۆمەڵەی یەکەم بۆ نموونە: کار لەسەر شێوەیەکی سروشتی دەکات و کۆمەڵەی دووەم کار لەسەر شێوەیەکی ئەندازەیی دەکات، بەم شێوەیە هەر کۆمەڵەیەك کارێك بکەن و دەربڕی شێوەیەك بێت و لێك نەچن. وێنەی (٨- ٣).

٣- دوای تەواو بوونی کارەکە، تیم لیدەر نمایشی کارە تەواوبووەکەی کۆمەڵەکەی دەکات و ڕوونکردنەوەی پێویست دەدات بە کۆمەڵەکانی تر.

٤- مامۆستا کارەکان کۆدەکاتەوەو دەیانپارێزێت، تا چالاکی قوتابخانە ئەنجام دەدرێت (پێشانگەی قوتابخانە).



وێنەی (٨- ٣)

٥- مامۆستا خۆی دڵنیا دەکاتەوە، کە قوتابییەکان پانتایی کارەکەیان بە باشی بەکارهێناوەو پڕیانکردۆتەوە. هەروەها چاودێری قوتابییەکانیش دەکات، تا بزانێت قوتابییەکان کەرەستەکانیان بە باشی بەکارهێناوە و بەهەدەریان نەداوە.

٦- پارێزگاری کردنی پاکوخاوێنی ژینگەی دەوروبەر.

## چالاکی ٢:



وێنەی (٨– ٤) شێوەی جیاواز.

مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت کاغەزە ڕەنگاوڕەنگەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناڕێکی ببڕن و بە ئارەزووی خۆیان شێوەی ئەندازەیی، یان نائەندازەیی لێ ببڕن و پاشان بە حەزی خۆیان و بە شێوەیەکی پێشبینی کراو بیلکێنن بە کاغەزەکەوە (تابلۆکە). ئەگەر مامۆستا بە قوتابییەکان بڵێت پێش ئەوەی تابلۆکە دروست بکەن، هەوڵبدەن نەخشەسازی بۆ بکەن، کە چی دەکەن؟ یان دەیانەوێ شێوەی تابلۆکەیان چۆن بێت؟ وەک وێنەی (٨– ٤). بوار بە قوتابییەکان بدە لەسەر تابلۆکەیان بدوێن و شێوازی بیرۆکەکەیان بۆ یەکتر بخەنە ڕوو.

## چالاکی ٣:



وێنەی (٨– ٥)

بوار بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنە، تا بیرۆکەی خۆیان و داهێنانەکانیان بخەنە گەڕو بزانە چی دەکەن؟ ئەگەر خۆت چەند پێشنیارێکیان بۆ بکەیت خراپ نییە، چونکە لەوانەیە ئەم پێشنیارەی تۆ چەندین دەروازەی داهێنان بۆ قوتابییەکان بکاتەوەو شتی تریان بە خەیاڵدا بێت، لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە، کە قوتابییەکان لە گێژاوی چەقبەستوویی ڕزگار دەبن و کارەکەیان بەلاوە ئاسان دەبێت. سەیرێکی ئەم بیرۆکانە بکە، کە لە وێنەکانی (٨– ٥) و (٨– ٦) و (٨– ٧) و (٨– ٨) دا دەبینرێن.



وێنەی (٨– ٦)



وێنەی (٨– ٧)



وێنەی (٨– ٨)

## چالاکی ماڵەوە:

**کارامەیی**: دروستکردنی خانوێك لە کارتۆن و کاغەز.

داوا لە قوتابییەکان بکە لە ماڵەوە خانوێك لە کاغەزو کارتۆن دروست بکەن، بەو مەرجەی کاتی زۆریان پێ بدە، تا بە پشوودرێژییەوە کاری تێدابکەن و فشاری وانەکانی تریان نەچێتە سەرشان.

پێویستە مامۆستا لەڕێگەی ئەم پرسیارانەوە خەیاڵ و بیری قوتابییەکان بجوڵێنێت:

- ✓ ئایا دەتوانی خانوێکی ڕاستەقینە دروست بکەیت؟
- ✓ ئایا دەتوانی خانوێك لە کارتۆن و کاغەزی ئەندازەیی بۆ خۆت دروست بکەیت؟
- ✓ ئەو پێکهاتەو شمەکانە چین، کە پێویستن بۆ دروستکردنی خانوێك؟
- ✓ بیر لە خێزانەکەت بکەوەو بزانە ژمارەیان چەندە؟
- ✓ چەند ژوورتان پێویستە؟ بۆچی؟
- ✓ سەرەتا بە قەڵەم ڕەساس نەخشەیەکی خانووەکە لە سەر کاغەز بکێشە.
- ✓ کەرەستەو پێداویستە خاوەکان ئامادە بکە بۆ دەستپێکردن.
- ✓ پێویستە دواتر خانوەکە بە بەرزی و پانی دروست بکەیت.
- ✓ حەز دەکەیت ژوورەکەی تۆ چ ڕەنگێك بێت؟ بۆچی؟
- ✓ کامەیان ژوورەکەی تۆیە؟ ئایا حەز دەکەیت کەسێك لە خێزانەکەت لەگەڵ بێت؟ ئەو کەسە کێیە؟
- ✓ هەستت چۆنە بۆ ئەو کەسەی، کە لە ژوورەکەتدا لەگەڵتە ؟
- ✓ ئایا متمانەت پێیەتی؟ ئایا لێی فێردەبی؟ یان فێرت دەکات؟ ئایا نهێنییەکانی خۆتی بۆ باس دەکەیت؟ یان ئەو نهێنییەکانی خۆیت بۆ باس دەکات؟
- ✓ ئایا یاری و جلوبەرگەکانتان ئاڵوگۆڕ دەکەن؟ ئایا یاری بەیەکەوە دەکەن؟
- ✓ ئایا کارێکت بیر دێتەوە، کە نەت توانیبێت و ئەو هاوکاری کردبێت؟ ئایا کارێکت بۆ کردووە، کە ئەو نەیتوانیبێت بە تەنیا ئەنجامی بدات؟ چی ڕوویدا؟ چۆن هاوکاری یەکترتان کرد؟
- ✓ ئامرازێك هەڵبژێرە، کە گونجاوە و تایبەتە بەخۆت، هەروەها ئامرازێکی تریش هەڵبژێرە، کە گونجاوو تایبەتە بۆ ئەو. چی بۆ خۆت هەڵدەبژێریت؟ چی بۆ ئەو هەڵدەبژێریت؟ بۆچی؟ وێنەی بکێشە.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە تێبینیکردن دەبەستێت لە کاتی جێبەجێکردندا.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی چاودێری.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابی جیاوازی بکات لە نێوان شێوەی ڕووتەخت و شێوەی بەرجەستە.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینی کردن لە کاتی جێبەجێکردندا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | هەست بە شێوە بەرجەستەکان دەکات و لێیان تێدەگات. | | |
| ٢ | دەتوانێت پێکهاتەی سادەو ساکار بە کاغەز دروست بکات. | | |
| ٣ | دەتوانێت تایبەتمەندی کەرەستەکانی ناو پۆل بڵێت. | | |
| ٤ | دەتوانێت کەرەستە خاوەکانی ناو سروشت و ژینگە بەکاربهێنێتەوە. | | |
| ٥ | دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵەکەی هەڵبکات و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. | | |

مامۆستای بەڕێز، پێویستە هەنگاوەکانت وردتر و نەرمتر هەڵگریت و کەمێك لەسەر بابەت و شتەکان بوەستە، چونکە قوتابییەکان پەرۆشن بۆ زانین و دەیانەوێت هەر ئەمڕۆ زانیارییەکانیان پێ بڵێیت و باسی وردەکاری کارەکەیان بۆ بکەیت، بەڵام بە شێوەیەکی هاوڕێیانەو دوور لە خۆسەپێنی. بیرت نەچێت، تا هەوڵبدەیت متمانەی قوتابییەکان بەدەست بهێنیت، ئەوا کارەکەت ئاسانترو خۆشترو خێراتر دەچێتە پێش، هەتا کاری خۆسەپێنی و زمانی گفتوگۆی زبرو وشەی نەشیاو بەکاربێنیت، ئەوا قوتابییەکان لێتدەتەکنەوەو حەز بە چارەت ناکەن.

کەواتە، هەوڵی خۆت بدەو زمانی گفتوگۆی منداڵەکان بدۆزەوەو دڵیان بەدەستبهێنەو بزانە منداڵەکان بە چی دڵخۆش دەبن؟ بەچی ئاسوودە دەبن؟ ئازادییان پێ بدەو لەهەمان کاتیشدا فێری ئاکاری ناوپۆلیان بکەو بەرەلایان مەکە هەرکەس بە حەزو ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات. واتە ئازادییان پێ بدە، بەڵام چاودێریشیان بکە، تا منداڵەکان ئازادییەکە بەلاڕێدا نەبەن و گێرشێوێنیت بۆ دروست نەکەن لەناو پۆلدا. سنوور بۆ ڕەفتارەکانیان دابنێ بەومەرجەی سنووردانانەکە زیان بە پرۆسەکەو وانەکەو کەسایەتی قوتابییەکان نەگەیەنێت. دەبێت خۆت بپارێزیت لەکار و جوڵەی نەشیاوو توندوتیژ، ئەمەش نیشانەی مامۆستای دڵسۆزو بە ئەمەك و بەڕێزە، یەکەم بەرانبەر بە وانەکەی، دووەمیش بەرانبەر بە قوتابییەکانی.

# وانەی دووەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: دروستکردنی شێوەی جیاواز.**

**وانە: خوری، دەزوو، داوکاری**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

## خوری، دەزوو، داوکاری




**لەم هەنگاوەی کارکردن بەخوری و دەزوودا قوتابییەکە بیرۆکەی جیاوازتر لەجارانی بە خەیاڵدا دێت، چونکە ئاستی توانستی ئەقڵی و لەشەکی گەشەی کردووەو بەهەموو شتێك ڕازی نابێت و دەیهەوێت باشترین و جوانترین شت پێشکەش بکات، هۆکارەکەشی بریتییە لە گەشەکردنی ئاستی جوانناسی هاوتەریبە لەگەڵ گەشەکانی تری قوتابییەکە.**

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

کچان و کوڕان بەیەکەوە کار لەو شێوازی کارکردنە هونەرییەدا دەکەن.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان شێوازێکی نوێی کارکردنی هونەری تاقیدەکەنەوە.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابییەکان لە کۆتاییدا شانازی بە خۆیان، پاشان بە بەرهەمەکانیانەوە دەکەن.

## ڕاهێزان و توانستە لە پێشینەکان

### بۆ ئەوەی قوتابییەکان بتوانن، کە:

١- جیاوازی بکەن لە نێوان ئەو کارەی لە ڕابردوودا کردوویانەو ئەو کارەی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن.

٢- جیاوازی بکەن لە نێوان شێوەی ڕێك و نارێك، قەبارە بچووك و گەورە.

٣- کەرەستەو پێداویستی جیاواز لە کارەکەیاندا بەکاربهێنن.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

پێویستە مامۆستا کاری هاوبەش ئەنجام بدات لە نێوان هەردوو ڕەگەز (کوڕان و کچان) لە پۆلدا. واتە کوڕان کاری کچانە ئەنجام بدەن و بە پێچەوانەشەوە، بۆ ئەوەی لە هەستی کارکردنی یەکتر تێبگەن و ئەزموون بکەن. خوری کاری ڕەگەزی مێینەیە، بەڵام کوڕانیش حەزی پێدەکەن، چونکە نەرمەو کارپێکردنی خۆشە. جا لەبەر ئەوە سازدانی کاری پێکەوەیی ئاستی کارامەیی و کۆمەڵایەتی قوتابییەکان زۆر باش دەبن و هەستی بەرپرسیارییەتی و ڕێزی یەکتریان لا گەشە دەکات، ئەمەش بەشێکە لە پەروەردەکردنەکەو ئاستی تێکەڵاوی و زمانی گفتوگۆی یەکتر دەدۆزنەوەو ڕەفتاری شیاو لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بەتایبەت لەناو کۆمەڵەکانیاندا.

هەنگاوی دروست بۆ ئەم چالاکییە ڕێگە خۆشکردنە بۆ کارکردن و ئامادەکارییە لە لایەن مامۆستاوە بۆ کاری نوێ. سەرەتا مامۆستا بیرۆکەی کار بۆ قوتابییەکان شی دەکاتەوەو پاشان ئەرکیان پێ دەسپێرێت. دواتریش سەرپەرشتی کارەکەیان دەکات و سەرنج و تێبینی خۆیان پێ دەدات، بەو مەرجەی قوتابییەکان پشت بەخۆیان ببەستن.

### چالاکی ١:

ماموٚستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، کە قامیشی شەربەت، یان داری چلورە بە شێوەی هێمای کۆ (+) پێکەوە ببەستنەوە، دواتر ڕەنگێك لە خوریەکە هەڵبژێرن و ڕاست و چەپی پێ بکەن بە چواردەوری قامیشەکە، لە هەر وەستانێکدا لێی لول بدەن و پاشان لە چنین بەردەوام بن، وەك وێنەی (٩– ٢). بەم شێوەیە پێویستە قوتابییەکان بە ئارەزووی خۆیان ڕەنگەکان هەڵبژێرن، ئەگەر پێشوەختە ماموٚستا کارێکیان پیشان بدات، ئەوا قوتابییەکان باشتر لە مەبەستەکە تێ دەگەن.





وێنەی (٩– ٢) لولپێچکردنی خوری لە قامیش، یان داری چلورە.

### چالاکی ٢:

ماموٚستا داوا لە قوتابییەکان دەکات کارتۆنێك بە خڕی ئامادە بکەن، پاشان لە کەمەر ڕۆخەکەی بە درێژی (٢سم) ببڕن بە مقەست، دواتر بە خوری ڕاست و چەپی پێ بکەن بە هەر چوار دەوری کارتۆنە خڕەکە، هەوەك لە وێنەی (٩– ٣) دا دیارە. قوتابییەکان سەرپشك بکە لە شێوازی هەڵبژاردنی ڕەنگەکان، ئەگەر قوتابییەکان پێشوەخت نموونەی بەرجەستە ببینن باشترە.(هەنگاوەکانی کارکردن).



وێنەی (٩– ٣) دروستکردن و نەخشاندنی شێوەی ئەندازەیی بە خوری.

## چالاکی ٣:

مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، کە قاپێکی یەکبار ڕەنگ بکەن بە بۆیەی ئەکریلیك و پاشان لە لێواری سەرەوەدا دە قەڵاشی (٢سم) بۆ ناوەوە بە مقەست ببڕن بە هێواشی، بەڵام لە لێوی بەرانبەرەکەی، تەنها دوو قەڵاش بکەن، دواتر بە خوری ڕەنگاو ڕەنگ لولپێچی بکەن و دواتر بە هاوشێوەی دار بیچنن، وەك وێنەی (٩– ٤). وێنەی خوریە چنراوەکە، وەك دارێك دەردەکەوێت و باکگڕاوەندی کارەکەش وەك دارستانێك دەردەکەوێت.



وێنەی (٩– ٤) نەخشەسازی درەختێك بە خوری و ڕەنگ کردن.

## چالاکی ٤:

دروستکردنی سەبەتەو شێوەی بەرجەستە بە تێل و خوری ڕەنگاوڕەنگ. مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات خوری ڕەنگاوڕەنگ لە تێلی باریك وەرپێچن و پاشان نەخشەسازی بۆ چەند شێوەیەك بکەن، هەروەك وێنەی (٩– ٦)، یان بەتێل سەبەتەیەك دروست بکەن، سەرەتا تێلەکان ڕاست و چەپ لێك بدەن و دوای قایمکردن بە خوری ڕەنگاوڕەنگ بە ڕاست و چەپ لێی وەربپێچن، هاوشێوەی وێنەی (٩– ٥).



وێنەی (٩– ٦)

وێنەی (٩– ٥)



# وانەی سێیەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: دروستکردنی شێوەی جیاواز.**

**وانە: بەکارهێنانی کەرەستەی خاو لە کاری هونەریدا**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، بە پێی کات چالاکییەکان درێژکەیتەوە)**

---

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

**ئاشنابوونی قوتابی بە چەند کەرەستەیەکی خاوی ناو سروشت و ژینگەکەی.**

### سوودە کارامەییەکان

**دروستکردنی چەندین شێوەی هونەری جیاواز لەم کەرەستە خاوانە.**

### سوودە ویژدانییەکان

**بۆ ئەوەی قوتابی شانازی بەخۆی، پاشان بە کارەکەیەوە بکات.**

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

**پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت، کە سروشتی کەرەستە بەکارهاتووەکان بۆ کاری هونەری ڕەنگدانەوەو کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەمهاتووەکە، هەمان ئەو کاریگەرییە بەسەر ئاستی بیرکردنەوەو توانای داهێنانی قوتابییەکانەوەش دیار دەبێت (بیری جوان، کاری باش و جوانی پێدەکرێت). واتە گرنگە مامۆستا بیر لەو کەرەستەو پێداویستییانە بکاتەوە، کە بەکاریان دەهێنێت لە کارە هونەرییەکاندا، هەر لەبەر ئەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەدا دەتوانین کەرەستە خاوەکان بکەین بە دوو بەشی سەرەکییەوە، وەك:**

**یەکەم: کەرەستە خاوە سروشتییەکان.**

**بریتییە لەو کەرەستە خاوانەی لە سروشتدا هەن و بێ گیانن، وەك: بەرد، تاوێر، کانزا، خاك. بەڵام هەندێکی تریان زیندەن، وەك لاسکی درەخت، ڕەگ...**

**هەر لەسەر ئەم بنەمایە کەرەستە خاوەکان بەپێی بەرهەمی سەرچاوەکانیان دابەش دەبن بۆ:**

- کەرەستە خاوە ڕووەکییەکان: وەك: دار، لاسکەدار، گەڵای درەخت و ڕەگەکانی، بەری ڕووەك و تۆوەکەی و گوڵەکەی.
- کەرەستە خاوە زیندەوەرییەکان: وەك: ئێسقان، ددان، مەرجان، هێلکەشیتانۆکە، لولپێچ، پێستە، پرچ.
- کەرەستە خاوە نازیندەکان: وەك: بەرد بە هەموو جۆرەکانییەوە (گرانیت، ئەڵماس...)، کانزای خاو (زێڕ، مس، ئاسن...)، گڵ و قوڕ،...

**دووەم:** کەرەستە خاوە پیشەسازییەکان.

بریتییە لەو کەرەستە خاوانەی مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت بە مەبەستی دروستکردنی کەرەستەو شمەك و پێداویستی ڕۆژانە، وەك: هەویرکاری، ڕۆنەکان، ڕەنگەکان، کانزا بە هەمووجۆرەکانییەوە (زێڕ، مس، ئەلەمنیۆم، زیو،...)، شوشە، کەرەستەی پترۆکیمیایی، وەك (پۆلستەرو پلاستیك...)، کاغەز، کارتۆن، قوماش، داو، گوریس. هەروەها چەندین تەختەی فرەجۆر.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

کەرەستە خاوە سروشتییەکان: بریتییە لەو کەرەستە خاوانەی، کە مرۆڤ دەستی نییە لە دروستکردنیدا، بەڵکو خۆی لەسروشت و ژینگەی دەوروبەری مرۆڤدا بوونی هەیەو مرۆڤ دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ هەرکارێك، کە خۆی مەبەستییەتی و شتیان پێ دروست بکات.

کەرەستە خاوە پیشەسازییەکان: بریتییە لەو کەرەستەو شمەکە خاوانەی مرۆڤ بە دەستی خۆی ئامادەیان دەکات، تا لە ڕێگەی پیشەسازییەوە ئامادەیان بکات بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەیدا و سوود بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت. (مرۆڤ بە دەستی خۆی کەرەستە خاوەکان لە ناو سروشتدا دەردەهێنێت و لە ڕێگەی پیشەسازییەوە چاکیان دەکات و ئامادەیان دەکات بە مەبەستی بەکارهێنانیان).

## لێکبەستن و پێکگرتن:

**پێویستە مامۆستا ئەم وانەیە ببەستێتەوە بەم وانەیەوە:**

١- زانست بۆ هەمووان٣، زانستە فیزیاییەکان، بوندی١، سیفەتەکانی ماددە و گۆڕانەکانی.

٢- هەمان وانە، وانەی١، ڕەوشتەکانی ماددە چین؟/ وانەی٢، چۆن ماددە دەگۆڕێت؟

## سەرچاوە فێرکارییەکان

**کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان:** کەتیرە، سیکۆتین، قەڵەم ڕەساس، مقەست، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، چیلکە، داری چلورە، کەرەستەی خاوی سروشتی، وەك گوێز، هەرشتێك خۆت ئارەزووی دەکەیت.

**هۆکاری ڕوونکاری:** مامۆستا هەندێك نموونەی پۆلەکانی تر نمایش دەکات، کە پێشووتر دروستیان کردووە. نمایشکردنی چەند وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە ڕێگەی گۆڤاری تایبەت بە کەرەستەو پێداویستییەکانی ناوماڵ.

لە چالاکییەکاندا مامۆستا سەرپشکە لە بەکارهێنانی هەر کەرەستەو پێداویستییەکی خاو بۆ کارە هونەرییەکە، بەو مەرجەی لە یاسا گشتییەکان لانەدات و بەهای وانەکە نەشێوێنێ و قوتابییەکان هەراسان نەکات.

## چالاکی ١:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات (توێکڵە گوێز) بەکار بهێنن بۆ دروستکردنی کارێکی هونەر، بەڵام پێویستە پێشەکی نەخشەسازی بۆ کارەکە بکەن و دواتر کارە هونەرییەکە ئەنجام بدەن، وەك وێنەی (١٠- ١). کەرەستەی پێویست: توێکڵی گوێز، چیلکە ددان پاککردنەوە، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە، چاوی دەستکرد، کەتیرەی وشك (ستیك). مامۆستا هەنگاوەکانی کارکردن بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوەو خۆیشی کارێك لەبەرچاوی قوتابییەکان ساز دەکات.



وێنەی (١٠- ١) دروستکردنی چەند شێوەیەکی بەرجەستە بە کەرەستەی سروشتی.

## چالاکی ٢:

**مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، کە بۆ وانەی داهاتوو سەرە دەبەی ئاو، یان سەرە شەربەت کۆ بکەنەوەو لە ناوەڕاستی سەرپێچەکە کونێك، یان دوو کون بکەن، تا بەهۆیەوە لێکیان ببەستن و کارێکی هونەری پێ ئەنجام بدەن، وەك لە وێنەی (١٠- ٣) دا دیارە.**



**کەرەستەی پێویست: سەرپێچی دەبەئاو، یان شەربەت، جیرە، یان داو، چاوی دەستکرد، مووروی ڕەنگاو ڕەنگ.**

**وێنەی (١٠- ٣) دروستکردنی کرمۆکە بە کەرەستەی خاوی پیشەسازی.**

## چالاکی ٣:



**مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات پوش و پەلاش و قەسەڵ لەگەڵ خۆیان بهێنن، تا هێلانەی باڵندە دروست بکەن لەسەر قاپی یەکبار. سەرەتا قاپەکە ڕەنگ دەکەین، دواتر وێنەیەکی باڵندەیەك لەسەر کاغەز بە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکەین و پاشان بە مقەست شێوەی باڵندەکە دەبڕیت بە جوانی، دواتر چلکەو قەسەڵەکە بەهۆی سیکۆتینەوە لەبن قاپەکە گیر دەکەین و ئنجا باڵندەکەشی لەسەر دادەنێین. لە کۆتاییدا هێلانەی باڵندە سازدەبێت. وێنەی (١٠- ٤). مامۆستا دەتوانێت قوتابییەکان سەرپشك بکات چۆن بکەن؟ و چی بکەن؟ بە چی بیکەن؟ تا ئاستی خەیاڵکردنی قوتابییەکان باشتر کار بکات و بیرۆکەی باشتریان بۆ بێت.**

**وێنەی (١٠- ٤)**
**دروستکردنی هێلانەی باڵندە**
**بە کەرەستەی خاوی ناو سروشتی.**

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە تێبینیکردن دەبەستێت لەکاتی جێبەجێکردندا.

**ئامرازی جێبەجێکردن:** خشتەی هەڵسەنگاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** بۆ ئەوەی قوتابییەکان بتوانن کەرستە خاوە بەرجەستەکانی ناو سروشت لە کاری هونەریدا بەکار بهێنن.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینی کردن لە کاتی جێبەجێکردندا | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەستەواژەو بیرۆکەی وانەکە دەزانێت. | | | | |
| ٢ | هاوکاری پێشکەش بە هاوڕێکانی دەکات لەکاتی گەڕان و بەدەستهێنانی کەرستەی خاو لەناو سروشت و ژینگەی دەوروبەردا. | | | | |
| ٣ | بە وریاییەوە مقەست و لکاندن ئەنجام دەدات. | | | | |
| ٤ | بیرۆکەی باش پێشکەش دەکات لە کاتی کارکردندا. | | | | |
| ٥ | پێی وایە ژینگە کەرستەی بەکەڵکی تێدایە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری. | | | | |

### کارو چالاکی لاوەکی:

داوا لە قوتابییەکان بکە، وەك کارێکی لاوەکی، چەند چالاکییەك ئەنجام بدەن. بیرۆکەی ئەم چالاکییە بخە ناو کۆمەڵکەوە. بە واتایەکی تر، هەوڵ بدە کۆمەڵەکان خۆیان پێشنیار بکەن و نەخشەسازی بۆ پێشنیارەکەی خۆیان بکەن و پاشان پلانی بۆ دابنێن. بیرت نەچێت منداڵ ئەوکاتە هەست (بەخۆزان)(*)ی دەکات، کە مامۆستا ئەرکی پێ دەسپێرێت و ئەویش تواناکانی خۆی تاقیدەکاتەوەو دەیەوێت هێزو توانا و کارامەیی خۆی نمایش بکات بۆ مامۆستا و دەوروبەر. هەروەها ئەم پرۆسەیە پێویستی بە پشتگیری و چاودێری و سەرنجی مامۆستا دەبێت، بەو مەرجەی ڕاستەوخۆ تێکەڵی کاری قوتابییەکان نەبێت.

---

(*) بەخۆزان: لە بری وشەی (واع ذاته) ی عەرەبی و (Self-conscious)ی ئینگلیزی بەکارهاتووە. مەسعوود محەمەد. زاراوەسازی پێوانە، چ٢، لا٢٢٦، دەزگای ئارس، هەولێر– ٢٠١١.

# تەوەری چوارەم




## ڕەنگکاری Colouring

تەوەر: ڕەنگکاری.

بابەت: ڕەنگکاری بە کەرەستەو شمەکی جیاواز.

کاتی دیاریکراو: ٤ وانە.

## ڕەنگ و منداڵ

ڕەنگ، پێکهاتەیەکی گرنگی بەردەستەی کاری هونەرییە. بێ ڕەنگ مامۆستا ناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ کەسییەتی منداڵ و پێکهاتەی ناو تابلۆکەی بکات (شێوەکان). جگە لەوەی ڕەنگ (دیاردەیەکی فیزیکییە بۆ ڕوناکی) لەهەمانکاتیشدا بەرتەکی ڕووناکی تیشی خۆرەو دواتر بەش دەبن و لێکدەبنەوە بۆ چەندین یەکەی ڕەنگی تر، کە بە ڕەنگی ئاوێزە ناسراوە. منداڵ دەتوانێت چێژ لە ڕەنگ وەرگرێت بەومەرجەی ئاستی جوانناسی بەرز بکرێتەوەو زانیاری و ئاشنایەتی بۆ پەیدا بکرێت هەروەك لە نەخشەسازی تەوەری دووەم، وانەی سێیەمدا لە وانەی ڕەنگ و پلە ڕەنگییەکاندا بە ڕوونی ئەوەمان بۆ ڕوونکردەوە. بۆیە دەبێت ئەوە بزانین، کە منداڵ ناتوانێت بە شێوەی تیۆری مامەڵەیەکی دروست و ڕاست لەگەڵ یەکە ڕەنگیەکاندا بکات. لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا هەل بڕەخسێنێ بۆ منداڵەکان، تا دەستیان بەر ڕەنگەکان بکەوێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. واتە، تا منداڵ بە شێوەی بەرجەستەو پراکتیکی دەست لە ڕەنگ و کەرەستەکان نەدات ناتوانێت لە ڕەنگ تێبگات. هەندێك لە منداڵانی کورد، تا قۆناخی باڵقبوونیش لەڕەنگ دەترسن، هەندێك جار دەگاتە قۆناخی گەورەبوونیش ناتوانن مامەڵەیەکی دروست و ڕاست لەگەڵ ڕەنگدا بکەن. هۆکارەکەشی نەڕەخساندنی بوارە بۆ منداڵ. بۆیە تا بەتەمەندا دەچێت، ئەم ترسە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و چرۆ دەکات. وانە کرداریەکان، ئەم ترسە دەڕەوێنێتەوەو ڕاهێزان بە قوتابی دەکات و ئەزمونێکی نوێ دەخاتە سەر خەرمانی بیرو هەستی منداڵەکە. مامۆستای زاناو دانای خاوەن ئەزموون، کات لەدەست نادات و هەلی زۆرتر بۆ قوتابییەکان دەڕەخسێنێت. ئەوە جگە لەوەی لە بواری ڕەنگەکانەوە زانیاری زۆرتر کۆدەکاتەوەو لە بواری دەروونیش ئەزموون دەکات و منداڵەکە لە بێ ئارامیەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی ئارام. کارزانی مامۆستای بە توانا لێرەدا دەردەکەوێت بە گۆڕینی ڕێڕەوی بیری منداڵەکان و ئاڕاستەکردنیان بەشێوەیەکی دروست و نەنواندنی لاساری لەلایەن منداڵانەوە. ئەنجام، منداڵ فێردەبێت چۆن مامەڵە بکات و چێژوەربگرێت و دواتر هەستی جوانناسی باڵا ببێت. لەکۆتاییشدا لە بەها ڕەنگیەکان تێدەگات.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

بۆ قوتابییەکان ڕووندەبێتەوە، کە ڕەنگ چەند کاریگەری هەیە لەسەر جوانی کارە هونەرییەکان.

### سوودە کارامەییەکان

بۆ قوتابییەکان ڕووندەبێتەوە، کە دەتوانن چەندین کەرەستە بەکاربهێنن لە کاری ڕەنگکاریداو تەنها پشت بە یەك سەرچاوەی کار نەبەستن.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابییەکان کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانیان بەسەر دەبەن، هاوشێوەی گەمەیەك.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- ئایا دەتوانین هەموو کەرەستەیەك بە مەبەستی ڕەنگکاری بەکاربهێنین؟

٢- چەند نموونەیەك لەو کەرەستەو شمەکانە بژمێرە، کە لای تۆ پەسەندن بۆ ئەم مەبەستە؟

٣- ئەگەر تاقیکردنەوەیەك بە ڕەنگ بکەیت، کام تاقیکردنەوەیە هەڵدەبژێریت؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

مامۆستا ئەم وانەیە دەبەستێتەوە بە تەوەری دووەم (نەخشەسازی) وانەی سێیەم – بابەتی ڕەنگ و پلە ڕەنگییەکان. هۆکاری ئەم لێکبەستنە بریتییە لە بیرهێنانەوەو پێشخستنی بواری نەخشەسازی و شێوازی کارکردن لە بواری ڕەنگکاریدا، چونکە ڕەنگ کاری نەخشەسازییەکە جوانترو ڕوونتر دەکات و ئاستی جوانناسی کارە هونەرییەکە گەشتر دەکات. کەواتە لەسەر مامۆستایە کەرەستەو شمەکی نوێ لەم تاقیکردنەوەیەدا بەکاربهێنێت، کە لەمەو پێش قوتابی هەربیریشی لێنەکردۆتەوە، بەم داهێنانە قوتابییەکان سەرسام دەکەین و ئاستی گەشەی بیرو هزریان دەجووڵێنین و بواریان بۆ دەڕەخسێنین، تا خەیاڵ بکەن بە شتە تازەو تاقیکردنەوە نوێیەکانەوە.

## چالاکی ١:

لە یەکەم چالاکیدا مامۆستا کەرەستەکانی ڕەنگکاری ڕەنگکاری ئامادە دەکات، وەك: ڕەنگی ئەکریلیك، پارچە کارتۆنی بڕاو، یان پارچە پلاستیك، قاپی یەکبار، کاغەزی سپی، یان ڕەنگاوڕەنگی جۆری (A3). مامۆستا لە هەرقاپێك کەمێك ڕەنگ ڕۆ دەکات (جاری یەکەم با بەیەك ڕەنگ کاربکەن، پاشان ڕەنگی تریان بۆ دابنێ)، دواتر داوایان لێبکە هەر قوتابییەك بیرۆکەیەك لە خەیاڵ بگرێت و هەر لە خەیاڵیشیدا پلانی جێبەجێکردن دابنێت پێش ئەوەی کارەکە دەستپێبکات. واتە قوتابییەکە فێردەکەیت پێش هەرکارێك پلانی پێشوەختە دابنێت، تا بزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ بە چی دەیکات؟ ئەم یاسایەش لە وانەکانی تردا فێربووەو لێرەدا جارێکی تر بیری دەخەینەوە. هۆکاری سەرەکی کارکردن بەم یاسایە بریتییە لەوەی، کە نابێت قوتابی لەپڕ پەلاماری کاری هونەری، یان هەرکارێکی تر بدات، تا بە باشی بیری لێنەکاتەوە، یەکەم بۆ ئەوەی کارەکە جوان و باش بێت. دووەم بۆ ئەوەی کەرەستەکان بە هەدەر نەدات. سێیەمیش فێری پلاندانان بێت.

## هۆکاری ڕوونکاری:

مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکان کار دەکات و لێیان جیا نابێتەوە، تا هەست بە دڵنیایی زۆرتر بکەن و بزانن شێوازی کارکردنەکە چۆنە؟

## شێوازی کارکردن:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات پارچە پلاستیکە کە، یان کارتۆنە بڕاوەکە بە دەستەوە بگرن و بە هێواشی لەناو ڕەنگەکەی دابنێن و پاشان شێوەی ڕاستەهێڵ، یان خڕ، یان هەر شێوەیەکی جۆراوجۆر، کە خۆیان پێیان باشە پێ بنەخشێنن، هەروەك لە وێنەی (١١– ٢) دا دیارە.



وێنەی (١١– ٢) هەنگاوەکانی ڕەنگکاری بە چەند ڕەنگێکی دیاریکراو.

## چالاکی ٢:

ئەم چالاکییە بە یەکێك لە چالاکییە زۆر سەرنجڕاکێشەکان دادەنرێت، چونکە قوتابییەکان بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە کار بکەن. سەرەتا مامۆستا کەرەستە پێویستە سەرەتاییەکان ئامادە دەکات، وەك: پاککەرەوە، ڕەنگی تێمپرا (تۆز، یان شل)، قاپێکی قوڵ، قامیشی شەربەت خواردنەوە، دەزگای کەفوکوڵکردن، کاغەزی سپی جۆری (٧٠ × ١٠٠سم).

سەرەتا مامۆستا ڕەنگ و پاککەرەوەکە دەگرێتەوەو لێکیان دەدات، تا کەفوکوڵ بکات، پاشان هەر کۆمەڵەو قاپی خۆیان دەبەن و لەسەر کاغەزەکە بە ڕەنگەکان کەفوکوڵی پێدەکەن، هەروەك لە وێنەی (١١– ٣) دا بەڕوونی دیارە. سەرەتا هەر قوتابییەك قامیشی خۆی بەدەستەوە دەگرێت و لەناو کەفاوەکەی وەردەدات، پاشان بە لێویەوە دەگرێت و بە هێواشی فوی پێدادەکات و کەفی ڕەنگاوڕەنگی فرە تۆن دەردەکات و تنۆك ئاسا هاوشێوەی بڵقی سەرئاو دەکەوێتە سەر کاغەزەکە. دواتر لێی دەگەڕێن تا وشك دەبێتەوە، چونکە ئەگەر بڵقی زۆر بخەینە سەر کاغەزەکە، ئەوا کاغەزەکە دەخوسێتەوەو ڕەنگەکانیش تێکدەدات و پیسی دەکات، بۆیە لەسەر مامۆستایە پێش کارکردن هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانە بە قوتابییەکان بڵێت، تا هەڵپە نەکەن لە کاتی کارکردنداو کاتیان بەفیڕۆ نەچێت و کارەکەشیان لێ پیس نەبێت. دوای تەواو بوونیش قوتابییەکان دەتوانن وێنەی تایبەتی خۆیان بڕن و بیخەنە سەر وێنە تەواو بووەکە، تا وەك خۆشۆردن لەناو (بانو) دەرکەون. ئەم جۆرە نیگارکێشانە، وەك گەمەیەك دەردەکەوێت و قوتابییەکانیش حەزی پێدەکەن، چونکە ئازادی زۆریان پێدەبەخشێت لەکاتی کارکردندا.







وێنەی (١١– ٣) هەنگاوەکانی ڕەنگکاری بە کەف و قامیش.

هەر بۆ تەواوکردنی هەنگاوەکانی چالاکی دووەم، مامۆستا شێوازی کارکردنەکە دەگۆڕێت و لە بری قامیش، (دەسکەخرە) بەکاردەهێنێت و دەیداتە دەست قوتابییەکان، تا هەریەکەو کاری خۆی پێئەنجام بدات، ئەگەر دەسکەخرەکان بەشی ژمارەی قوتابییەکانی نەکرد (دەبێت مامۆستا پێشوەخت ڕەچاوی ژمارە قوتابییەکانی بکات)، ئەوا دەتوانێت پێشوەخت بە تێلی باریك دروستیان بکات. دوای ئەوەی مامۆستا بە هەمان شێوەی پێشوو ڕەنگەکە دەگرێتەوە بە (زاهی قاپشۆردن) و بە هەمان ڕێچکە قوتابییەکان ڕەنگکارییەکە لەسەر کاغەزەکە ئەنجام دەدەن، وەك لە وێنەی (١١– ٤) دا دیارە.



وێنەی (١١– ٤) هەنگاوەکانی ڕەنگکاری بە دەسکەخرەو کەف.

## ئاسایش و خۆپارێزی

هەروەك دەزانین لەناو پۆل و کۆمەڵەکاندا لەوانەیە قوتابی (جرپن)[*] ی تێدابێت و هەڵەشەکارانە ڕەفتار بکات و نەتوانێت ڕەفتاری خۆگری بنوێنێت. بۆیە لەسەر مامۆستایە چاوێکی لەسەر بێت، تا ئەوانی تر هەراسان نەکات و لە ناو پۆلدا پشێوی دروست نەکات. هەروەها داوا لە قوتابییەکان بکە یاری بە کەفکە نەکەن، نەکا بپرژێتە ناو چاویانەوە، یان هەڵی مژن و بچێتە قورگیانەوە.

---

[*] جرپن: واتە منداڵی تەڵەکەبازو بزێو، یان کەسی لاسار و بزێو. لەبری وشەی (جانح) عەرەبی و (Delinquent) ی ئینگلیزی بەکارهاتووە. شێخ محمدی خاڵ. فەرهەنگی خاڵ، لا١٢٠، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

## چالاکی ٣:

مامۆستا لەم چالاکییەدا دەبێت هەوڵبدات قوتابییەکان باشتر ڕابهێنێت، تا بیرو هۆشیان زیاتر کۆبکەنەوەو کارەکانیان بەرەو باشترو جوانتر بەرن. واتە کارکردن بەڕەنگ لەم قۆناخەدا پێویستی بە لێوردبوونەوەو ددان بەخۆداگرتن و پشوودرێژی زۆرتر هەیەو دەبێت مامۆستا ئەم زانیارییانە بە قوتابییەکان بڵێت پێش کارکردن. مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات، کە نەخشەسازی بۆ چەند کارێکی ڕازاندنەوە ئەنجام بدەن، هەروەك لە وێنەی (١١– ٥) دا دیارە، کە شێوە دروستکراوەکان ڕازاونەتەوەو هاوشێوەی تەوەری دووەم، بەڵام بە ڕەنگکاری ئەنجام دراون. هەروەها لەم وانەیەدا ڕەنگی ئەکریلیك و فڵچەو پالێت و کاغەزی جۆری (A4 – A3) بەکاردەهێنرێت. منداڵەکان ئاڕاستە بکە، تا ڕەنگەکان زۆر پاك و بێگەردبن و سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نەدەن و تێکەڵ بە یەکتر نەبن. ئەم شێوازی کارکردنەش پێویستی بە نواندنی ڕەفتاری نەرم و نیانییە. دوای تەواوبونی سەرجەم کارەکان، مامۆستا کۆیان دەکاتەوەو لە پڕۆژەیەکی هونەری گەورەدا لێکیان دەدات و تابلۆیەکی هونەری ناوازەی لێ پێکدەهێنێت و ئاستی جوانییەکەی باشتر دەردەکەوێت. واتە مامۆستا دەتوانێت هەروەك لە وێنەی (١١– ٥) دا دیارە، بەشێك لە وێنەکان پێکەوە بلکێنێت و هەندێکی تریشیان با لێکجیابن (کەمێك سنووریان هەبێت)، بۆ ئەوەی ئاستی جوانییان دانەبەزێت. ئەمەش بەپێی جۆری تابلۆکان ڕێك دەخرێت و مامۆستا خۆی بڕیار دەدات چی بکات؟




وێنەی (١١– ٥) چەند کاری پاکی ڕەنگکاری قوتابییان لە نمایشێکی پڕو لێکدراودا.

هەروەها بۆ تەواوکردنی چالاکی سێیەم، مامۆستا بڕیار دەدات سێ جۆر کەرەستە پێکەوە گرێ بدات، تا قوتابییەکان، وەك بیرهێنانەوەیەك بۆ کارەکانی ڕابردوویان و دواتریش، تا بزانن، کە دەتوانن کارێکی نوێ بە بیرۆکەی تازە ئەنجام بدەن. واتە مامۆستا (لکاندن، ڕەنگکاری، نەخشەسازی، کەرەستەی پیشەسازی) پێکەوە گرێ دەدات و پێشوەختە زانیاری تەواو لەسەر چالاکییەکە دەداتە قوتابییەکان. ئەمەش وا دەکات قوتابییەکان بە جۆش و خرۆشەوە چالاکییەکە ئەنجام بدەن و پەرۆشی خۆیان دەربڕن بۆ کارە هونەرییەکە، وێنەی (١١– ٦). قوتابی حەز دەکات لە هەر وانەیەك و لەهەر چالاکییەکدا کەرەستەو شمەکی نوێ تاقیبکاتەوە، ئێمەش هەوڵدەدەین ئەم کارە ئەنجام بدەین، تا ئەوانیش تووشی بێزاری و دڵەڕاوکێ نەبن.

**ڕەنگکاری لەسەر کەڤەری سیدی بەتاڵ:** مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت هەریەکەیان کەڤەرێکی بەتاڵ لەگەڵ خۆیان بهێنن و پاشان لە پۆلی چالاکییەکاندا کاری هونەری جیاوازی لەسەر ئەنجام بدەن، وێنەی (١١– ٦)، یان دەتوانن لەسەر کاغەز تابلۆ بە ڕەنگ بکێشن بە شێوەیەکی ڕازاندنەوە و پاشان دوای وشك بوونەوە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ببڕن بە شێوەو قەبارەی جیاواز، جا ئەم شێوانە نەخشەسازی ئەندازەیی بن، یاهەر شێوەیەك، کە قوتابییەکان خۆیان حەزی پێدەکەن. بۆیە پێویستە مامۆستا تەوەری نەخشەسازی بە بیر قوتابییەکان بهێنێتەوەو لەم کارەدا سوودی لێوەربگرن، تا کارێکی هونەری جوان بەرهەم بهێنن و کارێکی جیاواز لەوانی تر ئەنجام بدەن. ئەوە نموونەیەکە بۆ کارکردن، بۆیە مامۆستا ئازادە چ بیرۆکەیەکی تر لەو بوارە هەڵدەبژێرێت؟ بەڵام پێویستە زیادەڕەوی نەکات لە کاتی کارکردندا و دەبێت کارەکە لە ئاست توانستە ئەقڵی و لەشەکییەکانی قوتابییەکاندا بن.



وێنەی (١١– ٦) ڕەنگکاری بە کەرەستەو شمەکی جیاواز.

## چالاکی ٤:

مامۆستا هەوڵدەدات لەم وانەیەدا لەگەڵ ڕەنگکارییەکەدا خوریش بێنێتەوە ناو کارەکە، هاوشان لەگەڵ لکاندن و نەخشەسازی و ڕازاندنەوەدا. مامۆستا داوا دەکات هەریەکێك لە قوتابییەکان نەخشەسازییەك دابڕێژێت بۆ دروستکردنی بەڕەیەك، یان فەڕشێکی کوردی بە نەخشونیگاری خۆیان، بۆیە داوا لە قوتابییەکان بکە هەموو هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ، تا فەڕشێکی جوانی پاکی کوردی بەرهەم بهێنن، هەروەك لە وێنەی (١١– ٧) دیارە. ئەم پرۆکەیە وا دەکات قوتابییەکان شانازی بە خۆیان و فۆلکلۆر و کەلتورەکەیانەوە بکەن، بۆیە لێرەدا هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ سەرخستنی پڕۆژەکەیان. سەرەتا کاغەزێکی سپی شێوە لاکێشە سازدەکەن، دواتر نەخش و نیگارەکان بە حەزی خۆیان دەبڕن بە سوود وەرگرتن لە تەوەری دووەم. ئنجا نەخشەکان بە ستیك لەسەر کاغەزەکە دەچەسپێنن و لە کۆتاییشدا گوڵێلکەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ کەمەری فەڕشەکە بە خوری دروست دەکەن.

وێنەی (١١– ٧) نەخشەسازی و ڕازاندنەوە لە فەڕشێکی کوردیدا



## ئەركی ماڵەوە

ماموٚستا ئەركێكی دڵخوازانە دەداتە قوتابییەكان، تا لە ماڵەوە بە دڵی خوٚیان كارێكی هونەری جوان ساز بكەن، بە شێوەیەك پێشنیارییان بوٚ بكە، تا بە شێوەی ململانێ لەگەڵ یەكتری دەربكەون و هەوڵ بدەن بوٚ كێشان و سازكردنی باشترین كاری هونەری. هەروەك وێنەی (١١– ٨). مەبەست لەم كارەش چاندنی ڕوحی ململانێیە لەناو قوتابییەكاندا، تا بتوانن كێبڕكێ لەگەڵ یەكدا بكەن لە پێناو سازكردنی جوانترین و پاكترین و هونەریترین كاری هونەری لەو بوارەدا، بەڵام دەبێت ماموٚستا ڕەچاوی ئەوە بكات ئەم ململانێیە نەبێتە هوٚی دروست بوونی ڕق و كینە، چونكە ئەگەر هەلت ڕەخساند بوٚ ئەم كارە، ئەوا بێشك، هەموو پروٚسەكەو ئنجا وانەكەشت دەخەیتە بەر مەترسی. واتە دەبێت زوٚر بە وریایی مامەڵە بكەیت و بزانیت چی دەڵێیت؟ چوٚن قوتابییەكان ئاڕاستە دەكەیت؟ تا پەیامەكەت بە ڕوونی و بە ئاشكرا بگاتە قوتابییەكانت. كاتیان پێ بدە، تا كارەكە ئەنجام بدەن و دواتریش لە كاتی وەرگرتنی كارەكاندا، هەروەك گەمەیەك مامەڵە لەگەڵ چالاكییەدا بكە، بوٚ نموونە بڵێ: من گووتم ئێوە دەتوانن ئەم كارە ئەنجام بدەن! من هەرزوو زانیم باشترین كاری هونەریم بوٚ ساز دەكەن! بەڕاستی سەلمانتان ئێوە دەتوانن باش بیربكەنەوە! ئێوە هەمووتان لە باشترینەكانن. لێرەوە قوتابییەكان هەست بە خوٚشی دەكەن و هەست دەكەن كەسێك ڕێز بوٚ كارەكەیان دادەنێت و بێ بەها سەیری خوٚسان و كارەكەشیان ناكات.





وێنەی (١١– ٨) شێوەیەكی ڕەنگكاری، كە منداڵ زوٚر حەزی پێدەكات و جوٚرێكە لە نەخشەسازی و ڕازاندنەوە بە ڕەنگی ئەكریلیك، یان ڕەنگی ئاوی. پاكی ڕەنگەكان مەرجی جوانی كارەكەیە.

# فەرهەنگۆك

| ئینگلیزی | عەرەبی | كوردی |
|---|---|---|
| Stability | استقرار | ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتكەگرتن |
| Liberty | الحرية | ئازادی |
| Level | مستوى | ئاست |
| Attention | الانتباه | ئاگاداری، وریاكردنەوە |
| Moral | اخلاق | ئاكار |
| Instrument | آلة، أداة | ئامێر، ئامراز، كەرەستە |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Preface | تمهيد | ئامادەكردن، ئاسانكردن |
| Preliminary | تمهيدي | ئامادەكاری، ئامادەیی |
| Thickness | ثخانة | ئەستوری، سەختی، دژوار |
| Tendency | مَيل، اسلوب | ئارەزوو، حەز، مەبەست |
| Experience | اختبار، تجربة، خبرة | ئەزموون (تاقیكردنەوە) |
| Experimental | اختباري، تجريبي | ئەزموونگەری |
| Result | نتيجة | ئەنجام |
| Imagination | التخيل | ئەندێشەكردن، خەیاڵكردن |
| Imagination | خيال، تصور | ئەندێشە، خەیاڵ |
| Envy, Jealousy | حسد، غيرة | ئێرەیی، ئیرەیی، چكۆسی، كندۆسی، حەسوودی |
| Handdicraft | أعمال يدوية | ئیشی دەست، كاردەستی |
| Valuable | قيم | بایەخدار، بەنرخ |
| Self - conscious | واع ذاته | بەخۆزان |

| | | |
|---|---|---|
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردكردن، بەراوردكاری |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەك |
| Voluntary Reaction | الاستجابة الارادية | بەرتەكی خوازەكی |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، إحداث، تقليد، تخليق | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Generalization | التعميم | بڵاوكراوە (گشتاندن) |
| Basis, Basics | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعلم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | الوان بوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | الوان جواش | بۆیەی گواش |
| Water color | الوان المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | الون اكريليك | بۆیەی ئەكریلیك |
| Quick Thinking | التفكير السريع | بیركردنەوەی خێرا |

| | | |
|---|---|---|
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Ideas | أفكار | بیرۆکە |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری، (هەڵچوون بۆ ئەم دەستەواژەیە بەکارنایەت چونکە مرۆڤ هەڵناچێت بەڵکو تاوێك گیر دەبێت) |
| Emotions | انفعالات | تاوگیرییەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Translation | ترجمة | تەرجومە، (وەرگێڕان) |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Fear | خوف | ترس |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای ڕاهاتن، توانای خۆگونجاندن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینییەکان، پێکهاتە بەرببینیەکان |
| Anger | غضب | توڕەیی |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Observation | مراقبة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |

| | | |
|---|---|---|
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعًن | تێڕوانین، دیقەتدان، تێبینیکردن |
| Comprhension | استیعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Rivalry | تناحر | تێك بەربوون |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Destruction | هدم، تخریب، تدمیر | تێکدان، ڕووخاندن |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێکگەیشتن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقڕژان (تێکهەڵپڕژان) |
| Learning theory | نظریة التعلم | تیۆری فێربوون |
| Reward | ثواب، مکافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقایة | پاراستن |
| Hindsight | الاستبصار الخلفي | پاشبینی |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Background | خلفیة | پاشخان، پاشینە |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن، گەشەکردن |
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |

| | | |
|---|---|---|
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعميق | پتەوكردن، بەهێزكردن |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية ديناميكية | پڕجووڵە، كەسێتی پڕجووڵە، جرپن |
| Program | برنامج | پڕۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برامج تعليمية | پڕۆگرامی فێركاری |
| Plan, policy, project, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، مشروع، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Classification | تصنيف | پۆلێنكردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسكردن |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقلآنە |
| Artisan | حِرَفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزو نزم |
| Identical | مطابق | پێكچوو |
| Structure | بنية | پێكهاتە |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێكهاتە ڕووتەڵەكیەكان |
| Artistic elements | العناصر الفنية | پێكهاتە هونەریەكان |
| Structure | تركيب، بُنية | پێكهاتە، پێكهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیولۆجیەكان، زیندەكی |

| | | |
|---|---|---|
| Body | جسم | جەستە، لەش، بەدەن |
| Physical | جسدي | جەستەیی، لەشەکی، تەنیەتی |
| Delinquent | جانح | جرِن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرِنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم جمال | جوانناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| Desire, inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الأحلام | خەون، خەونبینی |
| Self realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self- centeredness (Autocentrism) | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص من الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان |

| | | |
|---|---|---|
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن لە خود |
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسك) |
| Self acting | ذاتي الفعل، آلي | خۆکار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆکاری |
| Self denial | انكار الذات | خۆنایاندن، نکۆڵی لەخۆکردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Egoism | انانية | خۆویستی، (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الأسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Distribution | توزيع | دابەشکردن |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریك کردنەوە، جیاکردنەوە |
| Invention | ابداع | داهێنان |

| | | |
|---|---|---|
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Stupid (Moron) | الغبي، (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژك، کەودەن، گەوج |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيء في باطن الذات | دەروونزا |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| body | هيئة | دەستە |
| Handmade | يدوي | دەستکرد |
| Artificial | إصطناعي | دەستکرد، دروستکراو |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | غنى، إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندکردن |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستکردنی هێما |
| Mental bygiene, Psychological health | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، دروستی دەرونایەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانە (خۆبەخش) |
| Mental retardation | التاخر العقلي | دواکەوتنی هۆشەکی |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |

| | | |
|---|---|---|
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، حضارة | ژیاری، ڕۆشنبیری |
| Environment | البيئة | ژینگە |
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕا ڕا، دوودڵ |
| Adornment | زينة | ڕازاندنەوە |
| Ornamentation | تزيين، تزين، (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە |
| Ornament | زخرفة | ڕازاندنەوە |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | واقعي، حقيقي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێك |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاکێشان، درێژبووەوە، کشان |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين، توجيه | ڕاهێنان |
| Integration | تكامل | ڕەخسکان |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتار بلاو، ڕەفتاری پەرشوبلاو، ڕەوشتی پەرتوبلاو |

| | | |
|---|---|---|
| Behaviour | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتاریەتی، ڕەوشتایەتی |
| Instinct | غريزة | ڕەمەك |
| Paint, color | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ |
| Daltonism<br>Achromatism | عمى الالوان<br>عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Cool colors | الألوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary colors | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |
| Coloring, coloring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بە شێوەی هونەری |
| Tempra colors | الألوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Pastel color | لون الباستيل | ڕەنگی پاستیل |
| Oil color | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass color | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Gouache colors | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Fresco colors | الوان الفريسكو، الألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صَبَغَ، صِبغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Water colors | الألوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic color | الون اكريليك | ڕەنگی ئەکریلیك |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەك، (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |

| | | |
|---|---|---|
| Attribution | نسب | ڕێژه |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیره |
| Arrangement | ترتیب، تنظیم | ڕێکخستن، سازکردن |
| Labial | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانه، باخچەی منداڵان<br>زارۆك: بە کرمانجی یانی منداڵ<br>خانه: بە هەورامی یانی ئەو<br>شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان<br>خانو. (زارۆخانه) کتومت له<br>بڕی وشه ئینگلیزییەکە<br>دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمان گرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زمانناسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Brawler | مشاكس | سەرکێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان،<br>لێوردبونەوە |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |

| | | |
|---|---|---|
| Inspiration | الهام | سرووش |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانه |
| Triangle | مثلث | سێگۆشه |
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیی، لێزانی |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Agitation, disturbance | اضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Style, method, manner, way, mode, technique | أسلوب، نمط، سلوك، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگا |
| style, pattern, type, fashion, manner, modality | نمط | شێواز، چەشن، بابەت، شێوە |
| Direct style | الاسلوب المباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال هندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمك، بیرۆکە |
| Square | مربع | چوارگۆشه |

| | | |
|---|---|---|
| Taste | ذوق، (تذوق الفني) | چێژ |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Humour, Funny mock | سُخرية، سخرَ | گاڵتە: بەبابەتێکی هونەری یان ئەدەبی کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناك، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجوڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیك |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێك پەنگدەخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | انعزال اجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |

| | | |
|---|---|---|
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ |
| Frottage | فروتاج | فروتاج |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Learning | تعليم | فێربوون |
| Education | تعليم | فێربوون |
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Pyramid | هرم | قوچەك |
| Gulp | بلع | قووتدان |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Interaction | تفاعل | کارلێککردن |
| Metal | معدن | کانزا |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | کەش، بارودۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵك وەرگرتن، بەکارهێنان |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجراءات، عملية، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پڕاکتیکی |
| Short | قصير | کورت |
| Barrier | حاجز، عقبة | کۆسپ، بەربەست |

| | | |
|---|---|---|
| Society | مجتمع | كۆمەڵ، كۆمەڵگە |
| Formation | تكوين، تشكيل | كۆمەڵەكردن، كەڵەكەكردن |
| Problem | مشكلة | كێشە، گیروگرفت، ئاریشە |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | كێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Skewness, deviation | انحراف | لادان |
| Aberration | جنوح، انحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەركێش، ڕێزپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكاة | لاساییكردنەوە، لاساكردنەوە، دەمەلاسكێ، چاولێكەری |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفاءة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتویی |
| Proceedings, procedure, steps | إجراءات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Skilful | بارع، مُتفنن | لێهاتوو |
| Muscle | عضلة | ماسوولكە |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، كۆڵدان، شەكەت بوون |
| Mongolism | المنغولية | مەنگۆلی |
| Backward child | طفل متخلف | منداڵی دواكەوتوو، بیركۆڵ |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| Brain | دماغ | مێشك، دەماغ |
| Unfit | غير مناسب | ناجۆر |
| Agnosticism | اللاأرادية | نازانمكاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناكۆكی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناكۆكی، ململانێ، كێشە |

| | | |
|---|---|---|
| Alienation | اغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، کەسێکی هۆشرۆیشتووە |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری (بێ بەهرە) |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Design | تصميم | نەخشەسازی |
| Embroidery | تطريز | نەخشکاری بە دەرزی و دەزوو، دەزوکاری، دەرزیکاری |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Mores, tradition | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت)، عورف |
| Habit | عادة | نەریت، خوو |
| Dissonant | مُتنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز، نەگونجاو |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |
| Projection | اضفاء، الاسقاط | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Assessment | التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| An example | مثال | نموونە |
| Sample | عينة | نموونە |
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرك |
| Oil painting | رسم بالوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الأطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |

| | | |
|---|---|---|
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدیرن، نویٚ |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆ نەکردن |
| Feelings | الأحاسيس | هەستەکان |
| Consciousness | احساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | احساس | هەستکردن |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Educational bags | حقائب تعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Cavalletto, Stand. | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، اتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Art | الفن | هونەر |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Artistic | فني | هونەری |
| The art is the language of communication | الفن لغة اتصال | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | الفن التجريدي | هونەری ڕووتەڵەك |
| Graphic arts | فن جرافيك | هونەری گرافیك |
| Modern art | فن معاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |

| | | |
|---|---|---|
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| Slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەرۆك، كرۆك |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | اثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | استجابة مرجأة | وڵامدانەوەی دواخراو، بەرتەكی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | الخيال، تخيل | وێناكردن، ، خەیاڵكردن، وێنا، خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Image mental | صور ذهنية | وێنەبیریەكان |
| Illustration | رسوم إيضاحية | وێنەی ڕونكاری |
| Attitudes | اتجاهات | ئاڕاستەكان |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەكەكانی وانە |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەكەكانی وانە |
| Vocabulary | مفردات | یەكەی زمان |

## سەرچاوە کوردییەکان


- ئۆسه ویدن. زمان و فێربوون، ئاخاوتن له زارۆخانەو سالآنی بەرایی فێرگەدا، ت: ئاسۆس شەفیق، تۆڕی فێرکاری برادۆست، ستۆکهۆڵم– ٢٠١٦
- د.تاهر، عبدالستار. قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٨٥.
- د.عمر، محمد– فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، له بلآوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣
- ڕەسولّ، وەهبی. ڕەنگ، له بلآوکراوەکانی پڕاوگەی نزاران: کۆمپانیای ئارت گرافیک، سلێمانی، ٢٠١٥.
- سەعید، فایەق. تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار – چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی، ٢٠٠٤
- بیرکاری بۆ هەمووان، پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، کتێبی قوتابی – وەزارەت پەروەردە– بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان، چ٩، هەولێر، ٢٠١٦.
- جۆن، ستیڤن کلبەرت. زمانی جەستەی ڕەنگ، تێگەیشتن له پەیامە نهێنییەکانی مرۆڤ. و: مینه – کەمال حەسەن. له بلآوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنه. سلێمانی، ٢٠٠٧
- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی. وەزارەتی پەروەردە– بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان، چ٩، هەولێر، ٢٠١٦.
- زانست بۆ هەمووان، پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، کتێبی قوتابی. چ٩، وەزارەتی پەروەردە– بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان، هەولێر، ٢٠١٥.
- سەعید، فایەق، قوتابخانەکان ڕوویان له قیبله نییه، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی ئاراس – هەولێر، ٢٠٠٨
- سیستەمی فێرکاری، ئا: هۆمەر قەرەداغی، چ٢، کۆمەك، کوردستان – ٢٠٠٦.
- سلێمان، حسن، سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری تەشکیلی – و. نەژاد عزیز سورمێ – چ١ – بەغدا، ١٩٨٦
- شێخ محەمەدی خالّ. فەرهەنگی خالّ، چ٢، له بلآوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- عبدالله، مجید– فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی–کوردی، چ٢، له بلآوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤
- عەلی، خەلیل. بنەماکانی پەروەردەی هونەر له زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنه، سلێمانی، ٢٠١٦
- عەلی، خەلیل. پەروەردەی هونەری له باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤
- محەمەد، مەسعوود– زاراوەسازی پێوانه، چ٢، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١
- مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لەبلآوکراوەکانی خانەی چاپ و بلآوکردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.


## سەرچاوە عەرەبییەکان


- البسیوني، محمود. الفن و تربیة الوجدان: دار المعارف – ١٩٨٥.
- أبو شعیرة، خالد. مدخل الی التربیة الفنیة، ط١، دار جریر– عمان، الأردن، ٢٠٠٠.

– أحمد حافظ و آخرون. التصميم في الفن التشكيلي، ط١، علم الكتب، القاهرة، ١٩٨٥.
– البسيوني، محمود. الرسم في المدارس الابتدائية، ١٩٨٥.
– أنور محمد الشرقاوي. علم النفس المعرفي المعاصر، الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٢.
– البعلبكي، منير (المورد) قاموس انكليزي – عربي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٥.
– المهنا، عبدالله. التخطيط لتدريس التربية الفنية –مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٩٣.
– التربية الفنية، دليل المعلم، الصف الثالث، وزارة التربية و التعليم، ادارة المناهج و الكتب المدرسية، عمان، ٢٠٠٧
– بدري، مالك. سايكولوجية رسوم الاطفال – دار الفرقان للنشر و التوزيع، ٢٠٠١.
– جاردنر، هوارد.كتاب نظرية الذكاءات المتعددة – مصدر: الملتقى التربوي – من قسم الكتب الكترونية .٢٠١١
– جودت سعادة. تعليم المفاهيم للموضوعات المختلفة، دار الكتاب، بيروت – ١٩٨٧.
– جودت سعادة. مقدمة في التربية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٣.
– خميس، حمدي. طرق تدريس الفنون لدور المعلمين و المعلمات العامة – المركز العربي للثقافة و العلوم، بيروت، لبنان.
– خميس، حمدي. طرق تدريس الفنون، ط٣، ١٩٩٣
– د. محمد الحيلة. مهارات التدريس الصفي، دار المسيرة للنشر، عمان، ٢٠٠٢.
– د. رفعت الزغلول– عماد الزغلول. علم النفس الادراكي، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٣.
– د. ربحي عليان – د. محمد الدبس. وسائل الاتصال و تكنلوجيا التعليم، دار صفاء للنشر، عمان، ٢٠٠٣.
– د. محمد الخوالدة. مقدمة في التربية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٣.
– دولة الامارات العربية المتحدة، منهج التربية الفنية للتعليم الأساسي، ط٣، ١٩٩٦.
– ديون، جون. الفن خبرة – ترجمة: زكريا ابراهيم –دار النهضة العربية – القاهرة – ١٩٦٣.
– ريد، هربرت. الفن اليوم – ترجمة: محمد فتحي و جرجيس عبده –دار المعارف، مصر، ١٩٨٥.
– روبرت رتشي. التخطيط للتريس، ت: محمدامين المفتي و آخرون، دار ماكروهيل للنشر، القاهرة، ١٩٨٢.
– زكي، لطفي محمد. نظريات في السلوك الفني و تطبيقاتها التربوية – دار المعارف، قاهرة: ١٩٦٩.
– زهراء عاطف زكريا. تنمية قدرات الطفل –الدار الوطنية الجديدة، الرياض.
– سوزانا ميلر. سيكولوجية اللعب، ت: يسي، رمزي حليم، ط١، المكتبة العربية، القاهرة، ١٩٧٤.
– صنورة، مصري عبدالحميد. سيكولوجية التذوق الفني – دار المعارف، القاهرة – ١٩٨٥.
– عاقل، فاخر. معجم علم النفس، (انكليزي– فرنسي– عربي) دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧١.
– عبدالرحمن أحمد الأحمد و آخرون. المنهج و الأهداف التربوية، مؤسسة الكويت للتقدم، الكويت، ١٩٨٧.
– عبدالمطلب أمين القريطي. مدخل الى سيكولوجية رسوم الاطفال – دار المعارف، مصر: ١٩٩٥.
– عبدالملك الناشف، القيم و قابليتها للتعليم و التعلم، مجلة الطالب المعلم، مصدر التربية، الأوزوا، اليونسكو، العدد الأول، نيسان – ١٩٨١.

– عبدالستار ابراهيم و محمد فرغولي. السلوك الانساني، نظرية علمية، دار الكتب الجامعية، القاهرة، ١٩٧٤.
– عبدالفتاح رياض. التصوير الملون. ط١، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٥.
– العشماوي، محمد زكي. فلسفة الجمال في الفكر المعاصر. دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠.
– فليب فنكس. فلسفة التربية، ت: محمد النجيحي، دار ماكروهيل، فرانكلين، القاهرة،١٩٨٥.
– فرج، صفوة. الذكاء و رسوم الاطفال – القاهرة – ١٩٨٦.
– لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه – ترجمة: سامي جمال و يوسف قطف – مكتبة الاداب، مصر، ١٩٦١.
– مجاهد، عبدالمنعم. دراسات في علم الجمال. دار الثقافة، القاهرة، ١٩٩٠.
– محمد، علي عبدالمعطي. الابداع الفني و تذوق الفنون الجميلة، الأزرايطة: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠.
– محمد حماد و محمد فتحي. التشجير المعماري، ط١، دار النشر للجامعات المصرية، القاهرة، ١٩٧١.
– مطر، أميرة حلمي. علم الجمال و فلسفة الفن –دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٩.
– منال عبدالفتاح. المهارات الاساسية للفنون البصرية لطفل الروضة – مكتبة زهراء الشرق، ٢٠٠٥.
– منال عبدالفتاح، عواطف ابراهيم. المهارات اليدوية بين النظرية و التطبيق – مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٩٥.
– هويمان، دنيس. علم الجمال، ت: أميرة حلمي طه. مراجعة أحمد فؤاد الأمواني. دار احياء الكتب العربية، القاهرة، ١٩٥٩.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Bedwell, L.E., Et Al, "Effective Teaching Preparation and Implementation", Spring Field, Illinois, Chales C. Thomas Publishers, 1991.
- Brace, Joyce, Marsha Weil, Models of Teaching, Prentice Hall Inc., Englewood Eliffs, N.J. 1980.
- Brt,C,the Structure of the mind,brit, J.Educ. Psychol.,19,1949,pp.100-112.
- Caroline Eael. Introduction to Silk Painting- Classic Crafts. N.P.N.D.
- Charles Harrison and Paul Wood. Art in Theory (1990) an Anthology of Changing Ideas.
- Charlotte-Hug. Margo Veillon.N.P.N.D.
- Edwin Moore. Flona Mackenzie Moore. Concise Dictionary of Art and Literature.N.P.N.D.
- Eggen, P.D. and Kauchak, D.P: Strategies for Teachers. Teaching content and Teaching Skills. Boston: Allyn and Bacon. 1996.

- Feinberg, Sandra; Kuchner Joan F. and Feldman, Sari: Learning Environments for Young Children. Chicago, American Lebrary Association, 1998.
- Fisher, Bobbi: Joyful Learning in Kinergarten, Revised Edition. New York, Heineman, 1998.
- Grer. W. Art as a Basic (The Reformation in Art Education) Bloominaton & Phi Kappa Education Foundation. N.D.
- Ian Sicdaway Sunburast Art Series (Pastils). N.P. 1996.
- Ian Sidaway. Sunburst Art Series (Water). N.P.1996.
- Ian Sidaway. Sunburst Art Seuies (Oils). N.P. 1996.
- James C. Stone and Frederick W. Schneider, Foundations of Education, New York Thomas Y. Crowell Co., Inc. 1971.
- James Rath (Editor) Studying Teaching, Prentice- Hall Inc., Englewood Eliffs, N.J., 1971.
- John Henn. Introduction to Drawing- a Step By a Step Guide.N.P.N.D.
- John Henn. Introduction to Painting- a Step By a Step Guide.N.P.N.D.
- John S., Brubacher, Modern Philosophies of Education, New York: McGraw- Hill Book Company, Inc., 1962.
- Kackny; Jeffrery Quality in School Environments: Amultiple, Case Study. A: 4963. 12, no, 57, DAL, ph.D, Milwaukee, 1996.
- Kestrom, J.M. (1998) the Untapped Power of Music: Its red in the Curriculum and Its Effect on Acadmic Achievement. Nassp Bullentin, 82,34-43.
- Lendal Haskell. Art in Early Childhood Year.N.P.N.D.
- Leo Carles Daley, Philosophy of Education, N.Y: College Notes, Inc., 1966.
- Lewine, M.A., Cognitive Theory of Learning, N.Y. Weley, 1975.
- Mcfee Degge &, June, Regent Art. Culure And Encironment Acatalyst for Teaching Kendall, UI.S.A Hunt publishing Company. 1980.
- Murphy. N. "Helping Per Service Teachers Master Authentic Assessment for the Learning Cycle Model in: Behind the Methods Class Door, Schfer. L. (E D). U.S.A: ERIC Clearing House for Scince, Mathematic And Environmental Education. 1994.
- Nancy R. Smith. Experience and Art (Teaching Children to Paint).N.P.1983.
- Petra Bosse: Salt Dough,Condon Newyork, Sydney, 1996.

- Robert M., Gane, Essentials of Learning for Instruction, Holt Rinehart and Winston, 1975.
- Sally Moomaw and Brendahieronymus. More Than Painting (Exploring to Wonder of Art in Preschool Land Kindergarten).N.P.1999.
- Shertzer, B, and Stone, S, Fundamentals of Guidance, Houghton Mifflin, Co, 1981.
- Smith Othanal, B. et.al., Fundamental of Curriculum Development. Wordbook Com. 1957.
- Spodek, Bernard; and Saracho, Olivia N.: Issuse in Early Childhood Curriculum. New York, Teachers College Press, 1991.
- Stewart, Eric Lane (1991). Using Music in the Classroom, Mathematics Teacher, V.84,N.8,Nov.
- T.W. Moor, Educational Theory: An Introduction, Routhedges and Kagan Paul, London, 1974.
- The international Encyclopedia of Education. Research and Studies V6 M-O, 1985.
- Thomassina Smilh: Finger Puppet London, Newyork, 1996.
- Travers, Essemtial of Learning, N.Y. MacMillan, 1977.
- Tuman Donna Marie. Subject Matter and the Fomal Artistic Characteristics of, Dal – a 59/07, Dissertation Abstract International, Childrens Drawing Colunbia University Teachers College, 1999.


- Tuman Donna Marie. Subject Matter and the Fomal Artistic Characteristics of, Dal – a 59/07, Dissertation Abstract International, Childrens Drawing Colunbia University Teachers College, 1999.


- Waxman, H.C. and Walberg, H.J: New Directions for Teaching Practice and Research. McCutchan Publishing, Berkeley C A. U.S.A, 1999.
- William Travis Hanes III. World History (Continuity and Change) USA: Rinehart and Winstion 1997.
- Wolff. Th.F.and Geahigan, G.Art Criticism and Education. USA: The University of IIlinos.1997.
- Wood, D.Drawing Research and Development (Art & Design Education). USA: N.P.1992.
- Zelanki, P.and Fisher, M.P.The Art og Seeing. USA: NJ. Prentice-Hall.1994.